دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

هەینی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٠ ـ ٢٠ی ژانویە ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٧٥ | نرخ: ١٥٠ تمەن

## بریتانیا: ئێران بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران هاوکاریی سووریەی کردوە

دیوید کامێرون، سەرۆک وەزیری بریتانیا دەڵێ کە وڵاتەکەی دەبێ هاوئاهەنگ لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە کردەوە رۆڵی زیاتر لە گەمارۆ خستنە سەر سووریە ببینێ.

دیوید کامێرون رۆژی چوارشەممە لە پارلمانی بریتانیا، سەرکۆماری سووریەی وەک دیکتاتۆرێ چارەڕەش ناوبرد و گوتی کە بریتانیا دەبێ ڕێچکەیەک بگرێتە بەر کە لە ڕەوتی گەمارۆکان دژی سووریەدا دەست بەسەر هەموو داراییەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دابگرێ و سەفەری بەرپرسانی سووریە بۆ بریتانیا قەدەغە بکا.


سەرۆک وەزیری بریتانیا هەروەها بە ڕەخنە گرتن لە هاوپەیمانانی سووریە پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە خەڵک دەبێ بزانن حیزبوڵڵاش هاوپەیمانی ئەم دیکتاتۆرە چارە ڕەشەیەو پشتیوانی لە کەسێک دەکا کە خەڵکی وڵاتەکەی دەکوژێ.

## لە ئێران زێڕو دولار بەرز دەبێتەوە

ڕاپۆرتەکان باس لە سەرلێشێواوی و ناسەقامگیری بازاری بورس و زێڕی ئێران دەکەن. ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی بەفرانبار پاش ئەوەی بازار هەڵکشان و داکشانێک دیسان ئاڵۆز بووەو زێڕو دولار ریکۆردێکی نوێیان تۆمار کرد. نرخی جۆرەکانی سکە گەیشتە ٨٠٠ هەزار تمەن، لە حاڵێکدا دە ڕۆژ پێشتر بە ٦٣٥ هەزار دەفرۆشرا. هەروەها نرخی دولار گەیشتە ١٨٠٠ تمەن و تەنانەت هێندێک سەرچاوە باس لە ١٨٢٠ تمەنیش دەکەن. کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرافەکان دەرکی دوکانەکانیان گاڵ بدەن و کڕین و فروشتنی ڕاگرن. کارناسانی بواری ئابووری ڕایان وایە دەبێ پارەی وشک لە کەرتی بەرهەم هێنان و پیشەسازی دا خەرج بکرێ ئەگینا پاشهاتی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە ئێستا دەبینین سێڵاوی پارەی وشک بۆ بازاری زێڕو ئەرز بووتە هۆی قەیران لە ئابووری ئێراندا.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان :

# بە بایکۆتی «هەڵبژاردن» کۆماری ئیسلامی بەتەنیا بهێڵنەوە



لە بەیاننامەیەک دا کە ڕۆژی ١٢ی بەفرانباری، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە، ئەم حیزبە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی، ڕاگەیاند. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاندوە «لەبەر ئەوەی ئەم دەورەیەش لە هەڵبژاردنی مەجلیس هیچ تایبەتمەندییەکی هەڵبژاردنیی ئازادی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی نە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و نە هیچ کام لە کاندیداکان بەرنامەیەکیان بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە قازانجی خەڵک ڕانەگەیاندوە، لەبەر ئەوەی نە کاندیداتۆری ئازادە، نە هەڵبژاردن و نە هیچ دەستەبەرێک بۆ دەسکاری نەکردنی ئاکامەکانی دەنگدان هەیە و سەرئەنجام لەبەر ئەوەی مەجلیسی ئێران هیچ سەلاحییەتێکی بڕیاردانی ئازادی نیە و هەموو بڕیارەکانی لە سەرەوە بۆ دیاری دەکرێن، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەورەی نۆیەمی مەجلیس بایکۆت دەکا.»

لە بەیاننامەکەدا هەروەها هاتوە: «بۆ ئەوەی بایکۆتی هەڵبژاردن کە ئەمجارە بڕیاری زۆرینەی خەڵک و هێزە سیاسییەکانیانە ، بە شێوەیەکی شکۆمەند بەڕێوەدەچێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا دەکا ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ هەموو کەس، بەتایبەتی لە کوردستان لە ماڵەکانیان بمێننەوە و بەمجۆرە ئەوەندەی دەکرێ ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانی بەتەنیا بهێڵنەوە.»

## سیاسی



**ڕوانگەیەکی کۆن بۆ کێشەی لەمێژینەی کورد، شەڕ یا پێشگیری لە شەڕ**

٥

## وتوویژ



د. مەحموود عوسمان:

**لایەنە عێراقییەکان دەریانخستوە کە بێ‌کەڵکن و ناتوانن وڵات بەڕێوە بەرن.**

٦

## نەتەوەیی






**زیندانێک بۆ گەلێک بەقەرا «دەوڵەت . نەتەوە»یەکی دەسکرد بە ناوی تورکیە**

٨

## سیاسی



**گرنگیی دەرووی هورمز و هەڕەشەی ئێران**

٩

## هەڵوێستمان

**بەیاننامە:**

## هەڵوێستمان بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین دەورەی مەجلیس

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەنیازە ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ نۆیەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی وەڕێ بخاو لەبەر ئەوەش کە لە هەلومەرجی ئێستادا لە هەموو کات‌وزەمانێک پتر لە کۆمەڵانی خەڵک دابڕاوە، زۆر لەمێژە کەوتۆتە تەقەلا بۆئەوەی لەوڕۆژەدا چەندی بکرێ خەڵکێکی زۆرتر لە دەوری سندووقەکانی هەڵبژاردن کۆ بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە هەموو کەرەسەیەک – لە هەڕەشەی نان‌بڕینەوە بگرە تا دەگاتە وادەی پاداشی جۆراوجۆر- بەکار دێنێ جگە لە میکانیزمی دروستی هاندانی هاونیشتمانان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا، کە بریتی‌یە لە ئازادکردنی کاندیداتۆری‌و ئازادکردنی دەنگدان‌و دەستەبەرکردنی هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکڕاتیک.

هەڵبژاردن لە وڵاتانی ئازادو دێموکڕاتدا دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لەڕێگای سپاردنی بەرپرسایەتیی کاروباری وڵات بە نوێنەرانی جێگای متمانەی خۆیانەوە ئەسڵی دەسەڵاتی خەڵک بەسەر خەڵکدا پیادە بکەن‌و چارەنووسی خۆیان بۆخۆیان بەدەستەوە بگرن. بەوپێیە گەورەترین زوڵم‌وزۆر و ناهەقی کە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان لە هاونیشتمانانی خۆیانی دەکەن ئەوەیە کە ڕێگای بەشداریی ئازادانە لە هەڵبژاردندا، یان باشتر بڵێین ڕێگای شوێندانان لەسەر چارەنووسی خۆیانیان لێ‌دەبەستن. هەربەو پێیە بایکۆتی هەڵبژاردن لەلایەن تاک‌و گرووپەکانی هەر وڵاتێکەوە ناخۆشترین بژێرەیە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بەسەریاندا دەسەپێنن.

لە ئێرانی ئیسلامیدا هەر لە سەرەتاوە هەڵبژاردن‌و ڕێفڕاندۆم لە نێوەرۆکی خۆیان بەتاڵ کراون‌و بەپێی بنەما فەلسەفی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕێژیمە ڕەوایی (مشروعیت)ی خۆی لەوخەڵکە کە حکوومەتیان بەسەرەوە دەکا،وەرناگرێ، هەر بۆیەش وەڕێخستنی هەڵبژاردن زیاتر هەوڵێک بووە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی لەنێوخۆو دەرەوەی وڵات. بەڵام ئەم ڕەوتە جاربەجار پتر پەرەی پێ‌دراوە و دەکرێ بڵێین لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا گەیشتۆتە لووتکە.

کۆماری ئیسلامی بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتوە کە چووکترین کرانەوە لە هەڵبژاردن‌و بەگشتی لە فەزای سیاسیی ئێراندا سەر دەکێشێتە سەر ڕەتکرانەوەی نیزامی داسەپاوی ئیدئۆلۆژیکی لە تەواوەتی خۆیدا. هەر بۆیە کاربەدەستانی ڕێژیم ، بە ئەزموون‌وەرگرتن لە هێندێک دەورەی پێشووی هەڵبژاردنی مەجلیس یان سەرکۆمار، لێ‌بڕاون کە ئەمجارە ئەڵقەی «خودی»یەکان ئەوەندە تەنگ بکەنەوە کە تەنانەت جێی بەشێک لە بەقەولی خۆیان «نیزیکترین یارانی ئیمام»یشی تێدا نەبێتەوە. هەربۆیە دەبینین شەخسی «ڕێبەر» دێتە مەیدان‌و ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنێ کە ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە پێچەوانەی ویستی جەنابی جووڵاونەوە ناتوانن لە هیچ هەڵبژاردنێکدا بەشدار بن تا ئەوکاتەی تۆبە لەهەر هەنگاوێک نەکەن کە بەرەو خەڵک و بەقازانجی ویستەکانی خەڵک هەڵیان‌هێناوەتەوە.

ل ٣

## خۆمان بۆ ئەگەری داخرانی دەرووی هورمز ئامادە کردوە

لئون پانەتا وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاند ئەگەر دەرووی هورمز داخرێ ئەمریکا بە گوێرەی پێویست ئامادەیەو پێویست نییە پێشتر مانۆرو ڕانان لە خۆی نیشان بدا. چونکە ئێمە هەمیشە بە گوێرەی پێویست لە ناوچەدا هەین و توانای بەرپەرچدانەوەی هەر جۆرە ڕووداوێکمان هەیە.

لەم ماوەیەداو دەگەڵ هاتنە ئارای باسی گەمارۆی کەرتی نەوتی ئێران لە لایەن ئەمریکاو ئورووپاوە کاربەدەستانی ڕێژیم هەڕەشەی داخستنی دەرووی هورمز دەکەن و ئەم باسە شەڕەدندووکەیەکی زۆری لێکەوتووەتەوەو تەنانەت ئێران لە لایەک لە کەنداو مانۆری دەریایی و هەوایی بەڕێوە بردو مانۆری هاوبەشی ئەمریکاو ئیسرائیلیش کە خۆڕانانێک بوو بۆ ئێران دوا خرا.



پانەتا دەڵێ ئێمە دوو هێڵی سوورمان بۆ ئێران دیاری کردوە، دروست کردنی بۆمبی ناوکی و داخستنی دەرووی هورمز. ئێمە دەڵێین با کێشەکانمان وەلا بنێین و بە پێی قانوون و ڕێسا نێونەتەوەییەکان لە سەر میزی دانوستان نیگەرانی و کێشەکانمان چارەسەر بکەین. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بە تایبەت کۆمەڵگەی ڕۆژاوا بە دژی لاساری و پێشێل کردنی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییکان لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانی ئێران و سووریە هەرچی دێ زیاتر بازنەی گەمارۆکان لەم وڵاتانە تەسکتر دەکاتەوەو خوازیاری پێ مل بوونی ئەو وڵاتەنە بە بڕیارنامەو پرنسیپە نێونەتەوەییەکانە.

هەر لە درێژەی ئەم هەوڵانە ئەمریکا دەیەوێ کریارانی نەوتی ئێران ڕازی بکا تا کەرتی نەوتی ئەو وڵاتە باکۆت بکەن و لە لایەکی دیکەشەوە داوای لە وڵاتانی هاوپەیمان و دەڤەری کەنداو کردوە کە بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی نەوتی ئێران بەرهەمهێنانی خۆیان زیاتر بکەن.

## لە پێشوازی ٢ی ڕێبەندان دا:

لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، ڕێبواران و ئۆگرانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، لە پێشوازی ٢ی ڕێبەندان دا خۆیان بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئامادە کردوە. لە ژوورەوەی وڵات، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بە بڵاو کردنەوەی تراکت و درووشم نووسین و لە دەرەوەی وڵاتیش کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پێکهێنانی ڕێورەسمی تایبەتی، وەفادارییی خۆیان و نەتەوەکەیان بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، دووپات دەکەنەوە.





## پێشکەوتنی پێشنیاری ئورووپا بۆ دەسپێکی گەمارۆی نەوتی ئێران

یەکیەتیی ئورووپا لەبەرچاو گیراوە کە نیگەرانی کاریگەریی خراپی گەمارۆی کڕینی نەوتی ئێران لەسەر ئابووری وڵاتەکانیانن.

بەپێی ئەم گەڵاڵە پێشنیارکراوە کە پێش جێبەجێکردنی دەبێ لە لایەن ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپاوە پەسند بکرێ، کۆمپانییە نەوتییەکانی لایەنی گرێبەستی ئێران تا کۆتایی مانگی پووشپەڕی ساڵی داهاتوویان کات پێ دەدرێ بۆ ئەوەی کۆتایی بە گرێبەستەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران بهێنن و لە سەرەتای مانگی ژووئەنەوە مافی هاوردەی نەوتیان لە لایەن ئێرانەوە پێ نادرێ.

بە وتەی دیپلۆماتە ئورووپاییەکان قەرارە ئەم گەڵاڵەیە لە حەوتووی داهاتوودا و لە کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپادا وتوێژی لەسەر بکرێ و دوایین بڕیاری لە سەر بدرێ.



وڵاتی دانمارک وەک سەرۆکی ئێستای یەکیەتیی ئورووپا پێشنیاری کردوە کە کڕینی نەوتی ئێران لە لایەن ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپاوە لە ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕی ساڵی تازەوە قەدەغە دەکرێ.

چوارچێوەی زەمەنی ئەم گەڵاڵەیە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە مۆڵەتێکی ٦ مانگە بۆ کۆتایی هێنان بەم گرێبەستانە لەبەر چاو گیراوە کە شیرکەتە نەوتییەکان لە نێوان ئێران و ئورووپادا هەیانە. ئەم مۆڵەتە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەو کەمە ئەندامەی

## له نۆرویژ سیمینارێک بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو




خالیدعەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له سمینارێکدا له وڵاتی نۆرویژ دوایین پرسەکانی پێوەندیدار به کوردستان و ئێرانی لەبازنەی ئاڵوگۆڕ و کێشه ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا خسته بەر باس.

لەو سمینارەدا که ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ ی بەفرانبار، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان له نۆرویژ و بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆر بەرچاو له ئەندامان، لایەنگران، نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوه سیاسییەکانی کوردستان و کوردستانیانی دانیشتووی نۆرویژ ڕێکی خستبوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسەکەی خۆی له چەند تەوەردا خسته بەر چاو.

کاک خالید عەزیزی له دەستپێکی وتەکانی دا باسی له ڕاپەڕینی وڵاتانی عەرەبی وله نێو چوونی بەشێک له دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کرد و قۆناغه یەک له دوای یەکەکانی ئەو شۆڕشانەی تا شەپۆلی دێموکراسی و جێگیر کردنی لەو وڵاتانه شی کردەوە.

بەڕێزی بە شیکردنەوەی ڕاو بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پەیوەندیه دا ڕایگەیاند که ئێمه باوەڕمان بەو ئاڵوگۆڕانه هەیه که له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ڕوو دەدەن.

کاک خالید عەزیزی له بەشێکی تری وتەکانی دا تیشکی خسته سەر بیری نەتەوەیی کورد له کوردستان و گوتی که دەبێ بیری نەتەوەیی پەرەی پێ بدرێ و داوای له لایەنه سیاسییەکانی کوردستان به گشتی و پارته کانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کرد که گرینگی به بیری نەتەوەیی بدەن و لەو پەیوەندییه دا یەکگرتووتر و هاودەنگ تر بن و بەرژەوەندی نەتەوەیی بخەنه پێش بەرژەوەندی حیزبی.

بەڕێزیان حیزبی وەک ئامرازێک بۆ بەدەست هێنان و گەیشتن به ئامانجه نەتەوەییەکان وەسف کرد و وەک ڕێگه چارەیەک بۆ دوورکەوتنەوە له گوتاری جیاوازی حیزبەکان له پەیوەندی لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی، داوای هەموار کردنی پەیماننامەیەکی نەتەوەیی کرد که هەموو پارتەکانی کوردستان پێبەندی بن و لادان لەو پەیمانه به هێڵی سوور بزانن.

بەڕێز عەزیزی پیرۆزیی «ئاڵای کوردستان» و سرودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» ی به هێمای نیشتمانی پێناسه کرد و داوای کرد که هەموو لایەک ڕێزی لێ بگرن و له بەرنامەی خۆیاندا بیان گونجێنن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات له بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی به لەتبوونی ڕێکخراو و پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و گوتی که ئەو لەت بوونانه له بەرژەوەندی نەتەوەکەمان دا نین بەڵکوو به زەرەرن و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوازیاری یەک دەنگی و یەک ڕیزیی هەموو لایەنەکانه، بۆیه حیزبی دێموکراتی کوردستان به زەروورەتێکی نەتەوەیی دەزانێ که هەوڵ بۆ ئەو مەبەسته بدا.

هەر لەو پێوەندییانەدا بەڕێزیان پرۆژه و پلانی پێشنیار کراوی حدک ی بۆ یەکخستنەوەی دێموکراتەکان بۆ بەشدار بووانی سیمینارەکه خسته ڕوو. له بەشی کۆتایی دا نوێنەری پارت و ڕێکخراوه سیاسییەکانی کوردستان و بەشداربووانی سیمینارەکه ڕاو بۆچوون و پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی بەڕێزیان کردن دیاره عەزیزی زۆر به ڕاشکاوانه وەڵامی پرسیارەکانی دایەوەو تیشکی خسته سەر ئەو تەنگەژانەی که لەبەر ڕێگای چارەسەری پرسی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان دان و کێشەی فره حیزبی به ئیدۆلۆژیی جیاواز هەر له چەپەوه تا ڕاست و یەکتر قەبووڵ نەکردنی حیزبەکانی به بەشێک له کێشەکان دانا. هەروەها ڕاو بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی له پەیوەندی لەگەڵ ئەو باسانه دا خسته ڕوو.

## دانیشتنی هاوبەش له نێوان ڕێبەریی کۆمەڵەو دێموکرات



دوانیوەڕۆی شەممه ١٧ی بەفرانبار ( ٧ی ژانویەی ٢٠١٢) هەیئەتێک له ڕێبەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتوو له بەڕێزان عومەر ئیلخانی زاده و ڕەزا کەعبی، سکرتێرو جێگر سکرتێرو ژمارەیەکی دیکه له ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبه، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد. ئەم هەیئەته له لایەن ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ژمارەیەک له سیماو کەسایەتییه ناسراوەکانی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.

له دانیشتنێکی چەند کاتژمێریی هاوبەشدا، گرنگترین ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست به تایبەتی ڕووداوەکانی پێوەندیدار به نەتەوەی کوردو وڵاتی ئێران تاوتوێ کران. بەپێی خوێندنەوەی ڕێبەریی دێموکرات و کۆمەڵه ئاڵوگۆڕەکان له دژایەتی لەگەڵ سیستەمه دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان و قازانجی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی و ڕزگاریی گەلانی ناوچەدا دەچنه پێش و به تایبەتی له پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کوردو وڵاتی ئێراندا، ئەگەری ڕووداو و گۆڕانی زیاتر و گەورەتر چاوەڕوان دەکرێ.

هەڵسەنگاندنی ورد و واقیع بینانەی ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەر لەسەرجەم هێزه سیاسییەکانی کورد، به تایبەتی هێزو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخوازن بەرپرسانه بەرەورووی ڕووداو ئاڵوگۆڕەکان ببنەوەو خۆیانی بۆ ئاماده بکەن. گرنگترین پێویستیی ئەم خۆئاماده کردنەش لێک نزیکبوونەوەی لایەنەکان و ئامادەیی پێکهێنانی به مەبەستی کاری هاوبەش و یەکگرتووانەیه.

له درێژەی ئەم دانیشتنه هاوبەشەدا، هەردوو لا خوێندنەوەو ڕوانینی لێک نزیکی خۆیان لەبارەی نوێیەمین هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی باس کرد. بەپێی ڕوانینی هەر دوو حیزب، کۆماری ئیسلامی لەم به ناو هەڵبژاردنه بۆ هەرچی پتر یەکدەست کردنی دەسەڵات و زاڵکردنی هەرچی زیاتری سەرکوت و سەرەڕۆیی، کەڵک وەردەگرێ. ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنەو ڕیزبەندییەکانی پێش و دوای هەڵبژاردن دەتوانن ڕێخۆشکەرو هاندەری دەورێکی دیکه له ململانێ هەم له نێو ڕێژیم و هەم له نێو خەڵک و کۆماری ئیسلامی دابن.

لەم دانیشتنەدا، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بڕیاریان دا له ماوەیەکی دیاریکراودا، هەر دوو لایەن گەڵاڵەو پێشنیاری خۆیان بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پێوەندیدار به هەڵوێستیان بەرامبەر به هەڵبژاردنی داهاتوو، هەروەها کاری هاوبەش له نێوان هێزو لایەنه سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئاماده بکەن و له دانیشتنێکی هاوبەشدا، بڕیاری لەسەر بدەن.

## سەردانی هەیئەتێکی حدک له سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە،٢٧ ی بەفرانبار هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان به سەرپەرستیی کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، به مەبەستی باس له بارودۆخی سیاسیی ئێستاو پێوەندی و ئەرکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، سەردانی دەفتەری سیاسیی سازمانی خەباتی کوردستانیان کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات له لایەن سید کامیل نوورانی فەرد، جێگری سکرتێری ڕێکخراوی خەبات و هەیئەتی هاوڕێیەوه پێشوازییان لێ کراو له ماوەی دیدارەکەدا دۆخی سیاسیی ئێران و به تایبەت کوردستان و ئەگەری ئاڵوگۆڕو پێشهاته چاوەڕوان نەکراوەکان کەوتنه بەر لێکدانەوه و چۆنیەتیی پێوەندی و زەروورەتی هاوئاهەنگی و هاوکاریی زیاتری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسیان لێ کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەر دوو هەیئەت پێداگرییان لەسەر هەوڵدانی جیددی بۆ هاوکاریی زیاتری نێوانیان و هاندانی زیاتری هەموو لایەنەکان بۆ به یەکەوه کارکردن و گەیشتن به هاوکارییەکی هەمەلایەنه کرد.

## وتووێژی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەشی فارسی دەنگی ئەمریکا




ڕۆژی شەممه ٢٥ی بەفرانبار بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وتووێژێکی ڕاستەوخۆی له ڕێگەی سکایپەوه لەگەڵ بەرنامەی تەفسیری خەبەری بەشی فارسیی تەلەڤزیۆنی ئەمریکا سەبارەت به بارودۆخی جیهان و کێشەی ئەتۆمیی ئێران و هەڵبژاردنەکانی دەورەی نۆیەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی پێک هێنا.

لەو وتووێژەدا کاک خالید عەزیزی له وەڵامی پرسیارێک له بارەی ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران گوتی: ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامیی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران دەتوانین بڵێین سناریۆیەکه که ئەگەری ئەوه هەیه بێته ئاراوه بەڵام دەبێ لەو سێناریۆیەدا ئەوه له بەرچاو بگیرێ که ئێران وڵاتێکه که ملکەچی هیچ کام له ڕێوشوێنه نێودەوڵەتیەکان له ناوچەدا نیه و تەنانەت له بارەی بارودۆخی نێوخۆییشەوه ئەو ڕێژیمه حکوومەتێکی وەڵامدەر نیه و له ناوچەشدا دەسەلاتێکی قەیران خولقێنه. سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان گوتی که من ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامیی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران وەک تەنیا هێرشێکی نیزامی سەرنجی نادەمێ بەڵکوو ئەوه بەشێکه له سێناریۆیەکی گەوره و بەرین که کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و به تایبەت ئەمریکا ئێرانیان بەو شێوەیه بۆ قبووڵ ناکرێ. کاک خالید گوتی که پێی وا نیه که هێرش بۆ سەر ئێران دەبێ وەک جۆری هێرش بۆ سەر عێراق و ئەفغانستان چاوی لی بکرێ و له ئێستادا ئەگەری کردەیی کردنی ئەو سێناریۆیه زۆر نیه.

کاک خالید عەزیزی له بارەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی فیگارۆ له سەر ئەوەی که ئیسرائیل لەو ئێرانیانەی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتی نهێنی له دژی ئێران کەڵک وەردەگرێ گوتی: من وا بیر دەکەمەوه ئەو ڕاپۆرته ڕاست نەبێ، ئێران له کوردستان و عێراق هەوڵ دەدا سێناریۆیەک بێنێته ئاراوه که له بەرژەوەندی خۆیدا بێ و له هەرێمی کوردستان و عێراق وەک وڵاتێکی ناسەقامگیر له باری سیاسی و ئەمنیەتیەوه بڕوانن و ئەوەش له بەردەوامیی قەیرانخولقێنیەکانی ئێران له ناوچه دایه.

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان له وەڵامی پرسیارێک له بارەی تیرۆرکرانی زانای ناوکیی ئێران ئاوا بۆ دەنگی ئەمریکا دوا: کۆماری ئیسلامی زۆری بۆ گرینگ نیه که زانایەکی ناوکی نەمێنێ جا چ ئەو کاره بۆ خۆی کردبێتی و چ له دەرەوه بەرنامەی بۆ داڕێژرابێ، کۆماری ئیسلامی له پێوەندی لەگەڵ دروستکردنی ئەو جۆره سێناریۆیانه له بەرژەوندی خۆیدا کەڵک وەردەگرێ و ئەوانه زۆرتر سێناریۆگەلێکن که ئێران بۆخۆی دەیهێنێته ئاراوه.

بەڕێز عەزیزی هەروەها له بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژەدا له بارەی سەفەری فەرمانده هێزەکانی قودسی سپای پاسداران بۆ سووریه گوتی: بەو پێیه که کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو کات هەوڵی داوه هاریکاریی دەسەڵاتی ئەسەد بکا و سووریه یەکێک له هاوپەیمانانی ئێران له ناوچەدایه، ئێران هەڵ دەدا نەهێڵێ ڕێژیمی سووریه به ئاسانی نەڕووخێ و ئەگەر له سووریەدا دەسەڵاتێکی دێموکڕاتی بێته سەرکار ئەوه پەیامێکی دەبێ بۆ خەڵکی ئێران که دەسەلاته سەرەڕۆکان بەرەو ڕووخان و نەمان دەچن و ئێران بارودۆخێکی دژواری بۆ دێته پێش.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان له درێژەی ئەو وتووێژەدا ئاماژەی بەوه کرد که زۆرینەی خەڵکی ئێران لەدژی دەسەڵاتی ئێستای ئەو وڵاتەن و ئەوه لەو چەند ساڵەدا به ڕوونی پێشان دراوه و ئەوەی که خەڵکی ئێران زەرفیەتی ڕووخاندنی ئەو دەسەلاتەیان نەبێ ئەوەیه که کۆماری ئیسلامی وەها دەرفەتێک به نەیارانی خۆی نادا و به توندترین شێوه سەرکوتیان دەکا، له کاتێکدا ڕێژیم وەها دەرفەتێک نادا به خەڵک چۆن دەکرێ بوترێ که خەڵک نەیانتوانیوه له زەرفیەتەکان کەڵک وەرگرن.

شایانی باسه که بەڕێز عەزیزی وەڵامی پرسیارەکانی سەبارەت به هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس داوه و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەم بارەیەوه که بایکۆت کردنی ئەم هەڵبژاردنەیه، شی کردەوە.

## بەشداریی هەیئەتێکی حدک له بریتانیا له سیمینارێکی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان له لەندەن



ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵات- بریتانیا: ڕۆژی دووشەممه ١٦ی ژانویەی ٢٠١٢ نووسینگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان له بریتانیا له یەکێک له سالۆنەکانی ڕامەدا هوتێل، کۆڕێکی بۆ بەڕێزان مامۆستا ئارام وەزیری کاروباری شەهید و ئەنفالکراوان و فەلاح موستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و به بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر له کوردانی دانیشتووی بەریتانیا پێک هێنا. لەم کۆڕەدا که بەشێکی بەرچاو له کەسایەتییه کوردەکان و هەروەها نوێنەرانی حیزبه سیاسی و کۆمەڵه و ڕێکخراو و کەسایەتیه کوردیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادەی بوون هەموان به یەکدەنگیەوه پێداگریان لەسەر گرنگیی هاوکاری و هاودەنگیی کورد له دەرەوەی وڵات و بەیەکەوه کارکردن لەگەڵ لایەنه بەریتانیا و نێودەوڵەتیەکان بۆ ناساندی کەیسی جینۆسایدی کورد کردەوە. پێویست به ئاماژەیه که شاندێکی باڵیۆزخانەی عیراقی فیدڕاڵیش ئامادەی ئەو کۆڕه بوون. کۆبوونەوەکه زیاتر له ٢ کاتژمێری خایاند به پرسیار و بۆچوونی ئامادەبوان دەوڵەمەند کرا و بەڕێزان مامۆستا ئارام و فەلاح مستەفا وڵامی بەشێک له پرسیاری ئامادەبووانیان دایەوە.

جێگەی ئاماژەیه که هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان به سەرۆکایەتیی هاوڕێ مەولوود سواره نوێنەری حیزب له بریتانیا و هاوڕێیەتی یبەرپرس و بەشێک له ئەندامانی کۆمیتەی حیزب له لەندەن بەشداری کۆڕەکه بوون.

نوێنەرایەتیی حیزب لەو کۆڕەدا چاوی به ژمارەیەکی بەرچاو له نوێنەری حیزب و لایەنه سیاسیەکان و هەروەها بەڕێز فلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوت.

جێگای ئاماژەیه که کۆڕەکه له لایەن بەیان سامی عەبدولرەحمان نوێنەری حکوومەتی هەریمی کوردستان و کاک خوسرەو ئاشگەیی سکرتێری نوێنەرایەتی له بریتانیا بەڕێوه دەچوو.

## بەڕێوەچوونی کۆڕێک له هەولێر بۆ باس له سەر کۆماری کوردستان

کوردستان و کورد نیوز: یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان لقی هەولێر کۆڕێکی بۆ باس له سەر کۆماری کوردستان و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد بۆ دوکتور کەماڵ مەزهەر، لێکۆڵەر و مێژوونووسی کورد بەڕێوه برد.

لەو کۆڕەدا که ڕۆژی پێنجشەممه، ١٥ ی بەفرانبار له تالاری مێهدی خۆشناو له بنکەی یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان لقی هەولێر و به بەشداریی سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەیان کەسایەتی ئاکادیمی، زانستی و ئەدەبی و سیاسی بەڕێوه چوو، د. کەماڵ مەزهەر له چەند گۆشه نیگایەکی تایبەتەوه کۆماری کوردستان و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستانی شی کردەوە.

شایانی باسه که هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو له کاک جەلیل گادانی، کەسایەتیی سیاسیی دیاری حیزبی دێموکڕات و برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکڕات له شاری هەولێر لەو کۆڕەدا بەشدار بوون کاک جەلیل گادانی لەو کۆڕەدا چەند تێبینییەکی له سەر باسەکەی د. کەماڵ مەزهەر خسته بەرباس.

درێژەی:

## بەیاننامە: هەڵوێستمان بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین دەورەی مەجلیس

دەزانین لە کوردستان وەزعەکە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە خەراپتریشە. خەڵکی کوردستان لە زۆر دەرفەتدا «نا»یان بە کۆماری ئیسلامیو دەسەڵاتدارەکانی گوتوە و بەرامبەر بە سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی ڕاوەستاون. بۆیە کوردەکان بێئەوەی گوناهێکیان لێببینرێ لەڕوانگەی کاربەدەستانەوە تۆمەتبارنو هەمیشە بەچاوی گومانەوە سەیریان دەکرێ. لە قامووسی دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامیدا کوردی دڵسۆز ئەوکەسەیە پشت لە گەلی خۆی بکاو هەموو تواناکانی بخاتە خزمەتی ئامانجە دژیئینسانییەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهییەوە.

لە پێوەندی دەگەڵ هەڵبژاردندا لە ئێران بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی ئەو کەسانەی جێمتمانەو باوەڕ پێکراوی خەڵکن، یان بە ڕەدکردنەوەی سەلاحیەت لە ململانەی هەڵبژاردن دوور دەخرێنەوە، یان بە دەسکاری ئاکامەکانی دەنگدانو دیاریکردنی مۆرەی دڵخوازی کاربەدەستان بە دۆڕاوی ململانەی هەڵبژاردن دادەنرێن یان ئەگەر بە هەرهۆیەک ڕێیان کەوتە مەجلیسو ئۆرگانە بەناو هەڵبژێراوەکانی دیکەوە بەفەرمانی کەسو ئۆرگانە هەڵنەبژێراوەکان دەنگەکانیان کپو بۆچوونەکانیان پووچەڵ دەکرێن.

لەبەر ئەوەی ئەم دەورەیەش لە هەڵبژاردنی مەجلیس هیچ تایبەتمەندییەکی هەڵبژاردنی ئازادی تێدا نیە، لەبەر ئەوەی نە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو نە هیچکام لە کاندیداکان بەرنامەیەکیان بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بەقازانجی خەڵک ڕانەگەیاندوە، لەبەر ئەوەی نە کاندیداتۆری ئازادە نە هەڵبژاردنو نەهیچ دەستەبەرێک بۆ دەسکارینەکردنی ئاکامەکانی دەنگدان هەیەو سەرەنجام لەبەرئەوەی مەجلیسی ئێران هیچ سەلاحیەتێکی بریاردانی ئازادی نیەو هەموو بڕیارەکانی لەسەرەوە بۆ دیاری دەکرێن حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژاردنی دەورەی نۆیەمی مەجلیس بایکۆت دەکا.

دەزانین کاربەدەستانی ڕێژیم لە کوردستانو شوێنەکانی دیکە بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن هێندێک ململانەی عەشیرەتیو ناوچەییو فیرقەیی وەڕێ دەخەن. بەڵام هیواداریین خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان لەوە وشیارتر بن کە بکەونە داوی ئەو حیلەیەی بەکرێگیراوانو ئەو نەخشەیە پووچەڵ بکەنەوە. هەروەها ئاگادارین کە دەستوپێوەندەکانی دەسەڵات هەوڵ دەدەن بە هەڕەشەی بڕینی یارانەو هێندێ ئیمتیازی دیکەی ماددی خەڵکی بکێشنە سەر سندووقەکان. خەڵکی وشیاری کوردستان نابێ بەوهەڕەشەو گوڕەشانەش لە مەیدان دەرچن. یارانە بەشێکی کەم لە مافی زەوتکراوی خەڵکەو بەخششێک نیە ئەوان بتوانن بیکەنە دەستدیاریی خۆیانو منەتی پێ لەسەر خەڵک دابنێن.

بۆ ئەوەی بایکۆتی هەڵبژاردن کە ئەمجارە بڕیاری زۆرینەی خەڵکو هێزە سیاسییەکانیانە، بە شێوەیەکی شکۆمەند بەڕێوە بچێ حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا دەکا ڕۆژی دوازدەی ڕەشەمەی ١٣٩٠ هەموو کەس - بە تایبەتی لە کوردستان - لە ماڵەکانیان بمێننەوە و بەمجۆرە ئەوەندەی دەکرێ ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانی بەتەنیا بهێڵنەوە.

سەرکەوێ ئیرادەی یەکگرتووی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆریو کۆنەپەرستی.

نەمان بۆ ڕێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٩٠/١٠/٢٢**
**(٢٠١٢/٠١/١٢)**


## کۆچی دوایی مام ڕەحمان ئاخکەندی، پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ ی بەفرانبار مام ڕەحمان مورتەزازادە، ناسراو بە مام ڕەحمان ئاخکەندی، پێشمەرگە و کادری بەوەجی حیزبی دێموکڕات بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان و لە خەباتگێڕانی حیزب و گەلەکەی کرد.

مام ڕەحمان ئاخکەندی لە یەکەم ساڵەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا و بۆ تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکڕاتی هەڵ بژارد و تا دوایین ساتەکانی ژیانی هەموو ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی حیزبەکەی پێی دەسپارد، بەوپەڕی سەرکەوتوویی بە ئاکام دەگەیاند.

بەیانی هەمان ڕۆژ لە نێو کۆڕی ماتەمباری هاوسەنگەرانیدا لە گۆڕستانی شەهیدانی دێمۆکرات بە خاک سپێردرا و دوانیوەڕۆی هەر ئەو ڕۆژە و بەو بۆنەیەوە کۆڕی پرسە و ماتەمینیی کۆچی دوایی مام ڕەحمان لەساڵۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبدا بەڕێوە چوو.

لەو کۆڕی پرسەیەدا کە بەبەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات و ئەندمانی بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، لە سەر لایەنە بەرچاوەکانی کەسێتیی مام ڕەحمان ئاخکەندی قسەی بۆ بەشداران کرد. دەقی وتەکانی بەڕێز حەسەن زادە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا خراوەتە بەر چاوی خوێنەران.



## ڕەدی سەڵاحییەتی بەربڵاوی پاڵێوراوانی نوێنەرایەتیی مەجلیسی نۆیەم



وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی لە قۆناغی یەکەمی دیاریکردنی سەڵاحییەتی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس، سەڵاحییەتی هەزاران کەسی رەد کردەوە.

لە کاتێکدا کە کەمترین پاڵێوراوی ئیسلاح تەڵەب لە سەر ساغبوونەوەی پێشوویاندا ناونووسیی هەڵبژاردنەکانیان کردبوو، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە سەڵاحییەتی نیزیک بە نیوەی پاڵێوراوان لە لایەن وەزارەتی نێوخۆوە رەد کراوەتەوە.

بەپێی راپۆرتی راگەیەنە نێوخۆییەکانی ئێران لە کرماشان لە ١٥٦ پالێوراو بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان سەڵاحییەتی ٧٠ کەس رەد کراوەتەوە و تەنیا ٨٦ کەسیان بە پەسندی دەوڵەت بۆ ململانێی هەڵبژاردنەکان دیاری کراون.

لە شاری «ورمێ»ش سەڵاحیەتی ٥٤ کەس لە ٧٧ پاڵێوراوی سەرەتایی ئەو شارە رەد کراوەتەوە و لە شاری بۆکان لە ٨ کەس سەڵاحییەتی دوو کەس و لە شاری مەهابادیش لە ١١ کەس سەڵاحییەتی ٦ کەسیان رەت کراوەتەوە.

لە تارانیش سەڵاحییەتی عەلی موتتەهەری، نوێنەری ئوسوولگەرای ڕێژیم و نیزیک بە ٥٠ ئەندامی دیکەی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی رەد کراوەتەوە.

لە کوردستانیش عەبدۆلجەبار کەرەمی، نوێنەری شاری سنە، داریوش قەنبەری، نوێنەری شاری ئیلام، ئیقباڵ محەممەدی، نوێنەری شاری مەریوان، نادر قازی پور، نوێنەری شاری ورمێ و عەبدوڵڵا سۆهرابی، نوێنەری پێشووی شاری مەریوان بە پشتبەستن بە دوو بەندی قانوونی هەڵبژاردنەکان، واتە پێبەند نەبوونیان بە ئیسلام و کۆماری ئیسلامی و وەفادار نەبوونیان بە قانوونی ئەساسی رەد کراوەتەوە.

شایانی باسە کە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی نۆیەم ڕۆژی ١٢ ی ڕەشەمە بەڕێوە دەچێ و حەیدەر موسلیحی، وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیم دەڵێ کە ئەو هەڵبژاردنە هەستیارترین و چارەنووسسازترین هەڵبژاردن لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی دایە.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢ی ڕیبەندان لە وڵاتی ئوتریش

کومیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی ڕێکخراوی کوردیی «کلیک» شەست و شەشەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

کومیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی شەممە، ٢٤ ی بەفرانبار لە شاری ڤیەن، بە بۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان شەو ئاهەنگێکی بەبەشداریی بەشێکی بەر چاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو وڵاتەو نوێنەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی کۆمەڵایەتیەکانی کوردی و ئوتریشی و کوردانی دانیشتوی شاری ڤییەن بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوو زمانی کوردی و ئاڵمانی خوێندرایەوە و لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ناوی ئەو حیزب و لایەنانە خوێندرانەوە کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ ئەو یادە ناردبوو.

لە بەشی هونەریی ئەو ڕێوڕەسمەدا هونەرمەندان ڕۆژ کەریم، گۆران کامیل و هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان «جوان» بە گۆرانی و بەستەی کوردی پتر کۆڕیادەکەیان ڕازاندەوە.



شایانی باسە کە ئەو حیزب و لایەنانە پەیامی پیرۆزباییان بۆ ئەو کۆڕیادە ناردبوو:

پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ٢١ی حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئوتریش لە ڤییەن، حیزبی شیوعیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیت دێموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، ڕێکخراوی چاک، پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریە، پارتی چارەسەری دێموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراق و هەروەها پەیامی خوشکە نەسرینی قاسملوو کە لە لایەن ڕۆژنامەنووس و دۆستی کورد سیسیل دانینگێر بۆ کومیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناردبوو.

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی- تەشکیلاتی لە وڵاتی دانمارک



ناوەندی هەواڵ- دانمارک: دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممەرێکەوتی ١٤ ی ژانویە، لە لایەن کۆمیتەی حدک و کۆمیتەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک، کۆبوونەوەیەکی سیاسی- تەشکیلاتی بۆ بەرێزان گوڵاڵەشەرەفکەندی و حەمە رەسووڵ کەریمی ئەندامانی ڕێبەری حیزب وخاتوو شوعلە قادری ئەندامی بەڕێوەبەری کومیتەی ئوروپای یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

سەرەتا بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دەقیقەیەک بێ دەنگی ڕاگیرا. پاشان لە لایەن هاوڕێ ڕەشید قازی بەرپرسی کۆمیتە گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارک، بە نوێنەرایەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتە بەخێرهاتنی هاوڕێیان کۆمیتەی دەرەوەی حدک و بەشدار بوانی کۆبوونەوەکەی کرا. شایانی ئاماژە پێکردنە کە ئەم کۆبوونەوە چەند تەوەری جۆراوجۆری لە خۆ گرتبوو. سەرتا خاتو گوڵاڵە شەرەفکەندی باسێکی لە سەر کۆماری کوردستان و ڕۆل وگرینگی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێشکەشکرد . لە بەشێکی دیکەدا بەرێزیان ئاماژەی بە هەڵوێستی حدک بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و رۆل و گرینگی لێک نیزیکبونەوەی ئەپۆزیسۆنی سەرانسەری و هێزەکانی کوردی خستە بەر باس. لە تەوەرێکی دیکەدا کاک حەمە رەسوولی کەریمی باسێکی تێروتەسەلی لە سەر کار و باری تەشکیلاتی و هەڵوێستەکانی حدک پێشکەش بەئامادەبووان کرد.

خاتو شوعلە قادری باسێکی لە سەر رۆل و گرینگی ژنان لە کار و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆلیان لە شۆرش وخەبات دا پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.

برگەی دووهەمی کۆبونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیار، رەخنە و پێشنیار هاوڕێیانی حیزبی و وڵامدانەوەی لە لایەن هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئەو برگەیەش بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو.

لە لایەن ئامادەبووانەوە بە گەرمی پێشوازی لە باسەکان کرا و بە پێشنیار و پرسیارەکانی خۆیان کۆبوونەوەکەیان زیاتر دەوڵەمەند کرد.

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە سەردەشت بۆ مەحکووم کردنی کۆمەڵکوژیەکەی ڕۆبۆسکیی باکووری کوردستان


لە شاری سەردەشت خۆپیشاندانێک بە دژی کردەوە جینایەتکارانەکەی ئەرتەشی تورکیە دەرحەق بە خەڵکی باکووری کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٥ ی بەفرانبار بە دەستپێشخەریی کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیی شاری سەردەشت، ڕێپێوانێک بۆ مەحکووم کردنی کۆمەڵکوژیەکەی ڕۆبۆسکیی سەر بە شاری شرناخی باکووری کوردستان بەڕێوە چوو.

خەڵکی شاری سەردەشت لەو خۆپیشاندانەدا داوایان لە سەرجەم گەلی کورد کرد کە لە هەمبەر ئەم کارەساتە بێدەنگ نەبن و هەروەها داوایان لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان کرد کە لەو بارەوە دەوڵەتی تورکیە هەڵپێچن و بە خەمساریی ئەو کارەساتە مرۆییە پشتگوێ نەخەن.

شایانی باسە کە پێشتریش کۆمەڵێک لە چالاکانان و خوێندکارانی شاری سەردەشت بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک وێڕای مەحکوومکردنی کۆمەڵکوژییەکەی باکووری کوردستان، ڕەخنەیان لە بێ هەڵوێستیی تا ئێستای کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان لەو پێوەندییەدا گرتبوو.

# دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ڕێورەسمی پرسەی مام ڕەحمان ئاخکەندی دا



*ڕۆژی ١٨ای بەفرانبار بە دوای بە خاک سپاردنی تەرمی مام ڕەحمان مورتەزازادە (ڕەحمان ئاخکەندی) پێشمەرگە و کادری لە مێژینە و بەوەجی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات، ڕێورەسمێک بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە هاوخەباتانی ئەو تێکۆشەرە و بنەماڵەکانی دیموکرات و دۆستان و ئۆگرانی مام ڕەحمان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەڕێوە چوو. لە ڕێورەسمی پرسە و هاودەردی بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو خەباتکارە دێرینەی دیموکراتدا، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە سەر ژیانی پڕ سەروەری و کەسایەتیی ئەو سەمبولەی خەبات و کۆڵنەدان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. ئەوەی خوارەوە دەقی وتەکانی مامۆستا حەسەنزادەیە:*

**میوانە بەڕێزەکان!**
**خوشک و برایانی خۆشەویست!**

خەبەرێکی ناخۆش بوو کە ئەمڕۆ لە دەوروبەری سەعاتی ١٠، وەکوو تەقینەوەیەک بە ڕاستی لە نێومان دا تەقییەوە. لە نەکاوێک خەبەر هات کە هاوڕێیەکی زۆر بەوەجمان، پێشمەرگەیەکی دێرین و کادرێکی تێکۆشەرمان، کاک ڕەحمانی مورتەزازادە - کە ئەوەندەی جێی حورمەتی هەموومان بوو ئەوانەشمان لە لەو پیرتر بووین پێمان دەکوت مام ڕەحمان- کۆچی دوایی کردوە. ئەو خەبەرە بە جۆرێک دەنگی دایەوە، لە ماوەیەکی کەمتر لە نیو سەعات دا، تەواوی بنکەکان و شوێنی کار و ماڵەکانمانی هەژاند. ژن و پیاو و پیر و لاو لە جێی خۆیان ڕاست بوونەوە و چوون بۆ ئەو شوێنەی کە جەنازەی ئەو عەزیزەمانی لێیە. ئەمە ئیحترام نەبوو بۆ مردن، بەڵکوو ئیحترام بوو بۆ ژیان. ژیانی ئەو پیاوە ئەوەندە پڕ سەروەری بوو، ئەوەندە پڕ موحیببەت و پڕ ئیحترام بوو بۆ هەمووان کە ئیحترامی هەموویانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، تەنانەت بەجۆرێک پاش مردنیش هەموویانی وەک یەک هەژاند و لە دەوری یەکتری کۆ کردینەوە.

لەسەر ژیاننامەی کاک ڕەحمانی مورتەزازادە نامهەوێ شتێکی زۆر بڵێم غەیری ئەوە کە ڕەنگە خەڵکێکی کەممان تێدابێ نەیناسێ. بۆیە ئەوەندە دەڵێم کە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی لە دایک بووە. دەرسی مەدرەسەی بەداخەوە وەکوو زۆربەی منداڵانی لادێ بە زەحمەت توانیوە تا پێنجی سەرەتایی بخوێنێ. لە پاشان هەر لە تەمەنی نەوجەوانییەوە و لە ئەوایلی جەوانییەوە کە لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی ٤٧-٤٦ هاوکات بووە، لەگەڵ بیروباوەڕی نەتەوەیی و کەم و زۆر لەگەڵ ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاشنا بووە. ساڵی ٥٧ بۆتە ئەندامی حیزب و ساڵی ١٣٥٨ هەر لە مەنتەقەی خۆیان لە مەنتەقەی سەقز لە هێزی شەهید عەزیز یوسفی دا وەکوو پێشمەرگە دەستی بە خزمەت کردوە. زۆرمان دەزانین لەو وەختەوە تا ئێستا دەکرێ بڵێم تەنانەت تا ئەڕۆ بەیانی، ئەو پیاوە بە هەموو وجوودییەوە لە خزمەتی بیرو باوەڕەکەی دابوو. لە نێو حیزب دا پلەی جۆراوجۆری بڕیون، هەر لە پێشمەرگایەتییەوە بگرە تا دەگاتە پلەی کادر، لە خزمەت لە شاخ و سەنگەرەکان دا تا خزمەت لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکاندا، هەمووی ئەوانەی بڕیون، بەڵام ئەوەی زۆر موهیمە دەبێ یادی بکەین و لە ژیانی فێربین، ئەو شەخسییەتە کۆمەڵایەتییە بوو کە ئەو پیاوە هەیبوو. ئەوە تەعبیرێکی ئەدەبی و ئیحساسی نییە کە دەڵێم هەموومانی وەک یەک هەژاند و وەک یەک ڕایچەڵاندین. ئینسان ئەوەندە سەلیم، ئەوەندە بێ ئازار، ئەوەندە موحتەڕەم و ئەوەندە بە موحیببەت لەگەڵ هەمووان ناتوانێ غەیری ئەوە مەکانەتێکی دیکەی لەنێو ڕەفیقەکان و هاونیشتمانەکانی دا هەبێ. ئەوکاتەی لە پێشمەرگایەتیی دا هەبووە هەر ئەوانەی لەگەڵی پێشمەرگە بوون دەزانن لە نێو خەڵکی خۆمان دا، لە نێو ئەو ناوچانەی کە فەعالییەتی تێدا کردوون، ئەو پیاوە چەندە بەوەج بووە و چەندە جێگا و پێگەی هەبووە. چەند ساڵ لەمەوبەر مام ڕەحمان لە بەرەبەری تەمەنی ٧٠ ساڵی دا گەشتێکی پێشمەرگانەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکە کرد بۆ مەنتەقەی خۆیان. کە هاتنەوە وەکوو فەرماندەیەک لەگەڵ ئەو عومرەی دا، ئێمە لێرە بە پێشوازییانەوە چووین، لە پێشیانەوە وەک خەدەنگ دەڕۆیی. دوایە ئێمە لەگەڵ کوڕەکان قسەمان دەکرد، ئەمن لەگەڵ زۆریان قسەم کرد، ئەوان بۆیان باس دەکردین کە چ قەڵاتێک بووە لە مەنتەقەدا بۆ وان، چ پۆششێکی حەفازەتی بووە بۆوان، چونکی بۆ هەر جێیەک چوون هەر ئەوەندە کە گوتبێتیان کە مام ڕەحمانی مورتەزازادەمان لەگەڵە، بەس بووە بۆوەی هەموو کەس بە پیلیانەوە بێ، هەموو کەس خزمەتیان بکا و جێگا و ڕێگایان بۆ دابین بکا. ئەو جێیەی کە پێویستیان بە ڕێنوێن و ڕێ نیشاندەر هەیە لەگەڵیان کەون و وەپێشیان کەون.

لە سەردەمی چەند مانگ نەخۆشی دا پێموایە زۆربەی ئێمە بەتایبەتی ئەوانەی کە لێی نزیک بووین سەرمان داوە. ئەو پیاوە لەوێشدا هەر قەڵا و کێوی ورە و ئیمان بوو. ئەمن جارێک ئاخ و ئۆف و شکایەت لە دەستی ئازارم لێ نەبیست. ئەو ژیانی بۆ ئەوە دەویست کە ئازادیی وڵاتەکەی ببینێ، جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو ئەو خەڵکەی کە خەباتی بۆ دەکا. ڕاستە لە کوردستان دا ژیا بەڵام هەموومان ئەو جێیەی کە لێی لە دایک بووین و لێێ گەورە بووین و پەروەردە بووین، زیاتر لە لامان عەزیزە کە ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی نیشتمانپەروەرییە و مەنتەقە پەرستی نیە.

زۆر بە داخەوەم کە مام ڕەحمانی مورتەزازادە وەکوو زۆر کەسی دیکەمان پێش ئەوەی کە ئەو ئاواتەی وەدی بێ و بە چاوی خۆی ببینێ، ماڵاوایی لێکردین. بەڵام بەڕاستی ئەو ژیانەی ئەو پێی ژیا، بۆخۆی و بۆ بنەماڵە بەڕێزەکەی، بۆ کەس و کاری، بۆ مەنتەقەکەی، بۆ کوردستان و بەتایبەتی بۆ هاوسەنگەرەکانی، هەم جێی شانازییە، هەم جێی لێ فێربوونە. ئارەزووم ئەوەیە کە هەموومان غەمی لەدەستدانی مام ڕەحمان بکەینە هێز و توانا بۆ ئەوەی بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە لە پێناو ئامانجەکانی دا تێ بکۆشین، بەڵکوو ئەو ڕۆژە بێ ئەگەر نەیتوانی بە زیندوویی بچێتەوە وڵاتی خۆی، لەسەر شانمان هەڵیگرین و بیبەینەوە لەو جێیەی لێی لە دایک بوو کە ڕەنگە بۆ هەموو کەس ئەوە خۆش بێ لەوێ بە خاکی بسپێرین و لەوێ وەک ئەمانەتێک بیدەینەوە خاکی نیشتمانە خۆشەویستەکەی. بەڕاستی بە دڵێکی پڕ پەژارەوە سەرەخۆشی لە هەمووان دەکەم، لە پێشەوە لە خانمە بەڕێزەکەی کە بە حەق ئەوەی کە لە کوردەواری دا دەڵێن «خوا تەختەتاش نیە، تەختە ڕێکخەرە«، بەڕاستی هاوسەری مام ڕەحمان، لایقی ئەوەی بوو کە هاوژینی مام ڕەحمان بێ، ئەویش نموونەی خانمێکی بەڕێز، خانمێکی سەبوور، خانمێکی بە بیرو باوەڕ و خۆڕاگر بوو. سەرەخۆشی لەو دەکەم، لە کوڕەکانی، لە کچەکانی، لە نزیکانی، لە خەڵکی ئاخکەند، لە خەڵکی سەقز، لە هەموو کوردستان، و بەتایبەتیش لە ئێوە هاوڕێ و هاوسەنگەر و ئیجازەم بدەن بڵێم قوتابیانی ڕێگای خەباتی مام ڕەحمانی مورتەزازادە. ڕۆحی ئەو شاد بێ. بەو ئاواتە لایقی ئەوەی بین میراتگری مام ڕەحمان و مام ڕەحمانەکان و هەموو شەهیدان و ئازیزانی لە دەستچوومان بین سپاستان دەکەم.

# مام ڕەحمان، ڕووبارێک لە دڵسۆزی و تێکۆشان و وەفا

## (بۆ کۆچی دوایی هاوڕێی لە مێژینەم مام ڕەحمان ئاخکەندی)

سەرەتای ساڵەکانی ٦٠ لە ژیانی پێشمەرگایەتیی ئەوکاتدا بە دیداری کاک ڕەحمان مورتەزازادە شاد بووم. وا ڕێکەوت لە شوینی کارو تیکۆشانمان لە ناوچەی سەقز لە یەک شوین و یەک تیم ویەک لکی پێشمەرگەدا سازمان دراین. وردە وردە ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، زۆر جار بۆم جێی پرسیار بوو بۆچی کاتی کۆبوونەوەکانی بەرپرس و فەرماندەکان لە نێو هەمووماندا بۆ راوێژ و حەرەکەت کردن تەنیا کاک ڕەحمان بانگ ئەکەن و پرسی پی دەکەن.

ساڵی ١٣٦٢ لە ئاوایی «سیانزار»ی ناوچەی سەرشیوی سەقز کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەقز بەڕیوە چوو. وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی گەروک دیاری کرام. هەر لەیەکەم کۆبوونەوەدا رامگەیاند من شارەزایی کەمم هەیە لە سەر ناوچەکە و باش بەلەد نیم، پیوستیم بە هاوکاری هەیە. پێیان وتم کاک ڕەحمان ئاخکەندی لەو کۆمیتەیە کار دەکات خەمت نەبێ.

دەست بە کار بووین و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوچەمان پێک هێنا و بەرەو ناوچەی جێی تێکۆشانمان کەوتینە رێ. کاک ڕەحمان وتی تۆ جارێ باش ئەم ناوچەیە بەلەد نیت و لەوانەیە خەڵکەکە بە باشی نەناسیت، خۆم هاوکاریت ئەکەم و هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ حیزبن پێت دەناسێنم. لەگەڵ ئەوەی پێشڕەومان بوو، بە شەو و بەرۆژ لە هەر ئاواییەک کە چووباین ئەو کەسانەی ئەندام، لایەنگر یا دۆستی حیزب بووایەن پێی دەناساندم و شوینی قسە کردن مام ەرحمان دیاریی دەکرد. ئەمجار بۆم دەرکەت بۆچی کاتی خۆی بەرپرسەکان پرسیان پێدەکرد. سەیر لەوە دا بوو ئەو بەلەدی و خەڵک ناسینە تەنیا تایبەت بە یەک ناوچە نەبوو لە جەرەیانی جەولەکانمادا بۆ ناوچەکانی سەرشیو ،خورخورە، تیلەکۆ، فەیزوڵلابەیگی، بە هەمان نەفەس وبە هەمان شیوە ڕێنوین ورێنیشاندەرمان بوو. لە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی بەرپرس و فەرماندەکاندا ئەو فەرقی پێنەدەکرد، نیەتی حیزبایەتی و کاری بەردەوام بوو. هەرکەس هاتبا و ڕۆیشتبا بە بێ فەرق و جیاوازی، مام ڕەحمان کاری خۆی بە راستی و دروستی بەڕیوە دەبرد.

لە سەرەتادا کە ماڵی لە سەقز بوو دووکانی لیفەدرووی هەبوو. لە نێوشار پێیان دەوت ڕەحمانی لیفەدروو. پاشان کە چەکی دەست دایە بە کاک ڕەحمان ئاخکەندی و زۆر جاریش پێشمەرگەکان بە خاڵە ڕەحمان بانگیان دەکرد، لەگەل هەڵچوونی تەمەن بوو بە مام رحمان.

بە تێپەڕ بوونی ساڵەکان پێمان نایە نێو قۆناغی پارتیزانی و دێهات بە شێوەی پێشوو بەدەستمانەوە نەمان و هەموو دوژمن پێگەی لێدانان. شاخ و بەرزاییەکانیش بوونە مۆڵگەی لەشکری دوژمن. هەر چەند مام ڕەحمان زۆربەمانی شارەزای ناوچە کردبوو بەلام کە تەنگانە دادەهات لە هەمووان شارەزاتر هەر خۆی بوو.

هەموو جارێ کە دەگەیشتینە شوێنی حەسانەوە پێی دەوتم نیگابانی بەری بەیان بۆ خۆم دەبم و ئاگری بەیانییش خۆم ئەیکەمەوە، ئاگرەکە ئەبێ بێ دووکەڵ بێت و پایگاکان پیمان نەزانن، تا خەڵک بە مووچە و مەزرا وەر دەبن با دوژمن بە شوێنمان نەزانێ . کتریی وەسەر دەنا، چیلکەی ورد وردی هەڵدەگرت و توێکوڵەکەی لێ دەکردنەوە بە بێ ئەوی بێڵێ دووکەڵ بکات چایی بەیانیانی بۆ ساز دەکردین. کە دەچووینە ئاواییەکان لە هاتنە دەرەوەدا هەژگێکی پەیدا دەکرد، ئەیوت بیدەنە دەست نەفەری ئاخر با ڕایکێشێ جێگەی پێمان دیار نەبێ. کە لە جادەی ئیسفاڵت دەپەڕینەوە دەیوت پشتاو پشت بڕۆن با ئەگەر دوژمن جێ پێی هەڵگرتین وا بزانێ بە لای دیکەدا ڕۆیشتووین.

بە هۆی شارەزایی و ڕەوشتبەرزی و راستگۆیی ببووە جێ متمانەی خەڵکی ناوچەی سەقز، لە زۆر شوێن پێیان دەوتین ئەوە پەلەکەی ڕەحمان ئاخکەندی هات. کچانی گوندەکانی سەقز زۆر جار دەسماڵیان گوڵدۆزی دەکرد، پووزەوانەیان بۆ پێشمەرگەکان دەچنی، لە نەکاو مام ڕەحمان بانگی دەکردم و دەیوت ئەوانە بۆ پێشمەرگەکان چنراون، ناوەکانیانی پێ دوتم ئەیوت بیاننووسە خۆم قسەم لەگەڵ کردوون، حیزبین، با بۆ ڕۆژی خۆی زەحمەتەکانیان لە بیر نەکرێ. بەڕاستی بە دەیان کەس هەن کە کاک ڕەحمانیان وەک ئەمیندار و جێ بڕوای خۆیان چاو لێ دەکرد ونهێنیەکانیان لە لای کاک ڕەحمان بە ئەمانەتەوە مانەوە و تووشی هیچ گرفتیک نەهاتن.

لە چیای وەنەوشە لە نزیک شاری سەقز تووشی شەڕیکی قورس هاتین، شوێنێکی حاستەم بوو، هیزەکانی دوژمن هەر ئیوارێ، خۆر مابوو هەموو ریگەکانیان لێ کردینە کەمین و بۆ ئەوەی دەرباز نەبین لە گەڵ شەهید شارۆخ مرادی فەرماندەری هیزی ئەو کاتی دووی ڕێبەندان کەوتینە تەگبیر چی بکەین کە بتوانین بە بێ زیان دەر باز بین. ئاخر ئەو ڕۆژە هیزیکی زۆری دوژمن کوژرابوو، ئیمەش پێنچ شەهیدمان هەبوو. وتم کاک شاروخ تو تەرتیبی ناشتنی شەهیدەکان بدە، با کاک ڕەحمان بانگ کەم بزانم چی ئەلێ؟ من و کاک شاروخ پیمان وابوو دەبێ یەکیک لە کەمینەکانی دوژمن بشکێنین و ئەگەر تەلەفاتیشمان هەبێ مەجبورین دەبێ خۆ دەر باز کەین. وتم کاک ڕەحمان ئیمە نەزەرێکی وامان هەیە تۆ ئەڵێی چی؟ وتی جا شتی وا بۆ ئەکەن؟ من پێشتان ئەکەوم لە بەینی کەمینی نزیک «ئایچی» و پادگانی سەقز دەپەڕینەوە بەری ناوچەی سەرشیو،١٥٠ میتریک فاسلەی پادگان و کەمینەکە ئەبێ، زیاتر لە نزیکی پادگانەوە ئەڕۆین، پێیان وایە هیزی خۆیانین. با پێشمەرگەکان چەکەکانیان بە دەستی راستەوە بگرن، شۆقی گڵۆپەکانی پادگان ئاشکرامان نەکات کەمینەکان پێمان بزانن. لەو شوێنە حاستەمە پێشمان کەوت و هیزی پێشمەرگەی بە ئاسانی بە نێو هیزەکانی دوژمندا دەر باز کرد! مام ڕەحمان ئەوە و دەیان شتی لە و جۆرەی بۆ خزمەتی حیزب و گەلەکەی ئەنجام داوە.

کاک ڕەحمان زۆر جار بەرپرسایەتیی تیمەکانی پێشمەرگەی لە ئەستۆ بووە و بە بێ ئەوەی ئەو تیمانە زیانیان پێبگا مەئمووریەتە حیزبیەکانیان بە سەرکەوتنەوە ئەنجام داوە. سەیر لەوە دابوو ئەو هەموو کارانەی رادەپەڕاند قەت ئیدیعای پلە وپایە و مەسئولییەتی نەبوو. لە کۆبوونەوەکاندا نەزەرەکانی خۆ بە سەراحەت و نەخت و پوخت باس دەکرد. شەرمی لە کەس نەبوو، هەر کەس رەخنەی لە سەر بوایە رەخنەی لیدەگرت، ئینسانیکی بە هەڵویست و بوێر بوو.

لە باری شەخسیەتییەوە کەسێکی دەگمەن بوو. بە ئەخلاق و بەرەوشت بوو، پلەی و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتیی هەبوو. بە ورە بوو، بەشداریی دەیان شەڕی جۆراوجۆری کردوە، لە بەرانبەر دوژمندا سەرسەخت و کۆڵنەدەر بوو. هەموو جارێ ئەیوت نامە بنووسن بۆ ئەو بەکرێگیراونە وهەڕەشەی دەستهەڵگرتن لە نۆکەری بۆ دوژمنیان بۆ بنووسن،با واز بێنن لە نۆکەری بۆ رێژیم.

مام ڕەحمان، جگە لە ناوچەی سەقز، لە ناچەکانی بۆکان،مەهاباد، بانە، ڕەبەت، پیرانشار،دیواندەرە، و زۆر شوینی دیکە هەڵسووڕاوە و پێشمەرگایەتیی تێدا کردون.

لە بنکە سابیتەکاندا تێدەکۆشا زانیاریی خۆی بەرێتە سەرێ. ڕۆژنامە و گۆڤارە چاپکراوەکانی حیزبی بە وردی دەخوێندنەوە. هەر وا کە خەڵکی بۆ هاتنە نێو ریزە کانی حیزب هان دەدا بنەماڵەکەی خۆشی هان دەدا بۆ تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتدا. بۆ نموونە، کاک ساڵەی برای یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی حیزب لە نیو شاری سەقز بوو کە بەداخەوە بەهۆی تەسادوفی ماشین گیانی لە دەست دا. کوڕی گەورەی مام ڕەحمان پێشمەرگە بوو، کە پاشان بوو بە کادری دەرمانی وساڵانێک لە ریزی حیزبدا خزمەتی کرد. خیزان و منداڵەکانی زۆر جار لە لایەن رژیم راپێچی ئیتلاعات کران و ئازاریان چێشتوە، بەڵام هیچ یەک لەو شتانە ورە ی پۆڵایینی پیری سەنگەریان تا دوا هەناسەکانی نەبەزاند.

مام ڕەحمان دەیان نهێنیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکراتی لەگەڵ خۆی بردە بن گڵ و وەک گلێنەی چاوی پاراستنی. ئەو نهێنییەکانی پێوەندیدار بەو ئەندام و لایەنگر و دۆستانەی لە رێگەی ئەوەوە پێوەندیان بە حیزبەوە هەبوو،نەدەدرکاند،بۆیە کەسیک لەو بارەوە تووشی ئەزیەت و ئازار نەهات. دڵنیام هەموو ئەو کەسانەی کاک ڕەحمانیان دەناسی بە مەرگی ئەو ئینسانە مرۆڤدۆست و نیشتمانپەرەوە خەمبار بوون. وەک خۆم رێنوێن و رێپێشاندەر و، حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کادریکی قاڵ بووی مەیدانی بەربەرەکانی لە گەڵ دوژمن و، خەڵکی ناوچەی سەقزیش یارێکی بەوەفا و ماندووییناس وجێی بڕوای خۆیان لە دە ست دا.

لە بەارنبەر ڕۆحی پاکی هاوڕێی بەمشوور، سادە و سادق، خاکی و خەڵکی ، ماندووییناس وبە بڕوا،مام ڕەحمانی مورتەزازادە سەری ڕێز دادەنەوێنم و یادی ئازیزی بەرز رادەگرم.

**ڕۆحی نەمری مام ڕەحمان شاد**
**بەردەوامی بۆ ڕێگا و ڕێبازی**
**سەید ئەحمەد حوسەینی**
**٢٠١٢/١/١٥، فینلاند**



نووسەر لەگەڵ مام ڕەحمان دا (دەیەی ٦٠ی هەتاوی)

# ڕوانگەیەکی کۆن بۆ کێشەی لەمێژینەی کورد، شەڕ یا پێشگیری لەشەڕ

**بەشی یەکەم**

**مستەفا مەعروفی**

کاتێک بەهمەنی قوبادی فیلمی « ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان»ی دروست کرد، ڕەخنەگرانی سینەما لە دەرەوە پێیان گوتبوو کە: ئەوە سەبکێکی سور ڕیئالیستی ( نا واقعی )یە. بۆ ئەوان کە لە دنیایەکی دیکەدا دەژین، زەحمەتە باوەڕ بکەن کە ئەمە بەڕاستی ژیانی واقعیی بەشێک لە خەڵکی کوردستانە و هیچ موبالەغەی تێدانییە. ئەوان کاتێک ببینن کەسانێک هەن لە سنوورەکانی کوردستانی تورکیە لە شەوانی سارد و بەفراویی کوێستانەکانی ئەم ناوچەیە ڕزقی ژن و منداڵیان لە چەند کیلۆ شەکر کە لە وڵاغەکانیان بار کردوە، دابین دەکەن و بەوحاڵەش دەکەونە بەر هێرشی ئەرتەشی تورکیە و دەیان کەسیان لێدەکوژرێ ، دەزانن کە، نەخێر،کارەسات لە کوردستان چەندە جیددی و ڕیئالیستیە.

مەبەست لەم دێرانە نە ڕەخنەی هونەرییە نە بە تەنیا ئەم ڕووداوە تاڵەی سەرەوە، بەڵکوو مەبەست تێڕوانینی کۆن و کلاسیکیی کەسانێکە بۆ کێشەی کورد کە بەشێکی لە نەبوونی زانیاری لە بارەی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتوە و بەشێکیشی لە بیری تەسک و هەستی شۆڤینیستی و مەزنیخوازییەوە و بەشێکیش لە هەردووک هۆ. مەبەست بە تایبەتی ئەوباس و خواسانەیە کە بە دوای دەرچوونی بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەرمانانی ئەمساڵدا لەمەڕ میکانیزمێکی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی کورد لە دووپات بوونەوەی ئەو کارەساتانەی لە ڕابردوودا بەسەر کورد هاتوون و ئەو مەترسیانەی ئێستا و لە داهاتوودا هەڕەشەی لێدەکەن.

کەسانێک ئەو بانگەوازەیان بە «بانگهێشتنی دەسەڵاتی بێگانە بۆ هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران» !!ناوبرد و ئەمەیان هەوڵدان بۆ « جیاییخوازی»و « لەت لەت کردنی ئێران» ناوبرد و ئەم جۆرە هەوڵانەیان بە « مەترسی»!! بۆسەر «یەکیەتیی خاکی ئێران»و «نەتەوەی ئێران»! لەقەڵەم دا و بزووتنەوەی کوردیان بە «دەسکیسی بێگانە» تۆمەتبار کرد. ئەمانە و چەند تێڕوانینی دیکەش لەم قسانەن کە تەقریبەن سێ ڕوبعە قەڕنە وەک فۆرم و کلێشە هەر کە باسی «کوردستان» هاتە گۆڕێ، لەلایەن نەیارانی کوردەوە چ لە بەرگی حکوومەتدا و چ لە بەرگی ئۆپۆزیسیۆندا، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا و چ لەسەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خراونەتە ڕوو. کەسانێک هەوڵیان دا مێژووی خۆمانمان پێ بڵێنەوە و ئیددیعایان کرد کە لە مێژووی حیزبی دێموکرات و ڕوانگەی د. قاسملووی نەمرەوە قەت شتی وا نەبووە.

کاتێک د. قاسملووی شەهید «ئەفسانەی م.ماکان و واقعیەتی گەلانی ئێران»ی لە وەڵامی کەسێکدا بە ناوی « م. ماکان» نووسی، ئەو تۆمەت و بوختانانە ڕەت دەکاتەوە کە لە زمان م. ماکانەوە کرابوون و زۆر پێشتریش دەگوتران. بەداخەوە دوای تێپەڕینی نزیک بە چل ساڵ لەو باسانە ئێستاش ئەو باسە کلێشەییانە هەر بەو ڕستە و دەستەواژانە دووپات دەبنەوە. ٣٢ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا لە کاتی ئاشکرا ڕاگەیاندنی تێکۆشانی حیزب لە شاری مەهاباد د. قاسملوو بەو قسانە دەڵێ «گۆرانییەکی کۆن»، ئەم گۆرانییەکۆنانە ئێستاش هەر دەبیسرێنەوە. ئەم کەسانە ئەزموون و شارەزاییەکانیان لە سنووری « تاران» تێ ناپەڕێ و باسی ناوچەکانی دیکەی ئێران بە تایبەتی «کوردستان» ـ کە هەر نەبێ لە ئێراندا لە ناوچە « داغ»ەکانە ـ بۆ ئەوان وەک باس لە جیهانێکی نەناسراو و دوورە دەست وایە . لەم دێرانەدا هەوڵ دەدەین بزانین حیزبی دیموکرات کەنگێ و لە کوێ و لە کێ داوای « هێرش بۆ سەر ئێران»ی کردوە. هەوڵ دەدەین بزانین جیاوازییەک نییە لە نێوان «دەستدرێژیی وڵاتێک بۆ سەر وڵاتێکی دیکە» لەگەڵ «پێشگیریی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە کارساتێکی ئینسانی» لە وڵاتێکدا؟ بۆ دەبێ جیهان لەبەرامبەر قوربانیانی کارەساتە سرووشتییەکاندا بەرپرس بێ بەڵام لەبەرامبەر کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا کە لەلایەن فاشیزمی وڵاتەکانیانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێ و دەبنە قوربانی، نابێ بەرپرس بێ؟ هەوڵ دەدەین باسی ڕوانگەکانی حیزبی دیموکرات لەسەر ئەم کێشانە و مانەوە یان جیابوونەوە لە ئێراندا بکەین :

**حیزبی دیموکرات و « هێرش بۆسەر ئێران»**

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنەوە تا ئێستا جیاوازیی لە نێوان هێرشی دەوڵەتێک بۆسەر وڵاتێکی دیکە یان دەوڵەتان بۆ سەر وڵاتانی یەکتر لەگەڵ «پشتیوانیی نێونەتەوەیی» لە مەسەلەیەکی ڕەوا لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانەدا داناوە. یەکەمیان سروشتێکی دەستدرێژیکارانە و قازانج پەرستانەی هەیە و دووەمیان سروشتێکی مرۆڤانەی هەیە بۆ پێشگیری لە کارەساتی مرۆڤایەتی و دانانی سنوور بۆ ڕێژیمە خوێنڕێژ و شەڕخوازەکان. کەسانێک ئەو جیاوازییە نابینن یان شارەزای بایەخ و پرەنسیپە ئینسانییەکانی نێونەتەوەیی نین یان وەک ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان دەیانەوێ نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئابلۆقەدا بێڵنەوە تا دەنگیان بە هیچ کوێ نەگا و لەنێوخۆدا بە بێدەنگی لەنێو بچن. دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا لەلایەک بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد سەرکوت دەکەن و کورد لە هەموو مافە ڕەوا و ئینسانییەکانی بێبەش دەکەن و لەلایەکی دیکەش ئەمە بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی و « مافی سەربەخۆیی»! وڵاتەکەیان دەزانن و دژی ئەوەن بیروڕای گشتیی دەرەوە لە بار و دۆخی کورد ئاگادار بێ، تاکوو بە ئاسانی سیاسەتەکانیان لە دژی کورد بەڕێوەبەرن. تەنانەت ئەو ڕێژیمانە ئیزن نادەن کێشەکانی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتی خۆشیاندا بڵاو بێتەوە. بۆ وێنە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەواوی ڕووداوەکانی کوردستان و تەواوی ئەو شەڕ و کوشتارەی لە کوردستان وەڕێی دەخست پێوەندی دەدایەوە بە شەڕ لەگەڵ عێراق. لە لای بیروڕای گشتیی نێوخۆشیدا حاشای لەم مەسەلەیە کردوە!

چاوەڕوانیی ئەوە کە وڵاتێک یان زلهێزێک بە هێرشی نیزامی وڵاتێکی دیکە ڕزگار بکا لە مێژە هەیە، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ کات پێشوازیی لە «ڕزگار بوونێکی» ئەوتۆ نەکردوە، نە لە ڕابردوودا و نەلە ئێستادا و نە لە هیچ بەڵگە و سەنەدێکیشدا شتی وا گوتراوە.

ئیشارە بە چەند هەڵوێستی مێژوویی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییەدا ئەوە دەسەلمێنن کە: ١ ـ ئەم حیزبە موخالیفی هێرشی دەوڵەتێک بۆ سەر ئێرانە و ئەمە بە دەستدرێژی دەزانێ، هەروەک هێرشی ڕێژیمی سەددامی بۆ سەر ئێران بە دەستدرێژی ناو بردوە ( ١٣٥٩ )، ٢ ـ ئەگەر کورد سەرکوت نەکرێ و مافەکانی لە ئێراندا دەستەبەر بێ، هێزی کوردیش لە پەنا ئەرتەشی ئێران دیفاع لە سنوورەکانی دەکا و ٣ ـ دەستدرێژیی دەوڵەتێک بۆ سەر پێکهاتە جیاجیاکانی وڵاتەکەی و قەتڵ و عام و ژینۆسایدی ئەوان بە توندی مەحکووم دەکا و ئەم کێشەیە وەک مەسەلە نێوخۆییەکانی وڵاتێک سەیرناکا و بە ئەرکی « کۆمەڵگەی» نێونەتەوەیی دەزانێ کە سنووری بۆ دابنێ و پێشی پێ بگرێ:

بەر لە دسپێکردنی شەڕ لەگەڵ عێراق ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕی بەسەر خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیدا سەپاند، تەواوی هەوڵەکانی ئەوانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگەی سیاسی و وتوویژەوە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کرد. بۆ ماوەیەکی زۆر بە کردەوە بەشێکی زۆر لە سنوورەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەبەردەستی هێزە سیاسییەکانی کورد بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دابوو. لە نامەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک.دا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی هاتوە: «لەو بەشە لە سنووری ئێران و عێراقدا کە پێشمەرگەکانی کورد دامەزراون کەس نەیوێراوە دستدرێژی بکاتە سەر خاکی ئێران و هەروەک چەندین جار گوتوومانە پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر هەر دەستدرێژییەکی دەرەوەدا تا مردن بەرگری دەکەن.» لە حاڵێکدا کە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا شەڕێکی خوێناوی لە گۆڕێدابوو بۆ تاقە یەک جاریش حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پێی ئەو ئەسڵە کە « دوژمنی دوژمنم دۆستمە» کەڵکی لە هێزی عێراق وەرنەگرت و هیچ کات پێشمەرگەی ئەم حیزبە لەگەڵ ئەرتەشی عێراق نەچوونە دە سەنگەرێکەوە. هیچ کات ئەرتەشی عێراق بە یارمەتیی حیزبی دیموکرات پێی نەنایە خاکی ئێرانەوە. لە حاڵێکدا دەوڵەتی عێراق شتێکی ئەوتۆی پێ خۆش بووە. حیزبی دیموکرات بۆچوونی لەم بارەوە ئەوە بووە و بە ڕوونی بە دەوڵەتی عێراقیشی ڕادەگەیاند کە: یەکەم، شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کورد بەر لە شەڕی عێراق ـ ئێران دەستی پێ کردەوە کە وابوو ڕەنگە دوای شەڕی ئەوانیش هەر درێژەی هەبێ، دووەم، شەڕی کورد شەڕێکی پارتیزانیە و بە چەکی سووکە و شەڕی ئەوانیش شەڕی جەبهەیی و مونەززەمە، سێیەم، شەڕی کورد بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کوردە بۆ ناچارکردنی ڕێژیم بە وتوویژ بەڵام شەڕی ئەوان بۆ گرتنی وڵاتێکی دیکەیە.

لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی ئێران ـ عێراقدا حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاند ئەگەر کۆماری ئیسلامی دان بە مافەڕەواکانی کورد دابنێ و مافی خودموختاری قاییل بێ بۆ کورد، هێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان شانبەشانی ئەرتەش دیفاع لە سنوورەکانی وڵات دەکەن. بەڵام دەسەڵاتی فەرمانڕەوا پێویستیی بە « دیفاعی کورد لە سنوورەکانی وڵات» نەبوو. لە ڕاگەیەنراوێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندیدا ( ١٣٥٩/١/٢١) بەدوای تەحریمی ئێران لەلایەن کارتێر سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکاوە، ئەم هەڵوێستە دیسان پێی لەسەر داگیراوەتەوە: «ئێمە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەروەک زۆر جار گوتوومانە جارێکی دیکەش ڕادەگەیەنین کە خەڵک و پێشمەرگەکانی کوردستان لەبەرامبەر هەر چەشنە دەستدرێژییەکی دەرەوەدا لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ شانبەشانی خەڵکی سەرانسەری ئێران شەڕ دەکا.»

دیارە حیزبی دیموکرات بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی مێژوو کە : دەوڵەتانی دەور و بەر بێ ئەوەی کورد لە دەسەڵات و ئیمتیازات دا بەشدار بکەن، لە شەڕەکانیان دا بەشداریان کردوون. لە ڕێککەوتنەکانیان دا کورد حوزووری نەبووە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە بڕیاری لەسەر دراوە. لە کاتی ئاشتی دا نوێنەری بەشدار نەبووە و ئەگەر دەسکەوتێکیش بووبێ لێی بێبەش بووە. وێرانییەکانیشی قەت قەرەبوو نەکراونەتەوە. حیزبی دیموکرات پێی وابووە مادام ئێرانین، هەموو ئێرانییەک وەک یەک ئەرکی سەرشانیەتی دیفاع لە ئێران بکا، کەوابوو دەبێ هەموو ئێرانییەک لە ماف و دەسەڵاتدا وەک بێ، بەڵام هەرگیز لە ئێراندا کورد لە ماف و دەسەڵاتدا حیسابی ئێرانیی بۆ نەکراوە. بۆیە حیزبی دیموکرات بە دەرسوەرگرتن لە مێژوو دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانی کوردی وەک مەرجی دیفاع لە هەڕەشەی دەرەوە بۆ سەر ئێران داناوە. ناکرێ بەشێک لە لاوانی کورد لە دیفاع لە ڕێژیمێکدا ببنە قوربانی و بەشەکەی دیکەشی بە دەستی هەمان ڕێژیم لەنێوبچن. چونکە لە تورکیەی سەردەمی ئاتاتورکدا بە کردەوە ئەمە ڕووی دا.

کاتێک ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ٢٠٠٣دا هێرشیان کردە سەر ڕێژیمی سەددام و سەرۆککۆماری ئەمریکا، جۆرج بووش کۆریا و سووریە و ئێرانی بە تەوەرەی شەڕ ناو برد، زۆر کەس پێی وابوو هاکا هێرش دەکرێتە سەر ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی وابوو کە پێشگیری لەفرۆشتنی چەک و چۆڵ و تیکنۆلۆژیی نیزامی بە کۆماری ئیسلامی، پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆن و پەرەگرتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دەبێ چارەنووسی ئەم ڕێژیمە دیاری دەکەن. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتوویژ لەگەڵ نووسەری ئەمریکایی، جاناتا ڕاندالدا دەڵێ: «سەررەقی و کەللە شەقیی ڕێبەرانی ئێران... ئەو نیگەرانیە بەرەبەرە زیاد دەکا کە شەڕێکی وەکوو عێراق لە ئێرانیش روو بدا. کە باسی نیگەرانی دەکەم لەبەر ئەو نیە کە پێمان ناخۆش بێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێ...بەڵام گرفتار بوون بەو چارەنووسە کە ئێستا عێراق ـ بە خۆشیەوە کوردستانەکەی ژێر دەسەڵاتی کوردیی لەگەڵ نیە ـ گرفتاری بووە، پێم وایە ئارەزووی کەس نیە» . هەر لە درێژەی ئەم وتوویژەدا هاتووە: «نە بەتەنیا دیالۆگ و نە شەڕ ڕەنگە هیچیان کارساز نەبن.»



**بانگەواز بۆ دنیای دەرەوە و ڕاکێشانی پشتیوانیی بیر و ڕای گشتی و ناوەندە بڕیاردەرەکانی دەرەوە لە مەسەلەی کورد لە مێژووی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورددا زۆرە و ئوسووڵەن هەر نەتەوەیەکی بندەست یان هەر کەمایەتییەکی ستەملێکراو لەم جیهانەدا پەنا دەباتە بەر ئەم شێوە لە خەباتە دیپلۆماتیکییە، بە تایبەتییش کە لە دەیەی ٩٠ی سەدەی پێشووەوە وەک پرەنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و نێونەتەوەیی لێهاتوە.**

**نێوەڕۆکی بەیاننامەکەی ح.د.ک**

بەیاننامەی ئەم دواییانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هیچ جۆر داوای هێرشی ئەمریکا یان وڵاتێک بۆسەر ئێرانی تێدا نیە بەڵکوو داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی کورد لە مەترسیی شۆڤینیزمی ناوچەیە کە هەڕەشە لە کورد دەکا. ئەوەی لەو بەیاننامەیەدا شۆڤینیستەکان و مەزنیخوازەکانی تووڕە کردوە ئەم چەند ڕستەیەیە: «بڕیاری ١٧٩٣ی ئەنجومەنی ئاسایش ئەو بڕوایە لەلای نەتەوە ژێردەستەکان و خەڵکی وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو دروست دەکا کە وەختی ئەوە بەسەر چووە دیکتاتۆرە دژی گەلییەکان لەژێر پەردەی سەروەریی نیشتیمانی ( حاکمیت ملی ) دا ئازادیخوازان سەرکوت بکەن و دەنگی مافخوازیی نەتەوە زۆرلێکراوەکان لە گەرووی بخنکێنن.. مافی سروشتیی نەتەوەی کوردە چاوەڕوانیی ئەوەی هەبێ کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مەسەلەی کورد بەو جۆرەی هەیە تێبگەن وەک گیر وگرفتێک کە پێوەندیی بە ژیانی دەیان میلیۆن کەسەوە هەیە و یەکێک لە گرنگترین مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە بۆی لە فکری چارەسەر دابن...ئێمە وێڕای خۆشحاڵیی لە سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی لیبی و پێشوازی لە بڕیاری ١٧٩٣ی ئەنجومەنی ئاسایش لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا، داوا دەکەین ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر بە پشت بەستن بە ئەسڵی « بەرپرسایەتیی پارێزگاری»، مەترسیی گەلەکۆمەگیی دەوڵەتەکان و سەرکوتی دەسەڵاتەکان لەسەر نەتەوەی کورد وەلا بەرن و هەر لەو کاتەدا داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخراو و کۆڕکۆمەڵەکانی کورد و دۆستی کورد دەکەین کە لە پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکانی خۆیاندا بە تاک و بە کۆ ئەم داخوازییەڕەوایە دەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە بڕیاربەدەستە نێونەتەوەییەکان بێننە گۆڕێ و پێی لەسەر دابگرن.»

ڕوون و ئاشکرایە بەیاننامەکە ڕووی لە: «کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی»و « ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان»ە. لە کوێی ئەو بەیاننامەیەدا « داوا لە دەوڵەتان کراوە هێرش بکەنە سەر ئێران»؟ بانگەواز بۆ دنیای دەرەوە و ڕاکێشانی پشتیوانیی بیر و ڕای گشتی و ناوەندە بڕیاردەرەکانی دەرەوە لە مەسەلەی کورد لە مێژووی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورددا زۆرە و ئوسووڵەن هەر نەتەوەیەکی بندەست یان هەر کەمایەتییەکی ستەملێکراو لەم جیهانەدا پەنا دەباتە بەر ئەم شێوە لە خەباتە دیپلۆماتیکییە، بە تایبەتییش کە لە دەیەی ٩٠ی سەدەی پێشووەوە وەک پرەنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و نێونەتەوەیی لێهاتوە. ئەگەر ڕۆژێک هێرش بکرێتە سەر ئێران هێرشکەران بە ئەمری ح.د.ک. دێن ـ کە هەرگیز داوای وای نەکردوە ـ یان چالاکییە ئەتۆمییەکان کۆماری ئیسلامی، هەڕەشەکانی ئەحمەدی نەژاد لە ئیسرایل و وڵاتانی دیکە، داڵدەدان و یارمەتیدانی ڕێکخراوە تێرۆرییستەکان، دەستێوەردان لە کار و باری وڵاتانی دیکە، دەبنە هۆی هێرشێکی ئەوتۆ؟

با چەند نموونە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێنینەوە کە هێندێک کەس بە ئەنقەست یان لە ڕووی ناشارەزاییەوە ئەم بانگەوازەیان بە بیدعەت ناو برد:

لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا پاش کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی بێدیفاعی «قاڕنێ» کە ٦٨ کەس ـ ژن و منداڵیشیان لە نێو دابوو ـ بە دەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە دڕندانەترین شێوە کوژران، ح.د.ک. ڕایگەیاند کە: «ئێمە داوا لەکۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکا، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن، خاچی سووری نێونەتەوەیی و هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکەین سەبارەت بە جینایەتە ترسناکەکانی پاسدارەکان بە توندی ڕەخنە لە دەوڵەتی ئێران بگرن». لە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٨٠دا د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزب نامەیەکی بۆ « هەموو ڕێکخراوە دیموکراتیک و پێشکەوتووەکانی جیهان، هەموو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان، و هەموو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆست و ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ» نارد. لەم نامەیەدا وێڕای ئاماژە بە سەرکوتی بزووتنەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بە تۆپ و تانک و فرۆکە و هێلیکۆپتێر و کوژرانی « هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان.. قەتڵ و عامی ژن و پیر و منداڵانی شار و گوندەکانی کوردستان»، دوا دەکا : « لە یارمەتییە ماددی و مەعنەوییەکان بە خەڵکی ستەملێکراوی کوردستانی ئێران درێغ نەکەن.»

### «د. مەحموود عوسمان» لە وتوویژ لە گەڵ «کوردستان» دا:

# لایەنە عێراقییەکان دەریانخستوە کە بێ کەڵکن و ناتوانن وڵات بەڕێوە بەرن

ئامادە کردنی: مادح ئەحمەدی

**ئاماژە: قەیرانی نێوخۆی عێراق بابەتێکە کە بەردەوام چاودێران، میدیاکان و ناوەندە سیاسییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوەو سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشاوە. رەنگە پێکهاتەی پلۆراڵ و فرە چەشنی عێراق هۆکاری سەرەکیی ئەم نەسازان و ناکۆکییانە بێ و ئەم فرەچەشنییە هەوێنی کێشەی ئیدۆلۆژیک و سیاسی بێ. ئەم دۆخە وای کردوە کە وڵاتانی دەرەکی و بەتایبەت دراوسێیەکانی عێراق ئاسانتر بتوانن دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتە بکەن و بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان بەردەوام ناکۆکییەکانیان قووڵتر کردۆتەوە. کێشەی نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە لە عێراق مێژوویەکی هەیە و لە رابردوودا زیاتر بە زەبری هێز کۆنترۆڵ کراوەو تا ئێستا بە شێوەی بنەڕەتی چارەسەر نەکراوە. پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ماوەی رابردوودا کێشەی نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە لە عێراق بۆ جارێکی دیکە تەقیەوەو قەیرانەکان دیوێکی ئاڵوزتریان بە خۆیانەوە گرت. لەم بارەوە رای جۆراوجۆر لە ئارادان و تائێستا کێشەکان بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و ئەوەکە کورد وەک کاراکتەرێک چۆن مامەڵەکە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکا، لەم ژمارەیەدا، «کوردستان» وتوویژێکی لەگەڵ «دوکتۆر مەحموود عوسمان»، کەسایەتیی سیاسیی کورد و ئەندامی پارلمانی عێراق لە سەر «لیستی هاوپەیمانیی کوردستان» ساز داوە.**

**مادح ئەحمەدی: دوکتۆر! وەک یەکەم پرسیار، پێتانوایە ئەو قەیرانەی ئێستا عێراق تووشی هاتوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چی؟**

**د. مەحموود عوسمان:** لە راستیدا ئەم قەیرانەی ئێستا عێراق تووشی هاتوە، رابردوویەکی هەیە و ریشەیەکی مێژوویی هەیە. بۆ خۆت دەزانی لە عێراقدا بەردەوام شیعە و سوننە بەیەکەوە کێشە و ململانێیان هەبووە. ئەم کێشەیە لە نێوان شیعە و سوننەدا کۆنە و وەکوو پێویست چارەسەر نەکراوە. پاش بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکەی دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر وردەوردە کێشە و ناکۆکییەکان لە نێوان دوو لیستی «عێراقیە»(سوننەکان) کە لە لایەن «ئەیاد عەلاوی»ـەوە سەرۆکایەتی دەکرا و «دەوڵەتی یاسا»(شیعەکان) کە لە لایەن «نووری مالکی»یەوە سەرۆکایەتی دەکرا لەسەر پێکهێنانی حکوومەت زیاد بوو. کێشەکەکان ئەو کات ئەوە بوون کە کێ حکوومەت پێک بێنێ؟ چۆن حکوومەت پێک بێ؟ لە ئاکامدا بەوە گەیشتن کە حکوومەتێکی بنکە فراوان پێک بێ. لەو کاتەوە حکوومەت پێکهاتووە بڕیار بووە حکوومەتە هاوبەش بێ و شەریک بن، بەڵام وا نەبوو. ئەمە بووە هۆی کێشە و ئێستاش کە هێزەکانی ئەمریکا کشاونەتەوە ئەم ناکۆکییانە پەرەیان سەندوە.

**مادح ئەحمەدی: بەم پێیە دەکرێ بڵێین ئەم کێشانە رابردوویەکیان هەبووەو بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا تەقیوەتەوە؟**

**د. مەحموود عوسمان:** بەڵێ. ئەوە راستە. ئەم کێشانە هەر هەبووەو بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا تا رادەیەکی زیاتر تەقیوەتەوە و تەنانەت بابەتی شەخسییشی تێکەتووە و یەکتر تاوانبار دەکەن و کێشەکان ئاڵۆزتر و نارێک بوون.

**مادح ئەحمەدی: باشە ئەگەر لەم روانگەوە سەیری بابەتەکە بکەین، باشتر نەبوو هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بمێننەوە؟**

**د. مەحموود عوسمان:** نەخێر. وا نەدەبوو. چونکە بمابایەنەوە کێشەکە هەر دەما. ئەگەر ساڵێک دواتر بکشابایەنەوە، هەمان شت رووی دەدا و کێشەکە هەر دەتەقیەوە. چونکە بە باوڕی من هێزەکانی ئەمریکا رۆڵی زۆر باشیان نەگێڕاوە لە عێراقدا. هیچ دەورێکی وایان نەگێڕا بۆ ئەوەی هێزەکان لە عێراق رێکبخەن و کێشەکان چارەسەر بکەن و کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان چارەسەر بکەن. هیچیان نەکردوە. ئەگەر ماوەیەکی دیکەش مابایەنەوە، پاش ئەوە دەکشانەوەو دیسان ئەوەی ئێستا رووی دەدا. ئەوەندە کاریگەری نەبوو و لە ئاکامدا ئەوان هەر دەبا بکشابایەنەوە.

**مادح ئەحمەدی: باشە دوکتۆر!، ئێوە زۆر جار لە لێدوانەکانتاندا ئەمریکا تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن «ئەمریکا لە عێراق دەوری خراپی هەبووە» و ئێستاش ئاماژە بەوە دەکەن ئەمریکا رۆڵی چارەسەری لە کێشەکاندا نەگێڕاوەو نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکا. باشە ناکرێ بپرسین عێراقییەکان یان لایەنە سیاسییەکان چییان کردوە، تا ئەوجا ئەمریکا تۆمەتبار بکەین؟**

**د. مەحموود عوسمان:** لایەنی عێراقی بۆ خۆیان زۆر کەمتەرخەم بوون و وەکوو پێویست هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانیان نەداوەو رێک نەکەوتوون. کێشەیان زۆر بووە. بەرژەوەندی وڵاتەکەیان نەخستۆتە پێش بەرژەوەندی کۆتلەکانیان. لایەنە عێراقییەکان دەریانخستوە کە بێ کەڵکن و ناتوانن وڵات بەڕێوەبەرن. ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا لە عێراقدا هیچ کێشەی چارەسەر نەکردوە، بە پێچەوانەوە بە هاتنی بۆ ناو عێراق کێشەکان زیادیان کردوە. ئێستاش عێراقی جێهێشتووە. عێراق پڕ لە کێشەیەو رۆیشتووە. راستە رێژیمی سەدامی روخاندوە و ئەوە شتێکی زۆر باش بوو. پاش ئەوە ئەمریکا هیچ سیاسەتێکی وای نەبووە. نە کێشەی شیعە و سوننەی چارەسەر کردوە. ئەمریکا حکوومەتێکی لە عێراق دروست کردو تەسلیمی ئێرانی کرد. ئێستا ئەو حکوومەتەی لە عێراقدایە، مەیلەو ئێرانە. واتە حکوومەتێکی روخاند کە دژی ئێران بوو و حکوومەتێکی هێنا کە مەیلەو ئێران، خزمەتی ئێرانی کرد. کێشەکانی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانی هیچ چارەسەر نەکردوە. هیچ شتێکی نەکرد بۆ ماددەی ١٤٠ و ئەو بابەتانە. لە هەمان کاتیشدا نەیتوانیوە لە عێراقدا جۆرێک بارودۆخەکە رێک بخاو تێکنۆلۆژیا بدا بە هێزەکانی عێراق و راهێنانیان پێ بکا بۆ ئەوەی بەرنگاری تیرۆریستان و دوژمنانی عێراق ببنەوەو بەرگری لە عێراق بکەن. زۆر کەموکوڕی هەبووە و بەداخەوە ئەمریکا لە عێراقدا هیچی نەکردوەو وەکوو هێزێکی سەربازی و بزنسی(ئابووری) لە عێراقدا جووڵاوەتەوە.

**مادح ئەحمەدی: باشە دوکتۆر! ئاماژەتان بەوەدا کە لایەنەکان(ئەو لایەنانەی کە ئێستا لە گۆڕپانی سیاسیی عێراقدان) بێ کەڵکن و ناتوانن وڵات بەڕێوەبەرن.**

**د. مەحموود عوسمان:** بەڵێ. وایە. بێ کەڵکن.

**مادح ئەحمەدی: باشە لەم حالەتەدا کە ئێوە باسی دەکەن، ئاڵترناتیڤ چییە؟**

**د. مەحموود عوسمان:** ئاڵترناتیڤ سێ شتە. یەکەم: ئەوەیە لایەنەکان بتوانن ببنە شەریکی راستەقینەو لەگەڵ یەک لەسەر بەرنامەیەک و سیستمێکی نێوخۆی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق، لە سەر مکانیزمێک بۆ ئەوەی چۆن دەجووڵێنەوەو هەڵسوکەوت دەکەن، رێککەون. ئەگەر ئەوەیان پێ نەکرا، کە ئەوە ساڵێکە نەکراوەو نازانین ئیتر لەوەو بەدوا ئەگەر هەوڵبدەن بکرێ. ئەگەر بکرێ هەوڵبدەن لەو کۆنفراسەدا کە بڕیارە بەڕێوەبچێ ئەوە بکەن و لەسەری رێککەون. دووهەم: ئەگەر نەکرا با ئەو لایەنەی کە زۆربەی پارلمانی بەدەستەوەیە دەسەڵات بەڕێوەبەرێ و لایەنەکانی دیکەش ئۆپۆزیسیۆن بن. هەموو پارلمان و وڵاتێک ئەوەی تێدایە. سێیەم: ئەگەر ئەوەش نەکرا دەبێ هەوڵبدرێ هەڵبژاردنی دیکە بکرێ. بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی دیکەش پێویستی بە سەر ژمێری هەیە. پێویستی بە یاسای حیزبەکان و رێکخستنەکان هەیە. پێویستی بەوەیە کە یاسای هەڵبژاردنەکە خۆی بە شێوەیەک گۆڕانکاری تێدا بکرێ. ئەڵترناتیڤەکان ئەمانەیە. ئەمانە لەبەرچاون. ئەگەر ئەم شتانە هیچی نەکەن، مانای وایە کە لایەنەکانی عێراق بەدەستی خۆیان کێشەکە تەسلیمی ئێران، تورکیا، سعودیا و .. دەکەن. ئەمەش شتێکی خراپە. چونکە هەرکام لەم وڵاتانە بە دوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێ و ململانێیەکە بە زیانی عێراقە.

**مادح ئەحمەدی: بە شێوەیەکی کورت ئاماژەتان بە دەستێوەردانی دەرەکی لە عێراقدا کرد. بە تایبەتی دەستێوەردانی ئێران، تورکیاو سعودیا لە کاروباری عێراقدا. دەکرێ لەم بارەوە زیاتر قسە بکەن و بچینە ناو بابەتەکە. ئەگەر بکرێ زیاتر لەو رووەوە کە ئاماژەت پێدا ئەمڕۆ دەسەڵاتێکی لە عێراق لە سەر کارە کە بە کردەوە بە بڕیاری ئێران هەڵدەسووڕێ.**

**د. مەحموود عوسمان:** بەڵێ. ئەو دەوڵەتەی ئێستا لە سەر کارە، ئێران پشتیوانیی لێدەکا. بەو شێوەی کە هەبووە ئێران پشتیوانی لە برا شیعەکان دەکا. چۆن گرنگە بۆیان ئەو دەسەڵاتەیان بە دەستەوە بێ و تێک نەچێ. بەتایبەتی ئەوە ئێستا دەبینین سوریا خەریکە تێکدەچێ و بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێران لاواز بێ. لە بەرانبەریشدا دەبینین تورکیا چەندە بە ئاشکرا قسە دەکا و هەڵویستی خۆی دەردەبڕێ. عەبدوڵڵا گویل، ئەردۆغان، داود ئۆغلۆ و.. جۆرێک قسە دەکەن کە ئەنەهوو عێراق ویلایەتێکی خۆیانە. وەک ویلایەتێکی عوسمانیی کۆن سەیری دەکەن. ئەوانیش بە هەموو شێوەیەک دەستێوەردان دەکەن بۆ پشتیوانی عەرەبی سوننە. لەم نێوەشدا بێگومان ئەمریکا پشتیوانی تورکیا دەکا. ئەمە مانای وایە دەستێوەردانەکە هەیە. سعودیە و خەلیجیش لەو کێشەیەدا پشتیوانیی تورکیا دەکەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ململانێیەکان لە عێراق زیاتر دەکەن. چونکە بەو شێوەیە بەرفراوان و ئاشکرا هاتوونەتە ناو کێشەکان. بۆیە دەبێ عێراقییەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و بەرژەوەندی وڵاتەکەیان بخەنە پێش بەرژەوەندییەکانی خۆیان و رێکبکەون. لێرەوە دەتوانن بگەنە ئاکام و چارەسەرێکی عێراقییانە بیبینەوە پێش ئەوەی بکەونە دەستی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت.



**ئەمریکا هیچ سیاسەتێکی وای نەبووە. نە کێشەی شیعە و سوننەی چارەسەر کردوە. ئەمریکا حکوومەتێکی لە عێراق دروست کردو تەسلیمی ئێرانی کرد. ئێستا ئەو حکوومەتەی لە عێراقدایە، مەیلەو ئێرانە. واتە حکوومەتێکی روخاند کە دژی ئێران بوو و حکوومەتێکی هێنا کە مەیلەو ئێران، خزمەتی ئێرانی کرد. کێشەکانی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانی هیچ چارەسەر نەکردوە. هیچ شتێکی نەکرد بۆ ماددەی ١٤٠ و ئەو بابەتانە**

**مادح ئەحمەدی: باشە بەم پێیە دەکرێ بڵێین تورکیا و سعودیا لە ناو عێراقدا وەک بەرەیەک لە دژی ئێرانن؟**

**د. مەحموود عوسمان:** بەڵێ. بێگومان وایە و خەلیجیشیان لەگەڵە.

**مادح ئەحمەدی: ئەمریکا لە کوێی ئەم گەمەدایە؟**

**د. مەحموود عوسمان:** ئەمریکا پشتیوانی لە تورکیاو سعودیا و خەلیج دەکا. لە هەمان کاتیشدا دژی شیعەکانیش نییە. پشتیوانی لە مالکیش دەکا. ئەگەر بێتو کێشەی نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە زیاتر بێ و کێشەی تایفی دروست بێ، ئەمریکا لای گرنگ نییە. چونکە ئەو رایگەیاندوە کە ئەگەر شەڕیش بێ تازە ناگەڕێتەوە . لای گرنگ نییە. لای خەڵکی ئەمریکاش گرنگ نییە. چونکە دوو لە سێ خەڵکەکەشی پێیوایە ئەمریکا هەر نەدەبا هاتبایەتە عێراق و ئەمەیان پێ شتێکی خراپ بووە. بۆیە ئۆباما پشتگیری خەڵکەکەی ئەمریکای هەیە بۆ ئەوەی هێزەکانی بردۆتەوەو لایان گرنگ نییە عێراق چی بەسەر دێ یان چی بەسەر نایە.

**مادح ئەحمەدی: دوکتۆر! ئاماژەتان پێدا کە بڕیارە کۆنفرانسێک ببەسترێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە و لەو کۆنفراسەدا لایەنەکان لەسەر مێزی وتوویژ پێکەوە دانوستان بکەن و چارەسەر بۆ ئەم گرفتانە بیبیننەوە. لە ئاکامدا پێتانوایە ئەم کێشانە چارەسەر دەبێ، یان بە واتایەکی دیکە کێشەی نێوان شیعە و سوننە لە عێراقدا چارەسەر دەبێ و کۆتایی پێ دێ؟**

**د. مەحموود عوسمان:** لە راستیدا ئاسان نییە. چونکە ململانێیەکە هەم سیاسییە و هەم مەزهەبییە. ئەو کۆنفراسەی کە بڕیارە بەڕێوە بچێ، سەرکۆمار بە هاوکاریی لایەنەکان لە هەوڵی سازدانی دایە. ئەگەر بتوانن ئامادەکاری بۆ بکەن و وردە وردە رێکیبخەن و بواری بۆ برەخسێنن و لایەنەکان پێش کۆنفرانسەکە لەگەڵ یەکتر دابنیشین و لەگەڵ یەکتر نەرم بن.ئەگەر بەم شێوەیە بچنە کۆنفرانسەکەوە ئەوا دەتوانن هەندێ گرفت چارەسەر بکەن. هەموو کێشەکان نە، بەڵام دەتوانن هەندێکی چارەسەر بکەن. ئەگەر ئامادەکاری بۆ نەکەن رەنگە ئاسان نەبێ لەو کۆنفرانسەدا بگەنە ئاکامێک. خۆت دەزانی کۆنگرەکە دەبەسترێ و هەر کەس قسە و هەڵوێست و روانگەی خۆی دەردەبڕێ. بەم شێوەش بە ئاسانی ناگاتە ئاکام.

**مادح ئەحمەدی: دکتۆر! ئایا دەکرێ ئەم کێشانەی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عێراق وەک هەلێک بۆ کورد چاوی لێ بکەین؟**

**د. مەحموود عوسمان:** بەرژەوەندی کورد لەوەدا نییە، ئەو کێشانە قووڵتر بێتەوەو پەرە بستێنێ. چونکە سەقامگیریی عێراق بۆ کورد گرنگە و کورد بەشێکە لە عێراق. حەزمان دەکرد ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆبایین، بەڵام نیین و ئێستا بەشێکین لەو وڵاتە. بارودۆخی نێونەتەوەیی و ناوچەیی وایە کە ئێمە بەشێک بین لە عێراق و کاروبارمان بە بەغداوە بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوە لە بەرژەوەندی کوردا نییە ئەو بارودۆخە تێک بچێ.

**مادح ئەحمەدی: باشە ئەی بەرژەوەندی لەوەدایە کە عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عێراقدا یەکگرتوو بن؟**

**د. مەحموود عوسمان:** زۆرجار کە عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عێراقدا یەکگرتوو بوون، لەگەڵ مافەکانی کورد نەبوون. ئەمە راستە، بەڵام کە دژی یەکیش بوون لەگەڵ مافەکانی ئێمە نەبوون. هیچ کامیان بە تەنیا کێشەی ئێمەی پێ چارەسەر نابێ. دەبێ دەوڵەتێک هەبێ لە عێراقدا. بۆیە بە باوڕی من کورد بەرژەوەندی لەوەدایە کە شتێک لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەدا هەبێ، شەڕ نەبێ. لە هەمانکاتیشدا دەبێ لەو کۆنفراسەدا کە بڕیارە بەڕێوە بچێ، کورد کێشەی خۆشی گەڵاڵە بکا. نەک هەر باسی ئەوان بکا. دەبێ کێشەی خۆشی گەڵاڵە بکا و خۆشی کێشەی هەیە کە شەش ـ حەوت ساڵە چارەسەر نەبووە. پێویستە هەموو ئەوانە بخاتە روو. رێککەوتنەکانی هەولێر و ئەوانەی کە پێوەندی بە کوردەوە هەیە گەڵاڵە بکا. نەک هەر باسی شیعە و سوننە بێ، دەبێ کێشەی خۆشی بخاتە بەر باس و هەوڵ بدا چارەسەری بکا.

**مادح ئەحمەدی: لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کێشەی کە ئێستا لە نێوان شیعەو سوننەدایە لە عێراق، زۆر جار لایەنەکان کورد تۆمەتبار دەکەن. بۆ وێنە شیعەکان لە لێدوانەکانیاندا زۆر جار سەرکۆماری عێراق(مام جەلال) و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە لایەنگری لە سوننەکان تۆمەتبار دەکەن. ئەمە تا چەندە راستە؟**

**د. مەحموود عوسمان:** لە راستیدا وا نییە. ئێمە لایەنگریمان لە هیچ لایەک نەکردوە دژی لایەنێکی دیکە. پێوەندیمان لە گەڵ هەر دوو لایەنی شیعە و سوننەدا هەیە و پێویستیشمان بە هەر دوو لایان هەیە، بەڵام هەندێ جار کێشەیەک دێتە گۆڕێ وای لێدەکەن کە ئەوا لایەنگری لە لایەک کراوە. بۆ وێنە ئێستا «تارق هاشمی» هاتۆتە کوردستان، شیعەکان وای لێکدەدەنەوە کە وا کورد لایەنگری لە سوننەکان دەکا. لە کاتێکدا وا نییە. تەنانەت زۆر جار لە پارلمان لە سەر بابەتێکی یاسایی ئێمە هەڵوێستی خۆمان هەبووە، لەو لاوە سوننەکان ئێمەیان بە لایەنگری لە شیعەکان تۆمەتبار کردوە. ئەوە شتانە دێنە پێشێ. هەر کام لەو دوو لایەنە بە جۆرێک هەوڵدەدەن کە کورد بە لای خۆیاندا رابکێشن. کە ئەوەش دەکەن و یان لە بابەتێکدا کورد رای لە لایەکیان نزیک بێ، رازی نیین. ئەوە شتانە هەر دەبێ، گرنگ ئەوەیە ئێمە بە پێی بەرژەوەندی

بۆ لاپەڕی٨

# کۆمەڵگەی مەدەنی، پردی پێوەندیی نێوان دەوڵەت و میللەت

بەشی یەکەم

ئەفشین ئیبراهیمیان

و: تەها ڕەحیمی

**پێشەکی:**

**بەر لەوەی بچنە سەر باسەکەمان، پێشتر پێویستە بزانین کۆمەڵگە چییە و کۆمەڵناس کێیە؟ مرۆڤ زۆربەی ژیانی لەگەڵ گرووپەکان دا دەباتە سەر. مرۆڤ بە ئەندامی بنەماڵە، دانیشتووانی گەڕەک یا شار، ئەندامی گرووپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتیی، سیاسی، ئابووری یا ئیتنیکی و مەزهەبی دەناسرێ و هەروەها وەک هاووڵاتییانی نەتەوەیەک وێکڕا هاووشۆیان هەیە. مرۆڤ ئەگەرچی بە ئەندامەتی خۆی لە گرووپیش‌دا نەزانێ دیسان لەبەرکردنی شێوازی جلوبەرگ، بیروبۆچوون، دەیخاتە گرووپی پێوەندیدارەوە. لە بابەت پێناسەی کۆمەڵگەوە دەبێ بڵێین بیرمەندان، زانایانی سیاسی و کۆمەڵناسان، کۆمەڵگە بە جەستەی مرۆڤ دەشوبهێنن کە دەبێ ڕیشەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە یۆنانی کۆن‌دا بدۆزینەوە. نموونە بەرچاوەکەشی ئەرەستوویە کە کۆمەڵگە بەجەستەی مرۆڤ دەشوبهێنێ کە تێیدا قانوون هاوشێوەی زاووزێیە و لە لایەکی دیکەشەوە مردن بە فەرمانڕەوای دەزانێ.**

باوکی کۆمەڵناسی واتە «ئاگۆست کێنت»ی فەڕەنسی لەسەر ئەم بڕوایەیە کۆمەڵگە لە تەواوی مرۆڤە زیندوەکان و هەروەها ئەو مردووانەی کە بیروبۆچوون و کردەوەکانیان، کاریگەریی لە سەر ڕەوتی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە هەیە، پێک دێ.

ناوبراو هەروەها پێی وایە هیچ بوونێک ئەوەندەی کۆمەڵگە بۆ پێشکەوتنی خێرا و بەردەوام لەبار نییە و کۆمەڵگە وەک قەتارێک لە نەوەکانی ڕابردوو و هاوچەرخ وایە کە ڕێگەی پێشکەوتن و پێشەوەچوون دەپێوێ.

بەڵام ئەو پێناسەیەی کە لای بیرمەندانی سیاسیی و کۆمەڵناسان زیاتر باوە بووە و بڕەوی دەبێ ئەوەیە کۆمەڵگە حەشیمەتێکی ڕێکخراوە لە تاکەکان کە وێکڕا لە سنوورێکی هاوبەش‌دا دەژین و بە هاوکاریی لە گرووپەکاندا پێویستییە کۆمەڵایەتیی، سەرەتایی و سەرەکییەکانیان دابین دەکەن.

**کۆمەڵناسی:** ئەم لکە یەکێک لە نوێترین لکەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە کە ساڵی ١٨٣٨ی زایینی «ئاگۆست کۆنت» دۆزییەوە و لە ساڵی ١٨٩٠ەوە وەک وانەیەکی سەرەکیی خوێندکاران لە زانکۆکان دەخوێندرێ. لەڕاستیدا کۆمەڵناسان لەمە دەگەڕێن مرۆڤ بۆچی و بە چ شێوەیەک لە گرووپەکاندا وێکڕا پێوەندیی هەیە؟ چوونکی لە کۆمەڵگەدا لە باری پێوەندییەکان، ئەرک و ڕۆڵەکاندا هێندێک جیاوازیی جەوهەریی هەیە کە بەداخەوە ئەم جیاوازییانە لە کۆمەڵگەی پیشەیی‌دا لە کۆمەڵگەکانی دیکە زیاترە.

بەڵام مەبەست لەو جیاوازییانە لە نەخشی ئەرکدا، دەتوانێ بۆ دابین کردنی پێویستییە جەستەیی، دەروونی و فەرهەنگییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە زۆر بەکەڵک بێ.

**کۆمەڵگەی مەدەنی:**

گەڵاڵەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک دەستەواژەیەکی سەربەخۆ لە ئەدەبیاتیی سیاسییدا، دەگاتەوە ڕۆمی باستان و چەمکی لاتینی ciuilis socielos لە ئاپاری «سیسرۆن» دا. لە ڕوانگەی ماهییەتی فەرهەنگی و شارستانییەوە، شارستانییەتی ڕۆمی کۆن درێژەی مەنتیقی پەرەگرتنی بیروبۆچوونی «جیهانتەوەری» یۆنانی کۆنە. لەڕاستیدا بنەما هزرییەکانی فەلسەفەی یۆنان لە سەر بناخەی عەقڵێکی (جزوی معرفت جو) و خاوەن کاکڵی شاراوەی مرۆڤ تەوەر بوو کە بە شێوەیەکی نەک فەلسەفی بەڵکوو زیاتر حقووقی و ئەخلاقی بە تێروتەسەلی لە ڕۆمی کۆن‌دا درێژەی پێدرا. لەڕاستیدا پێکهاتنی کۆمەڵگەیگ لەسەر بنەمای قانووندانانی مرۆیی و جۆرە دیموکراسی «ئاریستۆکراتیک» لە ناخی فەرهەنگی یۆنانییەوە گوێزرایەوە ڕۆمی کۆن. سیسرۆن چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە بنەمای پێناسەی شووناسی سیاسی - حقووقی کۆبوونەوەی مرۆڤ لەسەر بناخەی چەمکی دەولەت - شارەکانی یۆنان دادەنێ کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چەمکی نەتەوەی سەردەمی نوێ و چەمکی ئایینی «ئۆمەت»هەیە.

ئەگەرچی ئەم واژەیە، واژەی ڕۆمی کۆنە بەڵام یەکەم کەس کە لە سەردەمی نوێ‌دا کۆمەڵگەی مەدەنی بە گوێرەی پێکهێنانی فەرهەنگێکی قۆناخی «ئۆمانیزم» و پێویستیی بورژوازیی هێنانە بەرباس «تامس هابز» بوو.

هابز، واتە ئەو کەسەی کە پەسندی تئۆریی سەرچاوەی خودایی بوونی فەرمانڕەوایی و پێویستیی بوونی حکوومەتێکی ئایینی ناکا و پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی خەڵک پێکی دەهێنن، خەڵکێک کە لەڕێگەی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان بەشێک لە ئیرادەی خۆیان دەدەنە دەوڵەت، تا ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای قانوونی مرۆیی بەڕێوە بچێ. هابز یەکێک لەو کەسانە و تەنانەت باشتر وایە بڵێین یەکێک لەو پێشەنگە سەرەتایی و سەرەکییانەیە کە بڕەوی بە حکوومەتی نائایینی دا. بە لێکدانەوەی ئەو کۆمەڵگەی مەدەنی؛ «حاکمییەتی سیاسی نائایینییە کە لەڕێگەی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ پێکهاتوە و قانوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرانبەر ژیانی سرووشتی مرۆڤ دایە. «پێناسەکەی، پێناسەیەکی نائایینی لە کۆمەڵگەی مەدەنییە، لەڕاستیدا هابز کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسە ناکا بەڵکوو حکوومەت و پێکهاتنی دەولەت بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی نیسبەت بە ئایین ڕەشبین بێ. دوای ئەم پێناسە نائایینییەی «هابز» نۆرە گەیشتە «هێگل»، کەسێک کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەرهەم و ئاکامی قۆناخێکی تایبەت دەزانێ. قۆناخێک لەدوای ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان و تایبەتیی ڕۆژئاوا و سەدە ناڤینییەکان. واتا سەردەمی مودێرن، ئەو سەردەمەی هێگل پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتە بەو قۆناخ و پێوەندیی بە هیچ کام لە جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە نییە.

کۆمەڵگەی مەدەنی، بیاڤی گشتی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییان و هەروەها مەیدانی دەسەڵاتی هاووڵاتییانە کە بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لە کۆمەڵگە نەریتی و مۆدێرنەکاندا جیاوازیی زۆری هەیە. سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگەی نەریتی و مۆدێرن، کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ ببێ بە پردێک بۆ ڕێکخستن و ئاسانکردنەوەی پێوەندیی نێوان دەولەت و کۆمەڵگە، بە جۆرێک کە خەڵک دەتوانن ڕوانگە و ڕەخنەکانی خۆیان بگەیەننە دەوڵەت و لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتیش ئەرکەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگە و میللەت ڕوون بکاتەوە. بەڵام ئەمڕۆ لە کۆمەڵناسی مەدەنیدا ئەو باسە لە ئارا دایە کە بە چ شێوەیەک دەتوانین دەسەڵاتی حکوومەت سنووردار بکەینەوە؟ کە بە خۆشییەوە ئەمڕۆکە کۆمەڵگەی مەدەنی خاوەن ئامرازگەلێکە، کە بتوانێ وڵامی ئەو پرسیارەمان بداتەوە. ڕۆژنامەکان، پارت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە چوارچێوەی قانووندا چاوەدێری دەسەڵاتی حکوومەتن. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە مێدیا و ئامرازەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ ئەو هێڵە سوورانە بناسن کە دەبنە هۆی ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگە و دەبێ لەبەرچاویان بگرن. سەرەڕای ئەمەش دیسان لێکدانەوەی زۆری دیکە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی کراوە، دوای ڕێنیسانس لە ڕۆژئاوا ئەم بیروبۆچوونە هاتە ئارا کە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی خاوەن ڕێوشوێن، دابودەستوور، دامەزراوە، بایەخ و نۆرمی تایبەت بە خۆیەتی کە هەر نەتەوەیەک ئەگەر بیەوێ کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێ دەبێ ئەم بایەخ و دامەزراوانە لە بەرچاو بگرێ. لە بەرانبەردا، کۆمەڵە کەسێکیش کۆمەڵگەی مەدەنی لە قابجی فەرهەنگی دەرباز دەکەن و بە بنەما و بناخەی وڵاتی دەزانن. بەبڕوای ئەم گرووپە کاتێک دەوڵەت پێک دێ کە کۆمەڵگەی ڕوون دەکاتەوە کە دەبێ ئایینی نەبێ. کۆمەڵگەی مەدەنی، ئیماندار نییە. دیارە ئەمە بە واتای پشت گوێ خستنی ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەدا نییە، چوونکی هێندێک جار ئایین ناهێڵێ کۆمەڵگەی مەدەنی لاڕێ بڕوا. بەڵام ئایین ئەو کاتە دەتوانێ یارمەتیدەری کۆمەڵگەی مەدەنی بێ کە لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا زۆر چالاک بێ. ئەگەرچی ئایین لە وڵاتانی جیهانی سێیەم‌دا ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە دەست داوە کە ئەمەش سیاسی‌دا لەسەر بنەمای تئوری (ئابووری سیاسی) لە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگەن کە لەودا کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە سێ توخمی سەرەکی: ١. تاکگەرایی، ٢. خاوەندارێتی، ٣. بازار، کە تاکگەرایی و ئازادیی لە توخمەکانی دیکە گرینگترن و دەوڵەت دەبێ زیاتریان سەرنج بداتێ. کۆنترۆڵ و چاوەدێریی دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتیی یەکێک لە کەڵکەڵە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە. لەڕاستیدا لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئایدیۆلۆژییەکەی هەبێ. بەڵام ئەمرۆکە کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوازی حکوومەت کردن لە ڕێگەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەزانن. واتا هەر دەولەتێک لەڕێگەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەتوانێ بە مەبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بگا. لە بەرانبەردا لێکدانەوەی گرنگی زۆر بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی کراوە کە یۆتۆپیایی ئەفلاتوون، مەزنترین قوتابی «سوقرات» یەکێکە لەم لێکدانەوانەیە. ئەفلاتوون کۆمەڵگەی مەدەنی بە یۆتوپیایی خۆی دەزانێ کە لەسەر دنیای ڕوون قەت پێک نایە بەڵکوو دەبێ لە کۆمەڵگەی ئاسمانیدا لێی بگەڕێین. پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵە پێش مەرجێکی پێویستە. واتا بەر لە گەیشتن بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ هەلومەرجێک بێتە ئارا کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەو هەلومەرجەدا بتوانێ پێک بێ.

١. دیموکراسی: یەکێک لە بنەڕەتیترین بوارەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی، گەشە و پەرەی دیموکراسی و هەروەها خەڵک سالاری لە کۆمەڵگەدایە. ڕەنگە یەکەمین واتای دیموکراسی پرسیار لەسەر سەرچاوەی مەشرووعییەتی دەسەڵات بێ. لە ئیدە و ئیدیۆلۆژی دیموکراسیدا سەرچاوەی مەشروعییەت خەڵکن و خەڵک حەقیانە دەسەڵاتدارەکانی خۆیان دیاریی بکەن. دوای دیموکراسی نۆرە دەگاتە ئازادی، کە پێویستە بە شێوەیەکی جیددی لە ڕەهەندی ئابووری، سیاسی و هزرییەوە چەمکی ئازادیی تاوتوێی بکەین. ئازادیی خاوەن پێناسە و سنوورێکی تایبەتە و تا ئەو شوێنە جێگەی ڕێزە کە ئازادی کەسانی دیکە نەبەزێنێ. هێندێک هەموو چوارچێوەکانی ئازادیی بە مافی کەسانی دیکە دەزانن و کۆمەڵە بیرمەندێکی دیکەش حقوقی خودا، قانوونی خودا و پیرۆزییەکانی ئایین بە هێڵە سوورەکانی ئازادی دەزانن. لە ئازادی بە واتا حەقیقییەکەی خۆیەوە یەکێک لە پێش مەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستیی بە ئازادی کۆمەڵایەتییە و ئازادی دەبێ بکەویتە پاڵ قانوونی کۆمەڵگەوە.

مەرجی سێیەمی کۆمەڵگەی مەدەنی پلۆرالیزمە. ئەو پرەنسیپە دەتوانێ بە واتای قبووڵی جیاوازی بیروڕا، بڕوامەندیی، ئایین، یا هەر چەمکێکی دیکە بێ. لەڕاستیدا ئەم خاڵە بە خاڵی بەرانبەری سانترالیزم دەزانن، ڕاستییەکەی ئەوەیە لە کۆمەڵگەی مەدەنی‌دا هەوڵ دەدرێ دەسەلاتی سیاسی لە کۆجێی دوور بخرێتەوە و بە جۆریک دابەشرێ کە هاوسەنگییەک لە نێوان دەوڵەت و خەڵکدا بێتە ئارا. چوارەمین مەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی تۆلێرانسە. ئەو پرەنسیپە بە واتای پێک هەڵکردن و سەبووری و پشوودرێژی و پشت گوێ خستنی جیاوازیی و کێشەی نێوان پارتەکانە. ئەم پرەنسیپە کاتیک جێ دەگرێ کە دوو پرەنسیپی گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنی واتا «دیموکراسی» و «ئازادی» بوونیان هەبێ. تۆلێرانس جگە لە بیروبۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی‌دا کە بناخەی کۆمەڵگەی مەدەنی پیک دێنن لە بواری بیروبۆچوونی ئایینیش‌دا جەختی لە سەر کراوەتەوە، کە لەسەر بیروبۆچوونە ئایینییەکان دوو ڕەوت بوونی هەیە: تئۆرییەک دەڵێ تا ئەو جێگەیەی زەرەری بۆ سلامەتی کۆمەڵگە نەبێ لە جێی خۆیدایە و تیپێکی دیکەش بڕوایان بە بوونی ئەم پرەنسیپە لە سەر بنەمای ئازادی ئایینی هەیە، کە هەموو کەس دەتوانێ خاوەن بیروبۆچوونی خۆی بێ بە مەرجێک سووکایەتی بە ئایین و کەسایەتیی کەس نەکرێ. پێنجەمین مەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی، بڕوامەندی هاوبەش بە بایەخە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانە. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا زۆربەی خەڵکەکەی کۆمەڵە بایەخ و نۆرمێک قبووڵ نەکەن، ئەو کات کۆمەڵگەیەک لە گۆڕێدا نابێ کە مەدەنی یا نامەدەنی بێ. یەکێک لە توخمە گرنگەکانی نەریت و مۆدێرنیتە، پرسی ئەخلاق یا بایەخە، دنیای نوێ لەسەر بنەمای ڕەوشتی نوێ و وەلانانی (رسوبات) هزری پێکهاتوە. چونکی یەکێک لە نیشانەکانی کۆمەڵگەی مۆدیرن و پەسند، ڕەوشتی باش و مۆدیرنەکەیەتی کە ئەمرۆکە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەوڵ دەدەن ئەو ڕەوشت و بایەخانە بخەنە چوارچێوەی قانوونەکانیانەوە بەڵام ئەو خاڵەیان لە بیر کردوە کە هەمیشە ئەخلاق لە قانوون لە پێشتر بووە و ناتوانین گرەنتی ئەخلاق و ڕەوشت بە قانوون ببەستینەوە. دوایین پێش مەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەرامەتی مرۆڤە.

یەکێک لە مەرجەکانی دیکەی گەیشتن بە کۆمەڵگەی مەدەنی، بڕوامەندیی بە کەرامەتی مرۆییە. خودا مرۆڤی بەڕێز و کەرامەتەوە ئافراندوە و لەسەر ئەم بنەمایە یەکسانیی مەدەنی لە بواری سیاسی و نەتەوەیی لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئیتنی، ڕەگەزی، بیروڕا و ئایینی قبووڵ دەکرێ. لەڕاستیدا هەر مرۆڤێک چوونکی بەشێکە لە مرۆڤایەتیی خاوەن ڕێز و کەرامەت و شەرەفە و دەبێ هەموو مافەکانی لەبەر چاو بگیردرێ. دوای شرۆڤەی ئەم هەلومەرجە دەگەینە بنەما یا پێکهاتەی نێوخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنی.

١. قانوونمەندی: ئەم بنەمایە لە هەموو بنەماکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی گرینگتر و پێویستترە. چوونکی بنەماکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بن باڵی ئەم بنەمایەدا پێکدێن. کە ئەمە نیشاندەری ڕۆحی بەرز و پێویستیی قانوون لە کۆمەڵگەی مەدەنیی دایە. ئەم بنەمایە هێند گرنگە کە کەسانێکی وەک «جان لاک» لەسەر ئەم بابەتە دەڵێن: مرۆڤ لە کۆمەڵگەی مەدەنی بێ قانووندا مرۆڤێکی ئازاد نییە. قانوون فۆڕمی کۆمەڵگەیە و بە بێ قانوون، نەزم و کۆمەڵگەیەک پێک نایە. هەروەها جان لاک لەسەر ئەم بڕوایەیە کە کۆمەڵگەیەک دڵخواز و بەکەڵکە کە تێیدا قانوون پشتیوانی ئازادی بێ. قانوونمەندیی وەک یەکێک لە بنەڕەتیترین بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمجۆرە پێناسە دەکرێ: «کۆمەڵە پێداویستییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتیی، فەرهەنگی و ئابوورییە کە لانی کەمی یاسا و ڕێساکانی پێویستی ئەخلاقی لە خۆدا کۆ کردۆتەوە«.

٢. بەشداریی: دوای پێکهاتنی قانوون، دەگەینە ئەوەیکە خەڵک بە چ شێوەیەک دەتوانن لە کاروباری سیاسی و ئابووریدا ڕۆڵێکی چالاکیان هەبێ؟ ڕاستییەکی ئەمەیە چارەنووسی وڵاتێک کە دەنگی خەڵک دیاریی دەکا تەوەری سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵک و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، واتە دەسوەردانی کەمتری دەوڵەت لە کاروباری حکوومەتی دا پێکدێن. خەڵک کاتێ قانوونی مەدەنی پەسند دەکەن لەڕاستیدا پەسندی شێوەی بەشداری کردن دەکەن. لە فەرهەنگی سیاسی بەشدارییدا، خەڵک خۆیان بە هاووڵاتییەک دەزانن کە دەتوانن دەورێکی چالاک و کارایان لە کاروباری سیاسی و حکوومەتیدا بێ و هەروەها لە چوارچێوەی قانوونی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەتوانن لە ڕێگەی پارت و ئەنجومەنەکانەوە بیروڕاکانی خۆیان بخەنە ڕوو. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا خاڵێکی زۆر گرنگ جێگەی سەرنج بەشداریی کارا و گشتگیرە بەو واتایە کە بەشداریی دەبێ هەموو ڕەهەندەکانی سیاسی و حکوومەتیی چ نێوخۆیی و دەرەکیی بگرێتەوە و بەشداریی تەنیا ڕەهەندێکی تایبەت لەخۆ نەگرێ. بەڵکوو لە هەر قانوون و بابەتێکدا کە کاریگەریی لەسەر چارەنووسی وڵات هەبێ خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ بڕیاری لەسەر بدا.



**کۆمەڵگەی مەدەنی، بیاڤی گشتی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییان و هەروەها مەیدانی دەسەڵاتی هاووڵاتییانە کە بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لە کۆمەڵگە نەریتی و مۆدێرنەکاندا جیاوازیی زۆری هەیە. سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگەی نەریتی و مۆدێرن، کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ ببێ بە پردێک بۆ ڕێکخستن و ئاسانکردنەوەی پێوەندیی نێوان دەولەت و کۆمەڵگە، بە جۆرێک کە خەڵک دەتوانن ڕوانگە و ڕەخنەکانی خۆیان بگەیەننە دەوڵەت و لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتیش ئەرکەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگە و میللەت ڕوون بکاتەوە**

# زیندانێک بۆ گەلێک بەقەرا «دەوڵەت ـ نەتەوە»یەکی دەسکرد بە ناوی تورکیە

ئارام ئیبراهیم خاس

وەرگێران: ئاڵەشین

**بەرایی:** ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر کۆڕ و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی (kck) کە لە لایەن دەولەتی تورکیەوە بە هێرش بۆ سەر لکی سیاسی و سترەکتۆری سیاسی (pkk) لە نێوخۆی شارەکانی کوردستان دەناسرێ. لە ماوەی ئەم سێ سالەی رابردوودا بە پێی قانوونی شەڕی دژی تیرۆر و لە ژێر ناوی چالاکی دژی «کۆڕ و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک» زیاتر لە ٨٠٠٠ سیاسەتوانی ناسراو، چالاکی مەدەنی، سیاسی، مامۆستای زانکۆ، پسپۆر، پارێزەر، شارەوان و نوێنەری پارلەمانی سەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP) گیراون و ئێستاکەش ٤٠٠٠ کەسیان لە گرتووخانەکانی تورکیە پەستاوتراون. لە نێو ئەم دەستبەسەرکراوانەدا هاووڵاتیی ئاسایی و بە تایبەت چەندین منداڵی ژێر تەمەن هەژدە ساڵیش دەبینرێ. رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٩ی سەرماوەزی ١٣٩٠ لە شەپۆلێکی تازەی زنجیرە هێرشەکانی ئەم دواییانە، پۆلیسی تورکیە بە سەر ستافی رۆژنامەی (ozgur gundem)ی دادا. کە دیارە لەم هێرشەدا هەواڵدەری «دیجلە»، ئاژانسی دەنگوباسی «ئاتیک» و چاپخانەی «گوین» و ماڵی زۆربەی کوردان بێبەش نەکراون و زیاتر لە ٢٥ رۆژنامەنووس و هاووڵاتیی کورد لە باکوور گیران و گوێزرانەوە گرتووخانەکان. لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو گوشار، تۆقاندن، زیندان و تیرۆرەی کە دوڵەتی تورک لە بەرانبەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەنووسانی کورددا گرتوویەتەبەر دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە بەشێکی بکەین.

**ئەو کردەوانەی دەوڵەتی تورکیە لە بواری سەرکوتی توندوتیژ و دەستبەسەرکردن و زیندانی کردنی چالاکانی کورد و هەوڵ بۆ لە پەراویز خستنی بەر دەنگی کورد واتا پارتی ئاشتی و دیموکراسی یا کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک یارمەتیی چارەسەری کێشەکە ناکا. رێگەی یەکیەتیی ئورووپا بۆ ئانکارا و یان تەنگەڵانی لۆسفۆری ئیستانبولدا تێناپەڕێ بەڵکوو رێگە بە چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیاربەکر دا تیپەر دەبێ.**

ماوەیەک لەمەوبەر خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (azadiya welat) لە حاڵێکدا چووبوو بۆ سەردانی زیندانییەک لە گرتووخانەی دیاربەکر، لە لایەن پۆلیسەوە گیراو رەوانەی دادگا کرا. وێدات قورشون سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی ناوبراو بە پێی قانوونی «بەرەنگاریی تیرۆر»ی دەولەتی تورک لە لایەن دادگاوە بە ١٦٦ ساڵ و ٦ مانگ زیندان مەحکووم کراوە. هەروەها هەنووکە ١١ رۆژنامەنووسی هەواڵدەری دیجلەش لە زیندان دان.

«ئامینە ئایینا»ش سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی (azadiya welat) بە تۆمەتی پرۆپاگەندە بۆ رێکخراوە ناقانوونییەکان بە ١٣٨ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە و هەر ئێستاش لە زیندانی بە ناوبانگی شاری دیاربەکر گیراوە. تا ئێستا رۆژنامەی «ئازادیا ولات» ٩ جار راگیراوە و ٤ سەرنووسەر و بە گشتی ١٣ رۆژنامەنووسی لە زیندان دان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە گوێرەی راپۆرتی چەند مانگ لەوەپێشی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور، ١٠ رۆژنامەنووس و نووسەری تورکیش لە زیندان دان. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ رۆژنامە و گۆڤاری کوردی و تورکی لە لایەن دەولەتەوە راگیراون و زیاتر لە ٧٠ رۆژنامەنووسی کوردیش لە لایەن دامەزراوە ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتەوە تیرۆر کراون. خاڵێکی جێگەی سەرنج ئەمەیە کە لە ساڵی ١٩٩٤ نووسینگەی رۆژنامەی (ozgur gundem) لە لایەن ئەرتەشی تورکیەوە بۆمباران کرا!!

لەم هێرشەی ئەم دواییانەی پۆلیسی تورکیەدا لە ژێر ناوی ئۆپراسیۆنی دژی کۆڕ و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک زیاتر لە ٢٠ مامۆستای زانکۆ و پسپۆر، ٤٠ ئەندام و بەرپرسی سەندیکا جۆراوجۆرەکان و ٨ نوێنەری پارلەمان، ٧٠ رۆژنامەنووس، ١٨ شارەوانی سەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراسی و سەدان منداڵی ژێر ١٨ ساڵ دەسبەسەر کراوە.

رێکخراوی چاوەدیری مافی مرۆڤ لە راگەیەنراوی سەرماوەزی ئەم ساڵی خۆیدا، وێڕای مەحکووم کردنی ئەم ئاکار و کردارەی دەوڵەت لە بەرانبەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارانی کورددا؛ رادەگەیەنێ کە ئامانجی ئاکەپە لەو کردەوانەی و تەنیا سەرکوتی یەکجاری بزووتنەوەی قانوونی خۆجێیی و نێوخۆیی کورد لە باکووری کوردستانە.

نزیک بە ٣ ساڵە پۆلیس و دامەزراوە ئەمنییەتییەکان و سیستمی دادوەری تورکیە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیان کردوە بە گرتن و زیندانی کردنی چالاکانی کورد. ئەگەرچی ئەم رووداوانە لە باکووری کوردستان شتێکی تازە نین و لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا یەکێک لە مێتۆدەکانی باوی سەرکووتی دەولەتی تورک لە هەمبەر بزاڤی شوناسخواز و حەقخوازی گەلی کورددا بووە، بەڵام زیادکردنی و راوەدوونانی خەڵک دوای دامەزرانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لەم ساڵانەی دواییدا، بەم بەربڵاوییە جێگەی رامانە. تاوانی تەواوی ئەم ٨٠٠ کەسەی لەم ساڵانەی دوایی دا گیراون و ئێستاکەش ٤٠٠یان لە زیندان دان تەنیا ئەندامەتی لە رێکخراوی «کۆمەڵگەی دیموکراتیک» دایە کە بە گومانی سیستمی دادوەری تورکیە لکی سیاسیی پارتی کرێکارانی کوردستانە لە نێوخۆی تورکیە. جێگەی باسە لەو ١٠٠٠ کەسە کوردەی کە بە بێ ئەوەی چارەنووسیان روون بێ و لە گرتووخانەکان پەستێوتراون ٤٠ پاریزەری کورد دەبینرێن کە یەکێکیان پارێزەری عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری دەستبەسەری پەکەکەیە.

سێ مانگ لەوەپێش سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی یەکەمی پارتی ئاشتی و دیموکراسی وێڕای رەخنەی توند لە ئاکەپە رایگەیاند لە سەرانسەری تورکیەدا دادگاکان ٢٥٦ دۆسیەیان دژی نوێنەرانی پارتەکەی پێک هیناوە کە بە هەموو دۆسیەکان داوای ٢٤٧٤ ساڵ زیندانی بۆ نوێنەرانی کوردی پارلەمانی ئێستای تورکیە دەکەن.

لەڕاستیدا «چەنگیز چاندار» رۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورک زۆر بە باشی شرۆڤەی ئەم هەڵسوکەوتەی (AKP) دەکا و لە سەر ئەم بڕوایەیە «ئامانجی ئۆپراسیۆنەکانی دژی (kck) داسەپاندنی کەشی تۆقاندن و لەنێوبردنی ئاشتی و دیموکراسییە». ئەگەرچی شەپۆلی گرتن و زیندانی کردنی سەرۆک شارەوانییەکان و نوێنەرانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە پارلەمان و سیاسەتوانانی کورد بووەتە بابەتێکی رۆژانە و گرتن و راونان و دەسبەسەرکردنی چالاکان و رۆژنامەنووسان لە پێشتر ئاسانتر بووەتەوە. لەڕاستیدا دەوڵەتی تورک لە ژێر ناوی بەرەنگاری تیرۆردا، پارتی ئاشتی و دیموکراسی کردۆتە ئامانج و تا ئێستا شایەدی درێژەی ئەم سیاسەتە لە پانتاییەکی گشتی و بەرینتر داین.

رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ دەڵێ: بە بڕوای ئێمە قانوونی بەرەنگاریی تیرۆر «بە زووترین کات دەبێ بگۆڕدرێ». چوونکی پارادۆکسی لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسییەکان هەیە». پێشتریش یەکیەتیی ئورووپا و بەڕێز «مارتن شین» رێپۆرتێری مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خوازیاری گۆڕانی ئەم قانوونە بوون. خەزەڵوەری ئەم مانگە یەکیەتیی ئورووپا وێڕای مەحکووم کردنی دەولەتی تورکیە، داوای گۆڕینی ئەم قانوونە و ئازادیی ئەندامانی دەستبەسەر کراوی پارتی ئاشتی و دیموکراسیی کردوە. بە تێرامان لەم بابەتانە دەتوانین بڵێین: «ئەم بیروبۆچوونەی هاتووەتە چوارچێوەی قانوونێکەوە بە ناوی «بەرەنگاریی تیرۆر» هەمان بیروبۆچوونێکە کە لە قانوونی نادیموکراتیکی ساڵی ١٩٩١ەوە سەرچاوە دەگرێ. لەڕاستیدا هەموو هەوڵی ئاکەپە بۆ ئەمەیە کە خۆی بکا بە خاوەنی پرسی کورد و لەم نێوانەشدا بە ٧٠ نوێنەری کوردی پارتەکەی لە پارلەمان پشت ئەستوورە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش تێدەکۆشێ (مخاطب)ی کورد بە تایبەت پارتی ئاشتی و دیموکراسی بخاتە پەراوێزەوە و تەنیا چاوی بە کوردە لایەنگرەکانی ئاکەپە هەڵدێ.

بە پێی ئامارەکان ٤٩٪ حەشیمەتی کوردی باکووری کوردستان تەمەنی خوار ١٩ ساڵە یا بە پێی ئامارێکی دیکە ٦٦٪ حەشیمەتی ئەم بەشەی کوردستان ژێر ٢٥ ساڵن. سەرەڕای ئەوەیکە سەدا شەستی ئەم پۆتانسییەلە مەزن و گەنجە مرۆییەی ئەم ناوچەیە لە هەلی کارکردن بێبەشە و وەک چەنگیز جاندار دەڵێ: «ئەو هەلومەرجە بە واتای بوونی بوارێکی خۆشە بۆ گەشە و پەرەسەندنی هەرچی زیاتر پەکەکەیە«.

**ئاکام:** ئەو کردەوانەی دەوڵەتی تورکیە لە بواری سەرکوتی توندوتیژ و دەستبەسەرکردن و زیندانی کردنی چالاکانی کورد و هەوڵ بۆ لە پەراویز خستنی بەر دەنگی کورد واتا پارتی ئاشتی و دیموکراسی یا کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک یارمەتیی چارەسەری کێشەکە ناکا. رێگەی یەکیەتیی ئورووپا بۆ ئانکارا و یان تەنگەڵانی لۆسفۆری ئیستانبولدا تێناپەڕێ بەڵکوو رێگە بە چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیاربەکر دا تیپەر دەبێ.




درێژەی:

### «د. مەحموود عوسمان» لە وتووێژ لە گەڵ کوردستان دا:

## لایەنە عێراقییەکان دەریانخستووە کە بێ کەڵکن و ناتوانن وڵات بەڕێوەبەرن

نەتەوەکەمان هەڵسوکەوت بکەین و نەکەوین بە لایەکدا دژی لایەنێکی دیکە. دەبێ لەگەڵ هەر دوو لایەن پێوەندیمان هەبێ. کێ بەرژەوەندی ئێمەی زیاتر پەسەند بوو، ئێمەش زیاتر هاوکاری بکەین.

**مادح ئەحمەدی: ئێستا لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا، پێتوایە کامیان بەرژەوەندی کوردی زیاتر لا پەسەندە؟**

**د. مەحموود عوسمان:** ئێستا شیعەکان بەرژەوەندی کوردیان زیاتر لا پەسەندە. چونکە کێشەی سنوور و خاکمان لەگەڵیان نییە. کێشەی ئێمە کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانە. ئەو ناوچانە وەک ئێمە عەرەبی سوننەی لێ نیشتەجێیە و ئەوان زیاتر بە هی خۆیان دەزانن. لەگەڵ شیعە کێشەی خاک و عەرزمان نییە، کێشەی سیاسی و بابەتی دیکەمان هەیە. بۆیە لەو کێشانەی کە ئێمە ئێستا هەمانە، لەوانەیەی شیعەکان بتوانن باشتر هاریکاریمان بکەن. لە هەمانکاتدا سوننەکانیش دەبێ هاریکاریمان بکەن. بۆ وێنە ئەوان ئێستا لە کەرکووک بە قەدر ئێمە «نایب»یان هەیە. بۆیە دەبێ وەک کورد حیساب لەگەڵ هەر دوو لادا بکەین، چارەیەکی دیکەمان نییە.

**مادح ئەحمەدی: دوکتۆر! لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کێشە و ناکۆکییە نێوخۆییانەی عێراقدا، بۆچوونێک هەیە کە باس لەوە داکا «بۆ ئەوەی عێراق سەقامگیر بێ، پێویستە ببێ بە سێ هەرێمی فیدراڵ یان سەربەخۆ یان ...». پێتوایە ئەم کێشانە لە کامدا بەم شێوەیە چارەسەر ببێ و عێراق پارچە پارچە ببێ؟**

**د. مەحموود عوسمان:** ئێستا بتەوێ و نەتەوێ ناوچەکان بە شێوەی واقیعیی جیاوازن لەگەڵ یەکدی. ناوچەی کوردی بە شێوەیەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ناوچەی عەرەبی سوننە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ناوچەی عەرەبی شیعە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بە باوڕی من ئەگەر یاسای بنەڕەتی لە عێراقدا جێبەجێ بکرێ و عێراق ببێ بە عێراقی فیدراڵ، مەرج نییە سێ هەرێم بێ، مەرج نییە شیعە یەک هەرێم بێ، سوننە یەک هەرێم بێ. با چەند هەرێم دروست ببێ. دروست بوونی چەند هەرێم شتێکی باشە و چەسپاندنی فیدراڵیزمە لە عێراق. چونکە ئێمە لە کۆندا زیانمان لە دەسەڵاتی ناوەندی چێشتوە کە وەکوو دیکتاتۆر بوون لە سەرمان. هەموو شتێک پێوەندی بەوەوە هەبوو. بە باوڕی من ئەگەر بکرێ یاسای بنەڕەتی جێبەجێ بکرێ و بە پێ یاسای بنەڕەتی چەند هەرێمێک لە عێراقدا هەبێ و سیستمی فیداڵیزم بچەسپێ، هەم بۆ عێراق باشە و هەم بۆ کوردیش باشە.

**مادح ئەحمەدی: دوکتۆر باسی ئەو کێشانەمان کرد و هۆکاری سەرهەڵدان و دروست بوونیانمان لێکدایەوەو رۆڵی لایەنی دەرکی و کورد دەبێ چۆن مامەڵە بکا و.. ئەمانەمان باس کرد. وەک دوا پرسیار، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم قەیرانەدا کێ بە بەرپرسیاری سەرەکی دەزانی؟**

**د. مەحموود عوسمان:** بەرپرسیاری سەرەکی ناتوانی بڵێ یەک لایەنە، هەموو لایەک بەرپرسیارن. بۆ وێنە ئێستا مالکی وا نیشان دەدا کە دەیەوێ بە تەنیا هەموو کارێک بکا و سەرجەم هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکان لە ژێر دەستی ئەودا بێ. ئەو سەرۆکایەتیی سەرجەم هێزە چەکدارەکان دەکا، ئەمە راستە و بەرپرسیاریەتیی لە ئەستۆیە. بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر لایەنی دیکەش هەن کە بەرپرسیارن و بۆ وێنە لایەنی عێراقیە ئێستا لە حکوومەتیشدا بەشدارە و زۆر کەس و گرووپیشی تێدایە کە دژی حکوومەت دەجووڵێنەوەو چالاکن و لەگەڵ یاسا ناتەبان. پاش ئەمانە کوردیش کێشەی خۆی هەیە. ناوچەی خۆی هەیە و لە پێوەندی لەگەڵ هەندی بابەتدا کێشەی لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەیە. بۆیە دەکرێ بڵێین هەموو لایەک بەرپرسیارن، بەڵام لەم نێوەدا بەرپرسیاریەتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی مالکی و حکوومەتەکەی. چونکە ئەو سەرۆک وەزیرە، سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقە. ئەوانی دیکەش بەرپرسن. هیچ لایەک بە تەنیا بەرپرس نییە. بۆ وێنە ئێمە دەڵێین برادەرانی شیعە یان مالکی و .. لەگەڵ ئێرانن. لە بەرانبەریشدا عەلاوی و سوننەکان لەگەڵ تورکیا و سعودیان. بە گشتیی کێشە هەیە، ئەوە نییە کێشە نەبێ. کێشەی ئەوەش هەیە کە کێ بەرپرسیارە. ئەو لایەنەی کە زیاتر دەسەڵاتی بە دەستەوەیە ئەوە بەرپرسیاری یەکەمە.

**مادح ئەحمەدی: زۆر سپاس دوکتۆر.**

**د. مەحموود عوسمان: سپاس بۆ ئێوەش، سەرکەوتوو بن.**

# گرینگیی دەرووی هورمز و هەڕەشەی ئێران

موعتەسەم نوورانی

دەرووی هورمز (strait Hormoz) بە هۆی هەڵکەوتوویی جوگرافیایی، وەزعییەتی ستراتیژیکی، بارودۆخی گرینگ، باتۆلۆژیی جوگرافیایی و شارێگەی سەرەکیی کەشتییە نەوتکێش و بارهەڵگرەکان گرنگترین دەرووی نێودەوڵەتییە لە جیهاندا. بەتایبەت بەهۆی ئەوەی کە دەرووی هورمز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتوە، بایەخی خۆی هەیە. دەرووی هورمز باریکەیەکی ئاویی چەماوەیە کە یەکەی جوگرافیایی ئێران لە شێوە دوورگەی عەرەبستان جیا دەکاتەوە و کەنداوی فارس و دەریای مکران(عومان) پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو دەروویە هی چەرخی سێهەمی زەوی ناسی(ژیئۆلۆجی)یە کە درێژەی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە باشوریی ئێران لە شێوەدورگەی موسەندام لێک دادبڕێ. ئەو ڕێگە بازرگانییە کە لە کەنداوی فارسەوە بەرەو دەریای عومان و ئۆقیانووسی هێند بۆ لای ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو لە ڕێگەی تەنگەڵانی بابومەندەب بەرەو ئورووپا و وڵاتانی ئافریقاو دەریای نێوەڕاست دەڕوا ڕۆژانە ١٧میلیۆن بەرمیل نەوت لە وڵاتانی خاوەن نەوتی کەنداو بەرەو وڵاتانی پێشە سازی و سەرمایەداریی جیهان بەتەنگەی هورمز دا تێپەڕ دەبێ و لەوڵاتانی دیکەشرا خواردەمەنیی و کەلوپەلی بازرگانی بەرەو وڵاتانی کەنداو بەو دەروویەدا دێ.

دەرووی هورمز باریکەیەکی ئاوییە، شادەماری ئابووریی، بازرگانی و نیزامیی وڵاتانی دەروبەری کەنداوی فارسە کە ڕۆژانە نەوتی ئێران، عێراق، کووەیت، عەرەبستانی سعودی، قەتەر، بەحرەین و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە ڕێگەی ئەو دەروویەوە بەرەو بازاڕەکانی جیهان دەڕوا. درێژیی ئەو دەروویە ١٥٨ کیلۆمەترو پانایییەکەی ٦٨کیلۆمەترە. ئەو دەروویە بە شێوەیەک هەڵکەوتوە ئێران دەکەوێتە باکوور و عومان دەکەوێتە باشووری، ئێران لە باکووری دەرووی هورمز را بەهۆی دورگەکانی هورمز، لارک، قشم، هەنگام، تونبی گەورەو چکۆلەو ئەبوموساو، بەسەر ناوچەی باکووری ئەو دەروویەدا زاڵە و پێگەو ڕێگەی خۆی لە بواری سەربازی بە تەواوی ئامادە کردوە. هەرچەند ئێران بە هۆی ئەو دوڕگانە لە تەنگەڵانی هورمزدا شوێن وجێگەیەکی ژئۆئیستراتیژیکیی هەیەو هێزی دەریای و هەوایی و سەکۆی مووشەکیی، پارێزگاری لەو تەنگەڵانە دەکا. لە لایەکی دیکەش لە باشوورەوە وڵاتی عومان لە ڕێگەی شێوە دوڕگەی موسەندام (سەری مەسەندام) و دوڕگەکانی قۆینی گەورەو چکۆلە را بەسەر باشووری ئەو دەروویەدا زاڵە و پارێزگاری لە بەشی باشووریی هورمز دەکات. لەگەڵ ئەوەش وڵاتانی دیکەی کەنداو پێگەی بەهێزی نیزامیی ئامریکایان لێیە بەتایبەت ناوگانی پێنجەمی ئامریکا لە بەحرەینە. ئەو ناوگانە لە بنانگوێی هێزی دەریایی ئێرانە و فەرماندەهیی هێزی دەریایی ئامریکای لە کەنداوی فارس دەریای سوور، دەریای عومان، کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاو کینیای لە ئەستۆیەو زیاتر لە ٦هەزار کەس لە هێزی دەریایی ئەمریکای لێیە. جیا لەوەش ئامریکا دوای شەڕی دووهەمی کەنداو، هێزێکی زۆری دەریایی و هەوای لە کووەیت، عەرەبستان، قەتەر، بەحرەین و ئیمارات و عەمان داناوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر گرژیی و ئاڵۆزییەک لەو ناوچەیەدا. هەروها ناوگانێکی فەڕانسەش لە سەری موسەندامە بۆ پارێزگاریی لە تەنگەی هورمز. ئێران هەرچەند هەڕەشەی بەستنی دەرووی هورمز دەکا بەڵام کە بە وردی دەڕوانینە پاتۆلۆجی جوگرافیایی و وەزعییەتی ژئۆپۆلیتیکی دەرووی هورمز کۆمەڵێک پرسیار دێتە گۆڕێ. ئەرێ ئێران لە بواری نیزامیی دەتوانێ دەرووی هورمز ببەستێ؟ لە چ کات و وەختێکدا ئەگەری بەستنی لە لایەن ئێرانەوە هەیە؟ ئەرێ کاردانەوەی وڵاتانی دەوروبەری کەنداو چ دەبێ؟ کاردانەوەی وڵاتانی نەوت کڕو پێشەسازی و سەرمایەداری چۆن دەبێ؟ لە ئاکامی بەستنی دەرووی هورمز ئامریکاو فەرانسەو بەریتانیا چۆن هەڵوێست دەگرن، ئەرێ لە شەڕەوە دەگلێن یان هەر لە دوورەوە چاو لێدەکەن؟

بەڵام وڵامی ئەو پرسیارانە بە رای من ئەوەیە کە هەڕەشەی بەستنی دەرووی هورمز لەلایەن ئێران تەنیا شەڕێکی ڕەوانیی و پڕوپاگەندەییە و هیچیتر . لە لایەک بەشێک لە کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی حاشا لە بەستنی دەرووی هورمز دەکەن دەڵێن ئێران بەرنامەیەکی وای نییە، هێندێکی دیکە لە کاربەدەستان لە ڕادەی سەرەوەی حکوومەت دا هەڕەشەی بەستنی تەنگەڵانی هورمز دەکەن.



دیارە ئەو سیاسەتە یەک بان و دوو هەوایە شتێکی تازە نییە، وای لێهاتوە بۆتە بنێشتی سەر زاران، تازە ئەو هەڕەشە لە لایەن کەسێکی سەربازییەوە نییە بەڵکو ئەوە «موحەمەد ڕەزا ڕەحیمی» جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمارە هەڕەشە دەکاو دەڵێ: ئەگەر گەمارۆی نەوتی بخەنە سەر ئێران ئێمەش تەنگەڵانی هورمز دەبەستین.

بەدوای قسەکانی ئەو «حەبیبوڵڵا سەیاری» فەرماندەی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی، «حسێن سەلامی» جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران و «مەسعود جەزایری» جێگری فەرهەنگی و ڕاگەیاندنی بەرگریی ناوەندی گشتیی هێزە چەکدارکانی کۆماری ئیسلامی لەو نیزامیيانە بوون بە دوای «موحەمەد ڕەزا ڕەحیمی»دا هاتنە نێو کێشەکەو لەسەر بەستنی دەرووی هورمز دەستیانکرد بە هەڕەشە و دوای ئەوەش مانۆڕێکی دەریاییان لە دەریای عومان وەڕێخست. بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاوا باش دەزانن کە ئەو هەڕەشانە تەنیا دروشمی بێناوەڕۆکن و تەنیا باری پڕوپاگەندەیان هەیە. لە لایەکیتر لەگەڵ ئەو هەمووە پڕۆپاگەندە و مانۆڕە لە بارەی هێزە سەربازیی و ئەمنییەتییەکانی ئێران، بەڕێوەبەرانی وڵات زۆر باش دەزانن کە لە بەرامبەر توانایی و تەکنیکی سەربازیی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوادا لە چی ئاستێکدان، ئەگەر هاتو ئەو دەروویەیان بەست بە چ ڕادەیەک دەتوانن لە بەرامبەر هێزی جیهانیدا بەربەرەکانی بکەن. چونکە ئێران کەوتۆتە ژێر فشاری توندی نێونەتەوەیی.

سیاسەتی دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕی ئێران نەتەنیا لەگەڵ دراوسێکان بەڵکو لەرادەی جیهانیشدا بۆتە هۆی بێزراوی و تەریک مانەوەی ڕێژیم، تەنانەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا سوریا دۆستی دێرینی لەگەڵە، کە ئەویش گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و ناتوانێ دڕوویەک لە قاڵبی ڕێژیمی ئێران دەربێنێ دڵنیام ڕێژیمی سوریا دەڕوخێ و ئەوە هێزی خەڵکە سەردەکەوێ. حەماس و حیزبوڵڵاش کە حەیاتیان بەستراوەتەوە بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە نەمانی سوریا هیچیان لە دەست نایەت.

لە لایەکی دیکەش لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی نێوخۆیی دەست بە یەخەیە گرانی، بێکاری، قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنن، ئەوەش نیشانەی سەرلێشێواوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییە. توندبوونەوەی گەمارۆکانی ئابووری بەتایبەت نەوت و بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامی توشی وەزعییەتێکی نادیار کردوە.

جیا لەوانەش وەزعی ڕێژیم لە نێوخۆدا زۆر خراپە، ڕێژیم ئەگەر پێی وابێ وەک شەڕی ئێران و عێراق گەلانی ئێران بەرگریی دەکەن دەبێ ئەوە باش بزانێ ئەو وەچەی ئێستا وەچەی هەوەڵی شۆڕش نین بەڵکو بە هۆی پێشکەوتنی تەکنیک و بوونی ئینتەرنێت و مۆبایل لە لایەک و هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرانەی گەندەڵیی بەرپرسانی ڕێژیم لەگەڵ خەڵک، ئیداری و ماڵی، بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات وای کردوە کە خەڵک ئەگەر نەشوێرن دژایەتیی بکا، بێلایەن بێ. دیارە بۆ خۆشیان دەزانن ئەو وەچەی ئێستا بۆیان ناچێتە بەرەکانی شەڕ، هەروها فەرماندەکانی ئەرتەش و سوپاش بەهۆی وەسەریەکنانی سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆر لە ڕێگەی نامەشروع و لە ڕێگەی قاچاخی مەواد دەوڵەمەند بوون بۆیان ناچنە بەرەکانی شەڕ و زیاتر بەرژەوەندی خۆیان بۆ گرینگە تا بەرژەوەندی ڕێژیم.

بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی زۆر باش دەزانن بە بەستنی دەرووی هورمز سەرئێشەوکێشە زیاتر دروست دەبێ وڵاتانی کەنداو هەموویان هاوکاریی ئەمریکا دەکەن چونکە لە ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردانەکانی ئێران دەترسن. وڵاتانی کەنداو یان شوورای هاریکاریی کەنداو بریتین لە عەرەبستانی سعودی، کووەیت، بەحرەین، قەتەر، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و عومان. شورای هاوکاریی کەنداو ساڵی ١٩٨١ پێک هات. ڕاستە ئەو شووڕایە زیاتر بە مەبەستی بازرگانی پێکهات و لایەنی ئابووری هەبوو بەڵام لەڕاستیدا لە ترسی پەرەئەستاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی و دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی کەنداودا پێک هات. ئێستا وڵاتانی شووڕای هاریکاریی کەنداو بە پشتیوانیی نیزامیی وڵاتانی ڕۆژئاوا توانایی و بەرگریی بەهێزیان دروست کردوە.

لە لایەکی دیکە ئامریکا بە مەبەستی ترساندن و تۆقاندنی وڵاتانی کەنداو کێشەکە گەورتر نیشان دەدا، تاکو بتوانێ چەک و کەرەستەی سەربازیی خۆی بفرۆشێ، هەر لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بۆ بەهێز کردنی توانای سەربازیی عەرەبستان وەک بەشی سەرەکیی پارێزەری ئەمنییەتی کەنداوی فارس ڕێککەوتننامەیەکی ٦٠میلیارد دۆلاریی فرۆشی چەکی لەگەڵ ئیمزا کردوە، کە ٨٤ فەروەند فرۆکەی شەڕکەری نوێی F١٥ و ١٥٠ هێلیکۆپتەری ئاپاچی کەلوپەلێکی زۆری دیکەی سەربازیی بە عەرەبستان فرۆشتوە کە ئەوە گەورەترین مامەڵەی چەک و چۆلە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. لە ڕاستیدا ئەمریکا لە کەنداوی فارسدا سێ ئامانجی هەیە، یەکەم دەیەوێ لە ڕێگەی فشارو گەمارۆی توندی ئابووریی تەحریمی نەوت و گاز و بانکی ناوەندی ئێران کۆنترۆڵ بکا. دووهەم، زیاتر گرینگی بدا بە پاراستنی ئەمنییەتی کەنداو. سێهەم دەست پێڕاگەیشتنی تەواوی بەسەر نەوت و گازی وڵاتانی کەنداو دا هەبێ.

لەلایەکی دیکە کاربەدەستانی ئێران دەڵێن ئەگەر وڵاتانی دیکە نەوت گازی کۆماری ئیسلامیی گەمارۆ بدەن هاموشۆی نەوتکێشەکانی وانیش بێ زیان نابێ و دەتوانین لە باری یاساییەوە پێش بە نەوتکێشەکان بگرین و دەرووی هورمز ببەستین. ئێران کە ٨٠٪ی ئابوورییەی کە بە فرۆشی نەوت بەستراوەتەوە زەرەرمەندی یەکەم بۆخۆیەتی.

دوایەش ڕێژیمی ئێران لە باری حقوقییەوە ناتوانێ ئەو تەنگەیە ببەستێ چونکە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی ١٩٨٢ لەمێژ ساڵە مافی دەریاکان دەپارێزرێ و حەقی ترانزیتی تێپەڕ بوونی پاپۆڕەکان لە دەرووی نێونەتەوەییەکان بۆتە بەشێک لە مافە نێونەتەوەییەکان و ئێرانیش ناچارە بیپارێزێ. پاشان دەرووی هورمز سێ بەشە: لە لێوارەکانی باکور دەرووی هورمز را هەتا ١٢مایلی دەریایی ئاوی ئێرانە. لە لێوارەکانی باشوری دەرووەکە را هەتا ١٢مایلی دەریایی، ئاوی وڵاتی عومانە. ئەوی دیکەش ئاوی دەریا ئازادە یان ئاوەکانی نێونەتەوەیییە. حکومەت ئێران لە باری یاساییەوە ناتوانێ هیچ چەشنە دەستێوەردانێک لە بەشەکانی دیکەی ئەو تەنگەیەدا بکا. لە لایەکی دیکەش بەشی هەرە زۆری هاموشۆی کەشتییەکان بەهۆی قووڵیی ئاوی دەرووەکە دەکەوێتە بەشی عومان لە نزیک دووڕگەکانی قۆیین سەری موسەندام کە ئێران ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکا یان ڕێکایان لێبگرێ. کە وابوو ئێران کاتێک تەنگەی هورمز دەبەستێ کە هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی نەبێ. لە ڕاستیدا بەستنی دەرووی هورمز بە مانای شەر لە لە کەنداوی فارسە.

# تیرۆری زانا ناوکییەکان و دووپاتبوونەوەی سیناریۆکان

مەحموود شەریفی
و: وریا رەحمانی

بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی بەفرانبار، مستەفا ئەحمەدی ڕۆشەن لە گەڕەکی سەید خەندانی تاران لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆر کرا. ناوبراو دەرچووی ئەندازیاریی شیمیی زانکۆی شەریف و جێگری بەشی بازرگانیی سایتی ناوەکیی نەتەنز بوو. بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە ماڵپەڕە ئینتێرنێتی و ڕاگەیەنەکانەوە کۆمەڵێک لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هاتە ئاراوە.

عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بکەرانی ئەم کردەوەیەی بە ترسنۆک زانی و باسی لەوە کرد کە هەرگیز لە سزای بکەران و پیلان گێڕانی ئەم کردەوەیە خۆش نابێ. مەسعوود جەزایری جێگری ستادی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران گوتی: وەڵامی ئێران بە پشتیوانانی تێرۆریزمی دەوڵەتی توند و بەژان دەبێ. کاربەدەستە باڵاکانی ئێران بەرپرسایەتیی تاوانەکەیان بەسەر بریتانیا و ئامریکا و ئیسرائیل داهێنا و لەسەر بەڵێنی تۆڵەئەستاندنەوە پێداگریان کردەوە.

وڵاتانی ئامریکا و بریتانیا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تێرۆرە گومانی هەرچەشنە دەست تێدابوونێکیان لەم بوارەدا ڕەد کردەوە، کەچی تا ئێستاش ئیسرائیل لەم پێوەندییەدا لێدوانێکی ڕەسمیی نەبووە.هەر بۆیەش شیمانەی گومانەکان زیاتر رووی لە ئیسرائیلە. هەندێک لە کەسایەتی و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەش بە دەرکردنی ڕاگەیەندراو ئەم تێرۆرەیان مەحکووم کردوە و زیاتر لەسەر دەوری وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەت ئیسرائیل پێداگریان کردوە.

«ئیسرائیل بەهۆی نزیکیی جوغرافیایی لەگەڵ ئێران و ئەو دوژمنایەتییە کۆنەی حاکمانی ئیسلامیی ئێران لەگەڵیدا هەیانە، لە چاو وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی دیکە زیاتر لە ئێرانی ناوەکی دەترسێ و ئینجا لە هیچ هەوڵێک لەپێناوی بەرەنگاری لەگەڵ دەسپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکی سڵ ناکاتەوە«.

ئەو بابەتەی سەرەوە بنەمای لێکدانەوەی ئەو کەسایەتی و لایەنانەیە کە تاوانی تێرۆری زانا ناوەکییەکانی ئێران بەسەر ئیسرائیل دادێنن. کەچی لەڕاستیدا ئەو کەسانەی کە لەو دوو ساڵەی ڕابردوو بەناوی زانای ناوەکی و کەسانی پەیوەندیدار بە ناوەندە ناوەکییەکانی ئێران تیرۆر کراون، لە کەسانی خاوەن پێگە و کاریگەری ئەم بوارە نەبوون. مەسعوود عەلی محەمەدی، مەجید شەهریاری، داریوش ڕەزایی نژاد و مستەفا ئەحمەدی ڕۆشەن، سەرەڕای دارابوونی بڕوانامەی زانکۆیی پێوەندیدار بە بابەتە ناوەکییەکانەوە، بەڵام ناوی هیچیان لەنێو خشتەی زانایان و بەرپرسانی باڵای ناوەکیی ئێران دا کە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکاوە بایکۆتیان بەسەردا سەپاوە، نابینرێ. یەکەمین تیرۆر لەم چەشنە لە ٢٢ی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٨، دوای نارەزایەتییەکانی ڕۆژی عاشووڕا ڕوویدا و تێرۆرەکانی دواتر لە ساڵوەگەڕی یەکەمینیان دا کران. لە تەواوی ئەم تێرۆرانەدا ئێران هەڕەشەی تۆڵە و چاکسازانەی قوڵایی ستراتژیک (پشتیوانی حکوومەتی ئێران لە وڵاتانی ناوچە)ی کردوە بەڵام تا ئێستا هەوڵێکی بەکردەوەی لەم بوارەدا بە ئەنجام نەگەیاندوە. ئەگەر ئەم گریمانەیە بە دروست بزانین کە تێرۆری زانا ناوەکییەکانی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەنجام دەدرێ، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی ئیسرائیل کەسانی پلە دوو، و پلە سێی پرسی ناوەکیی ئێران هەڵدەبژێرێ، لە حاڵێکدا کەسانێکی گرینگتر هەن کە کاریگەرییەکی زیاتریان هەیە. بۆچی لە کۆی ئەم تێرۆرانەدا فەرەیدوون عەبباسی کە یەکێک لە ڕوخسارە دیار و کاریگەرەکانی بواری ناوەکی یە دەرباز دەبێ و پاش ماوەیەک بە سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی وزەی ناوەکیی ئێران هەڵدەبژێردرێ. سەرەڕای پێداگریی سەرکۆمار و بەرپرسە باڵاکانی سپا سەبارەت بە پاراستنی تایبەتی زانا ناوەکییەکانی ئێران، چۆنە جارێکی دیکە ڕێک لە ساڵوەگەڕی یەکەمین تێرۆر، یەکێکی دیکە لە پێوەندیدارەکانی بواری ناوەکیی ئێران دیسان تێرۆر دەبێ، بە بێ ئەوەی بکەرەکانی بگیرێن یا سەرە هەوداکانی بدۆزرێنەوە. ئەگەر ئەم تێرۆرانە لەلایەن دەزگای ئاسایشی ئیسرائیل (موساد)ەوە دارێژراون، هۆی وێکچوونی هەموویان لەگەڵ یەکتر لەچیدایە. کۆی ئەم پرسیارانە دەتوانێ هۆکاری بەڕێوەچوونی ئەم تێرۆرانە لەلایەن ئیسرائیل بەرێتە ژێر پرسیارەوە. کەچی لە بەرامبەردا ئایا ئێران لەم تێرۆرانە سوودمەند دەبێ یا زەرەر دەکا. بەپێی لێدوانی کاربەدەستانی باڵای ئێرانی، پڕۆژەی ناوەکی لە ئێراندا پڕۆژەیەکی زانستی و درێژخایەنە کە لە ساڵانی ڕابردۆوە دەستی پێکردوە و تا گەیشتن بە دابین کردنی سووتەمەنی ناوەکی هەر درێژەی دەبێ. ئەم پڕۆژەیە لە ئێران دا لە چوارچێوەی کەسیک نامێنێتەوە و کەسانێکی زۆرتر تێیدا بەشدارن. بە دڵنیاییەوە بە نەمانی چەند کەسیش تووشی گرفتی سەرەکی نابێ. ئەم تێرۆرانە لە هەلومەرجێکی زەمانیی تایبەتدا کراون و زیاتر لە سێناریۆ دەچن. هەر وەکوو ئاماژەی پێکرا یەکەمین تێرۆر دوای خۆپێشاندانەکانی ڕۆژی عاشووڕای ساڵی ١٣٨٨ کرا و ئەوکات توانیی بە داگیرکردنی تیتری یەکەمی هەواڵدەرییە نێوخۆیی و دەرکییەکان، پرسی کوشتار و دەستگیر کردنی ناڕازییانی ڕۆژی عاشووڕا تا ڕادەیەکی زۆر بخاتە پەراویزەوە و دوایین نموونەکەشی لە بارودۆخێکدا ڕوو دەدا کە دۆسییەی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە ئامریکا بە دەستی ئێران لە گۆڕێ دایە و بەڵگە و هۆکارگەلێکی بەهێز لە ڕاستای دەست تێدابوونی ئێران لەم تیرۆرەدا لە بەردەستن. شیمانەی ئەوەی کە ئێران بیهەوێ بەم سیناریۆیەوە پاوانی تاوان بخاتە ئەستۆی وڵاتانی دیکەوە، دوور نیە. بە نیسبەت بیرورای گشتیی نێوخۆوە ئەم تیرۆرە دەتوانێ لە نیشاندانی توانایی بەڕێوەبەرایەتی و دابین کردنی ئاسایشی حکوومەتی ئێران لە کۆمەڵگادا کەم بکاتەوە، کەچی لە بەرامبەردا سەرنجی گشتیش سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری ئابووری و دابەزینی بەرچاوی نرخی دراوی ئێران لە سەروبەندی هەڵبژاردنی هەستیاری مەجلیسی نۆیەم دوور دەکاتەوە و بەلارێیدا دەبات. هەروەها حکوومەتی ئێران بەنیازە بە بەستنەوەی ئەم کردەوەیە بە بیگانە و پێکهێنانی فەزای ترس لە هێرشی وڵاتانی دەرەوە بۆ سەر ئێران، سەرنجی جەماوەری بەرەو بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ڕابکێشێ.

# کوردستانی سوور، داخی گرانی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت

و: ڕێبوار مەعروف زادە

بەشی یەکەم

**بەرایی: ئەو وتاره زۆرتر ڕاپۆرتێکە داستانی و دیارە پشت ئەستوور بە گفتوگۆ لەگەڵ چالاکانی بزووتنەوەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆمارەکانی سەربەخۆی دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت.**

**نووسەر کە خۆی لە ڕۆژنامە نووسان وچالاکانی دانیشتووی قەفقازە بە هێنانەوەی کۆرتەیەک لە تێکۆشانی کوردەکان لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبر و دامەزراندنی کۆماری کوردستانی سوور لە ناوچەی لاچین، کە لنینیش ڕەزامەندی لەسەر بووە، ئاوڕ لە گۆڕانکاری یە سیاسی یەکان و تێکۆشانی کوردەکان لە پێناو گەیشتن بە مافە مرۆیی یەکانی خۆیان دەدا.**

**پێشەکی**

پاش شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە ڕووسیە، ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز دەژیان هیوای ڕزگار بوون پەیدا بوو. لەو نیشتمانە کە بەشێکی گەورە لە جۆغرافیای جیهان لە خۆ دەگرێ، خەڵکێک لە تەواوی نەتەوەکانی جیهان دەژیان. هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ١٧ ئۆکتۆبر بۆ ئەو نەتەوانەی کە لەوێ نیشتەجێ بوون دامەزراندنی کۆمار و بۆ بیانییەکان، ئەوانەی دواتر بۆ ئەو نیشتمانە کۆچیان کردبوو، مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەری نەتەوەیی و کلتووری دەستنیشان کرا. یەکێک لە باشترین نموونەکان کە نیشان دەدا ئەو نیشتمانە فرەنەتەوەیە، قەزاقستانە کە لەوێ ١٠٢ نەتەو پێکەوە دەژین. دیارە کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە.

**داستانی کۆچی کوردەکان بە سێ قۆناخ لێکدەدرێتەوە :**

بە پێی وتەی هێندێک کەس یەکەم قۆناخی کۆچ لە سەردەمی حکوومەتی تزارەکاندا بووە. لە پەنا ئەودا، ئەو نەتەوانەی کە لە سەردەمی شەڕەکانی عوسمانی و ڕووسیە هاتوون بۆ ئێرە دەکەونە چوارچێوەی ئەو قۆناخەی کۆچ. دیارە سەرەڕای نەبوونی مێژووییەکی نووسراو لەو بووارەدا، ئەوکەسانەی کە خۆیان لەو سەردەمەدا ژیاون، ئەو سەردەمە بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنن.

قۆناخی دووهەمیش پاش شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر و پێکهاتنی سنوورەکانی مانەوەی ئەو گرووپە لەو نەتەوانەی کە لە نێو ئەو سنوورانەدا مانەوە. ئەو نەتەوانە سەرەڕای ئەوەی بە پێی خواستی خۆیان نەبوو چوونەتە ژێر دەسەڵاتی هێندێک لەو کۆمارانە. بە پێی وتەی خەڵک سێهەمین قۆناخی کۆچیش بۆ سەردەمی «شۆڕشی ئاگری» لە باکووری کوردستان دەگەڕێتەوە کە هێندێک کورد کۆچیان کردەوە و سەرەتا لە ڕووسیەی تزاری و دواتر لە یەکیەتی سۆڤییەت نیشتەجێ بوون، بە دوای شۆڕشی ١٧ ئۆکتۆبر بوونە خاوەنی «پشکێک».

«پشکێک» کە بە دوای شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر لەگەڵ درووشمی «ئازادیی نەتەوەکان» هاتنە ئاراوە، وەبەر ئەو کوردانە کە لە سۆڤییەت دژیان کەوت. ئەو پشکە «ناوچەی خۆدموختاری کووردستانی سوور» بوو کە لە ساڵی ١٩٢٣بە پێتەختی «لاچین» لە شوێنێک ڕاگەیەندرا کە ئێستاکە بەشێکە لە خاکی ئازەربایجان. دیارە کوردستانی سوور کە هەتا ئێستا هۆکاری ڕووخانی بە تەواوەتی ڕوون نییە تەمەنێکی درێژی نەبوو، سێ ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٢٦ تێکشکا.

تەرخانکردنی ٤٠ میلیۆن ڕووبل لە بوودجە بۆ کوردستانی سوور لە لایەن لنینەوە:

کوردستانی سوور کە بە ناردنی کوردەکانی دانیشتووی قەفقاز بۆ لاچین دامەزرابوو، بە وتەی هێندێک لەو کەسایەتییە کوردانەی هەتا ئێستا لەگەڵیان دانیشتووین، لە ئاکامی هەوڵەکانی دوژمنکارانەی «نویمان باقروف» سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، لە نێو چوو. دیارە ئەوەی هەتا ئێستا بە پێی بۆچوونی خەڵکی ناوچە و کەسانی دیکە وەک هۆکاری سەرەکی تێکشکانی کوردستانی سوور پێشاندراوە، ئەو پێوەندییانەیە کە لە نێو ڕێبەرانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و ڕێبەری پێشووی یەکیەتی سۆڤییەت «ژۆزف ستالین» هەبووە. بە پێی ئەو بوچوونە، کە لە دەستنووسەکانی لنینیش دا هەیە، لنین پێش لە دامەزراندنی کوردستانی سوور ٤٠ میلیۆن ڕووبل بوودجەی بۆ تەرخان دەکا، بەڵام دوای مردنی لنین، ئیستالین ئەو بوودجەیەی کە بۆ بەشی تێکنۆلۆژی، پیشەیی و ئامووزشی کوردستانی سوور دیاری کرابوو وەک زیادی لە بوودجەی ئەرمەنستان لە قەڵەم دا.

بە دوای ئەوەدا لە بەرامبەر چارەسەری کێشەی سنووری نێوان ئازەری و ئەرمەنییەکان کوردستانی سوور قوورباني دەکرێ. بە دوای تێکشکانی کوردستانی سوور، کوردەکان تا ماوەیەک درێژەیان بە خەبات دا ٨٠ ساڵ بە دوای تێکڕووخانی کوردستانی سووردا، گۆڤارێک بە ناوی «ڕێگای نوێ» لە ئێرەوان پێتەختی ئەرمەنستان بڵاو دەکرێتەوە.

دەگەینە سەردەمێک کە ئەگەری دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی بە تەواوەتی هەست پێدەکرێ. لەو هەلومەرجەدا ڕێبەرانی سۆڤییەت دەکەونە داوی ئەو بیرە هەڵەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەو کەمینە نەتەوەییانەی کە لە سنوورەکانی تورکیە و ئێران دەژین لەگەڵ دووژمن بکەون و خیانەت بکەن. وەزیری نێوخۆی شوورەوی «لاورنتی بریا» بە فەرمانی ستالین کە سکرتێری حیزبی کۆمونیست و ڕێبەری سۆڤییەت بووە، تێکڕای ئەو نەتەوانە تا ٢٠٠ کیلومیتر بەرەو ناوچەکانی ناوەند پاڵ پێوەنا و کۆچێکی پڕ ئازاری بەسەردا سەپاند. ئەو کوردانەی کە لەو کۆچەدا لە قەفقاز بەرەو ئاسیای نێوەڕاست کۆچ دران، لەوێش هەر درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا. کوردەکان تەنیا دوای مردنی ئیستالین توانیان بۆ قەفقاز بگەڕێنەوە. لەو سەردەمەدا لە تەنیشت گۆڤاری «ڕێگای نوێ» کە لە ساڵی١٩٣٧ دەستی بە بڵاو کردنەوە کرد، ڕادیو ئێرەوانیش لە ساڵی ١٩٥٧ دەستی بە وەشان کرد و ئەنیستیتۆی زمانی کوردییش دامەزرا کە تا دووساڵ درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

هەروەها شاهیدەکان دەڵێن ئەو کوردانەی کە بۆ ئەرمەنستان گەڕانەوە، هەوڵیاندا تا هێندێک دامەزراوە پێکبێنن، ئەو کوردانەش کە لە ئاسیای نێوەڕاست مانەوە بۆ زیندووکردنەوەی کوردستانی سوور دەستیان دایە تێکۆشانێکی بەرفراوان. پێشڕەوی ئەو هەوڵانە کە هەروا لە باکۆ دەژی «محەممەد بابیۆف» بوو کە لەگەڵ هەیئەتێکی ٩ کەسی پێکهاتوو لە کەسانێک وەک تەیموور عەلی، حوسێن نەبوو، محەممەد ئەمین عەزیز، حوسێن سادقۆف و چرکەز بەکۆ سەردانی مۆسکۆیان کرد. ئەوان چاویان بە مونشیی ڕێبەری یەکیەتیی سۆڤییەت «خرۆشچۆف» کەوت و خواستەکانی خۆیان بە ئاگاداری ئەوان گەیاند. مونشی یەکەمی خرۆشچۆف کە لەگەڵ دوو ڕاوێژکاری خرۆشچۆف بە ناوەکانی «وادر» و «شومونسکی» دانیشتینیان لەگەڵ هەیئەتی کوردی قەبووڵ کرد ڕایانگەیاند کە سکرتێری گشتی ناتوانێ ئەوان ببینێ. بەمهۆیە هەیئەتی کورد نامەیەکیان کە ئامادە کردبوو دایە دەستی مونشیی خرۆشچۆف و هەروەها خۆشیان خواستەکانی خۆیان بۆ ئەوان شی کردەوە. دوکتور «حوسێن سادقۆف» کە لەو هەیئەتە ٩ کەسییەدا بوو، بە نیسبەت سەردانی خۆیان لە مۆسکۆ دەڵێ : «ئێمە لەگەڵ مونشی لە پێوەندی لەگەڵ کۆچی زۆرەملی و ئەوەی کە نەتەوەیەکین کە زمان، کولتوور، مێژوو و شۆناسێکی تایبەتمان هەیە، قسەمان کرد. باسی ئەوەمان کرد کە لەگەڵ ئێش و ئازارێکی زۆر ڕووبەڕوو بووینە و لە ساڵی ١٩٢٣ ناوچەیەک بە ناوی «کوردستانی سوور» بۆ ئێمە دامەزراوە، بۆ پێشگرتن لە پارچەپارچە بوونی نەتەوەکەمان، و پاراستنی خۆمان و دەستکەوتەکانمان دەمانهەوێ بۆ جارێکی دیکە کوردستانی سوور دابمەزرێنینەوە هەتاکوو خەڵکەکەمان لەو تێکشکانەی کە تووشی هاتوە ڕزگار بکەین. «سادقۆف» وتی کە پاش ئەو سەردانە، مۆسکۆ هیچ وەڵامێکی بە ئێمە نەداوە و بە بێ هیچ ئاکامێک گەڕاینەوە.


محەممەد ئەمین عەزیز کە هەر لەو هەیئەتەدا بووە دەڵێ، چووین و بێ دەستکەوت گەڕاینەوە. ئەو سەردانەکەی خۆی بەمجۆرە بە کورتی باس دەکا. محەممەد ئەمین عەزیز کە ئێستاش هەر لە شاری «ئالمائاتا»ی قەزاقستان دەژی، بەگریانەوە، ئاوا باسی ئەو ڕۆژانە دەکا : ئێمە داواکارییەکانمان بە ئەوان ڕاگەیاند. بە جوانی گوێیان لە قسەکانمان گرت بەڵام دواجار وتیان : « ئێمە پێدانی ئۆتۆنۆمی کلتووری بە ئێوەمان قەبووڵە. واتە مافی دامەزراندنی ٦ ناوەندی کلتووری بە ئێوە بدەین، یەکێکیان لە قرقیزستان، سێیان لە قەزاقستان، یەکێکیان لە ئازەربایجان و یەکدانەش لە ئەرمەنستان». بابیۆف لەو پێوەندییەدا وتی کە : «ئێمەش لە چۆنیەتی و جۆری ناوەندە کلتوورییەکان ئاگاداریمان هەیە، بەڵام ئەوانە پێویستییەکانی سەرەکی ئێمە نین. ئێمە پێویستیمان بە ناوچەیەک هەیە کە بتوانین لەوێدا لەگەڵ خەڵکەکەمان پێکەوە بژین.

پێویستیی سەرەکیی ئێمە ناوەندی کلتووری نییە، بەڵکوو وڵاتە. مونشیی خرۆشچۆف کاتێک ئەو قسانەی بیست دیتی کە ئێمە لەسەر خواستەکانمان سوورین کوتی : «وتە و خواستەکانتان بە ئاگاداریی سەرۆکی حکوومەت دەگەیەنین. خواستەکانی ئێوە زۆر جیددین، دەبێ سەبارەت بە وان بیر بکەینەوە. ئەو ناوچانەی کە داوای دەکەن خاکی ئازەربایجان بە ئەژمار دێن. کوتی کە بۆ ئەو ناوچانە ناتوانن گوشار بخەنە سەر ئازەربایجان و بۆ چارەسەری دەبێ حیزبی کۆمونیست و پارلەمانی ئازەربایجان ئاگادار بکەینەوە.» بەمجۆرە سەردانەکەمان کۆتایی پێهات. محەممەد ئەمین عەزیز بە زەردەخەنەیەک،کە دەرخەری ئێش و ئازارێکی فراوان بوو، دەڵێ : «ئێمەش دەبینین ئەوکەسانەی ئەوکات واتە ٤٢ ساڵ بەر لە ئێستا وتیان دەبێ بیر بکەینەوە، ئێستاش هەر بیر دەکەنەوە.» هەروەها دەڵێ : «نە ئەو و نە منداڵەکانیشی بڕیارێک کە مۆسکۆ دەبوو بیدا نەیاندیتەوە و نایبینن.»

لە ساڵی ١٩٦١ لە مۆسکۆوە وەڵامێک دێ. وەڵامەکە شتێک نییە کە چاوەڕوان دەکرا. واتە هەمان شت کە لە یەکەم دانیشتن بەوانیان ڕاگەیاند. بەم هۆیە ئەوانەی کە لە ڕێگەی پێکهێنانی کوردستانی سوور خەباتیان دەکرد، تێگەیشتن کە کارەکەیان زۆر سادە نەبووە و بەمجۆرە ماوەیەک بێ دەنگ بوون. کوردەکان کە هێندێک بە هۆی کردەوەکانی خرۆشچۆف، کە تا ڕادەیەک ئازادیخواز دەهاتە بەرچاو، بوێر ببوون و وەجوش و خرۆش کەوتبوون، بەڵام بە بێ هیچ دەستکەوتێک گەڕانەوە. چاوەڕوانی ئەو دەرفەتانە دەکەن کە ڕەنگە لە داهاتوودا بخوڵقێ و لەو سەردەمە درێژە بە پێوەندیەکانیان دەدەن. دوای خرۆشچۆف، لە کاتی حکوومەتی «برژنف»دا بوو کە کۆمیتە هەروا هەلومەرجەکەی گوونجاو نەدەدی، هەر بۆیە هەروەها چاوەڕوان مایەوە. ئەو چاوەڕوانییە دووروودرێژە تا بە دەسەڵات گەیشتنی «گورباچۆف» بەردەوام دەبێ.هاوکات لەگەڵ ئەو چاکسازی یانەی کە گورباچۆف دەستی پێ کرد و لە ئاکامی شەڕێک لەهەمبەر ناوچە کوێستانییەکانی قەرەباغ هاتە پێش، کۆمیتەی زیندووکردنەوەی کوردستانی سوور دیسان وەکار کەوت.

**کۆمیتە دیسان دێتە مەیدان**

ستراتیژی سەرەکیی کۆمیتە کە هەتا شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر قەرەباغ چاوەڕوان کردنی کاتیی گونجاو بوو، لەو ماوەیەدا لە نێو کوردەکان ڕێکخستن دەکەن. ڕێبەری گرووپ «بابیۆف» لە ساڵی ١٩٨٨ یا ١٩٨٩ لە کاتی شەڕی قەرەباغ بۆ جارێکی دیکە دێتە مەیدان. بابیۆف کە لەو بڕوایەدا بوو کە تاکە ڕێگەی گەیشتنی کوردەکان بە کوردستانی سوور شەڕە، لە سەر هاوکاریکردنی ئازەربایجان جەخت دەکا. بەم هۆیە لە نێو کوردەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەڕاست مشتومڕی جیدیی دێتە ئاراوە. هێندێک لە ئەندامەکانی کۆمیتە دژی ئەو بۆچوونەی بابیۆف دەبن و هێندێکیش بێ دەنگ دەمێننەوە. بابیۆف کە تا ڕادەیەک پشتگیریی خەڵک و ڕووناکبیران بەدەست دێنی، دیسان بیر لە هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر ئەو کوردانەی کە لە خاکی ئەرمەنستاندا دەژین دەکاتەوە. لە نێو ئەندامەکانی دیکەی کۆمیتەکەش کە دژی بۆچوونی بابیۆف لە پێوەندی لەگەڵ «ڕێکاری نیزامی و شەڕ» بوون جیاوازیی فیکری دێتە گۆڕێ. هێندێک لە ئەندامەکان دەڵێن پێویستە دیسان سەردانی مۆسکۆ بکەین. هێندێکیشیان پێشنیار دەکەن کە بە جێگەی شەڕ بۆ بەشێک لە ئازەربایجان کە زێدی باو و باپیریان نییە، باشترە لە شەڕێک کە pkk لە کوردستان دەستی پێ کردووە، بەشداری بکەن.




Map 28a. "Red Kurdistan" and Administrative Divisions of South-Central Caucasus.

Map 28b. "Red Kurdistan" or the Kurdish Autonomous Province of Azerbaijan SSR: 1923- 1929.

**مشتومڕ له سەر هەڵپەرستی له دۆڵەکانی ئاڵمائاتا**

ئەو کۆبوونەوانەی کە لە لایەن «بابیۆف» بەڕێوە دەچن، هەرچەند جارێک دەبنە مەیدانی مشتومڕێکی توند. باسی سەرەکی ئەوەیە : خەبات لە پێناوی کوردستانی سوور لە ڕێگەی شەڕ دەکرێ یان ئاشتی؟ بەڵام ئەمجارە باسەکان بە شێوەیەکی دیکە بەڕێوە دەچن : بەجێگەی شەڕ لە تەنیشت ئازەربایجان، پێویستە بۆ نیشتمان بڕۆین و لە ڕیزەکانی pkk دا شەڕ بکەین. لە لووتکەی ئەو باسە جیددیانەش «ئازلخان مستەفا ئۆف» دەردەکەوێ کە ئەوەندە ساڵە لە تەمەنی گوزەراوە و لە بریندارەکانی شەڕی دووهەمی جیهانییە. مستەفا ئۆف لەو بڕوایە دایە کە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بەملاوە لە باکووری کوردستان شەڕێک هاتۆتە ئاراوە کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، سەرەڕای ئەوە، ئەوان لە دۆڵەکانی ئاڵمائاتا دا خڕ بوونەتەوە و مشتومڕ دەکەن و ئەوەش شتێک نییە جگە لە هەڵپەرستی. مستەفا ئۆف کە لە ئاڵمائاتا دەژی، دەڵێ : بە بابیۆفم کە ڕێبەری ئێمە بوو وت : لە وڵاتی ئێمە شەڕێکی ئازادیخوازانە لە ئارا دایە کە ئاگرەکەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بڵێسە دەستێنێ، ئێمە بە جێگەی ئەوەی کە لە شەڕدا بەشداری بکەین، لێرە دانیشتووین و لەسەر ئەو بابەتانە قسە دەکەین. بەڵام ئەوانەی کە لە بەرامبەر پێداگری بابیۆف کە لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ لە شەڕی ١٩٨٩ نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان کەڵک وەربگرین و مافەکانی خۆمان بە دەست بێنین، دژایەتیان دەکرد بۆ جارێکی دیکە پێشیان بە ڕێککەوتنی بابیۆف لەگەڵ ئێمە گرت و بۆ جارێکی دیکە ڕێگەیان لەوە گرت کە هەوڵەکانمان کە زۆر جار بۆ کەسانی دیکە بە کارمان هێناوە، لە قازانجی خۆمان تەرخان بکەین.

**ئەرمەنییەکان دەیانویست کوردەکان دەشەڕ دەگلێنن**

«حوسێن نەبوو» کە لە ئەندامانی کۆمیتەو شاهیدانی ئەوکاتە، ئاماژە بە ئامانجی ئەرمەنییەکان بۆ بە شەڕدانی کوردەکان لەگەڵ ئازەربایجان دەکا. نەبوو دەڵێ ئەرمەنییەکان زیاتر لە بابیۆف ، هەوڵەکانی خۆیان خستە گەڕ تا کوردەکان بێننە نێو شەڕ. من بە هۆی ئەوەی ئەوکات لە بەشێکی گرینگ لە دەوڵەت کارم دەکرد، لەو بابەتانە ئاگادار بووم. ئەرمەنییەکان قسەی زۆریان دەکرد، بۆ نموونە دەیانکوت کوردستانی سوور لە ئازەرییەکان دەستێنین و بە کوردەکانی دەدەین. بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتە لەو دۆخە ئاگادار بووین، کایەکەمان تێکداو بۆ جارێکی دیکەش ئەرمەنییەکان زیاترین هێرشیان کردەسەر کوردەکان.

ئەو بارودۆخانە زۆر بە زیانی کوردەکان تەواو بوون، چونکە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان ناچار بن لە ئەرمەنستان کۆچ بکەن. «نەبوو» لە درێژەدا دەڵێ : ئەگەر ڕێگەمان لە بەشداریی کوردەکان لە شەڕدا نەدەگرت، خەساری گەورەی لێدەکەوتەوە ئەو دەڵێ یەکێک لە فەرماندەکانی ژێردەریایی یەکی یەکیەتی سۆڤییەت، کە ئەوکات هاوڕێم بووبە منی وت: «حسێن بەهەر جۆرێکە دەبێ ڕێگە لە بەشداریی کوردەکان لەو شەڕەدا بگرن، ئەگینا کۆمەڵکوژییەکی گەورە ڕوو دەدا.» نووکی هێرشەکانی ئەرمەنییەکان کوردەکان دەگرێتەوە.

کاتێک کە ئەو باسانە لە نێو کوردەکان درێژە دەکێشن، ئەرمەنییەکان کە ئازەرییەکانیان لە وڵاتی خۆیان دەر کردبوو، بۆ ئەوەی ئەرمەنستان بکەنە وڵاتێک کە تەنیا ئەرمەنییەکان لەوێدا ژیان بکەن، هێرشەکانی خۆیان بەرەو لای کوردەکان وەرسووراند.

«حەسەن حاجی سولەیمان»یش هۆکاری هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان بەمجۆرە باس دەکا : «ئەرمەنییەکان دەیانهەویست تۆڵەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥ لە ئێمە بستێننەوە.» حاجی سولەیمان لە لایەنگرانی بۆچوونی بابیۆف لە پێناو شەڕدا بوو. ئەو لەو بڕوایە دایە کە هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان، لە ئاکامی هەوڵی ئەو کەسانە هاتە ئاراوەکە دەیانهەویست لە نێو نەتەوەکان دوژمنایەتی درووست بکەن. حاجی سولەیمان دەڵێ ئەرمەنییەکان لەو ساڵانەدا ماڵی کوردەکانیان وێران کردوە و لە نێوەڕاستی شەقامەکان تاوانیان ئەنجام داوە، لە درێژەدا دەڵێ : «تەنیا یەک کار مابوو کە ئەنجامی بدەین ئەویش دەرچوون لە ئەرمەنستان بوو. یا دەمانکوشت و یا دەکوژراین، لە شتێک چاوپۆشیمان نەدەکرد، ئەویش کوردستانی سوور بوو. ئێمە ئەو کردەوانەمان ئەنجام دا و لەو ساڵانەدا لە ئەرمەنستان دەرچووین و لەو ڕۆژانەوە تا ئێستا لە ئاڵمائاتا دەژین.»

**سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیست پەرە بە دوژمنایەتی دەدا**

بۆ دیتنی کاریگەریی شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بۆ سەر کوردەکان، ڕای دوکتور «قنیاس میرزۆیۆف» زمانناسی کوردمان وەرگرتوە. ئەو دەڵێ : «ئەرمەنییەکان دەستیان کرد بە تۆڵە ستاندنەوەی کۆمەڵکوژییەک لە ئێمە کە تورکیە دەرهەق بە ئەرمەنییەکان ئەنجامی دابوو.»

سەرچاوە: گۆڤاری ڕۆژەف _ ژمارەکانی ١١و١٢و١٣ _ بەهار، هاوین و پاییزی ١٣٨٨

# شێخ ڕەزا باوکی شێعری هەجوی کوردی


ئازاد عەباسیان

یەکێک لەوشاعیرە ناودار و مەزنانەی گەلەکەمان، شاعیری بوێر و قسەخۆش و مەجلس گەرمکەر و مەحفیل خۆشکەر، شێخ ڕەزای تاڵەبانیە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی کوڕی شێخ عەبدولرەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحموودی زەنگەنە،ساڵی ١٨٣٥ی ز، لە گوندی «قرخ» ی چەمچەماڵ سەر بە کەرکوک چاوی بە دنیا هەڵ هێنا. لای شێخ عەبدولرەحمانی باوکی فێری خوێندن و نووسین بوو. لە کەرکووک لە لای سەید مەحموودی بلاخ و حاجی سەعیدی ئەفەندی دەرسی عەرەبی و فەقێیەتی خوێندوەو پاشان ماوەیەک چوەتە شاری کۆیە و لای حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە بووە و شتی لێ فێربووە. بەو جۆرە کە باس لە شێخ ڕەزا دەکەن، دەڵێن کە زۆری حەز لە فێربوون بووە و هەر کەسێک شتێکی زانیبا ئەو شتێکی لێ هەڵکڕاندوە و خۆی فێر کردوە.

شێخ ڕەزا یەکێک لەو شاعیرانەی گەلەکەمان بووە کە توانیویەتی بۆشاییەکی گەورە لە ئەدەبی کوردی دا پڕ بکاتەوە. دەتوانین بڵێین کە شێخ ڕەزا باوکی شێعری هەجوە لە ئەدەب و شێعری کوردەواریدا. بەو مانایە کە ئەگەر شێخ ڕەزا نەبوایە،بەم جۆرە شێعری هەجو لە کوردەواریدا پێی نەدەگرت و ناوبانگی نەدەبوو.

شێخ ڕەزا لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا زۆر خۆشەویست و شۆخ و شەنگ بووە و بە مرۆڤێکی دڵ پاک و دڵ ساف ناوبانگی دەر کردبوو. شێعر و چیرۆکەکانی شێخ ڕەزا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیان هەیە،وا لە خوێنەر دەکەن کە ئەگەر دەستت بە خوێندنەوەیان کرد، پەلەیان تێدا دەکەی تاکوو ئاخرەکەشییان وەخوێنی و



دوای خوێندنەوەیان دیسان جارێکی دیکە سەر لە نوێ بیانخوێنیەوە. شێعر و چیرۆکەکان و هەجوەکانی، چێژ و تامێک دەبەخشی بە خوێنەر و لە کۆتاییش دا خوێنەر دەخاتە پێکەنینێک کە هیچ نەبێ بۆ ساتێک خوێنەر و گوێگر شاد دەکات، زۆر جار خوێنەر دوای خوێندنەوی شێعرێک یا هەجوێێک، بە خۆی دەڵێ، «با بزانم ئەوەکەی دیکە دەڵێ چی»؟!.

مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی دا بەم شێوەیە وەسفی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەکات: «قسەی ڕەوانی شەوچەرەی کوڕی زستانی ناو ماڵان، خۆیشی شێخی بەرماڵی بنەماڵەی تاڵەبان، شاعیری بەرزی داستانی هەمەجۆر، بەردهاوێژ و قسەهاوێژی بێ نۆرە. زمانی شێرێکی کاریگەر لە بڕشتدا، قەڵەمی تیرێکی سەرنەکەر لە زوشتدا. خاوەنی شعوورێکی ناسک لە باسی چاکەدا،دانەری گەلێ قسەی تیژ لە باسی خراپە دا.بێ باک و قسەلەروو، تووڕە بووە زوو بە زوو. قەلەندەر و بێ پەروا، دڵ ناسک و خۆش بڕوا. نوکتەزان و زیرەک بووە،قسەی نەستەق و زلی بووە. خۆی زمان پاراوی دیوەخان، دیوانی بەزمی دیوانان.»

شێخ ڕەزا شارەزای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکییش بووە. هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ خوێندنی زمانی عەرەبی،زۆریشی زمانی فارسی خوێندوە و لێی شارەزا بووە و شێعریشی بە زمانی فارسی هەیە.

شێخ ڕەزا لە تەمەنی ٧٤ ساڵی دا لە ساڵی ١٩٠٩ ی .ز. بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی گەیلانی، لە نزیک شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا ئەنێژرێ .

نیمە بۆ تەسویری ئەبرۆت پەیڕەوی مانی دەکا
شانە بۆ زنجیری زوڵفت عەنبەر ئەفشانی دەکا

قووتی ڕۆحە لێوەکەت یاقووت وەها ئاودار نیە
مەنعی بازاڕی عەقیق و لەعلی ڕوومانی دەکا

خاڵی سەر لێوت نگین و خاتەمی نادر زوهوور
موهری دەستی ئاسافە حوکمی سولەیمانی دەکا

دڵ لە نەشئەی غەکسی مەستی چاوەکەت لا یوعقەلە
بۆ کەبابی جەرگی من لێوت نەمەک دانی دەکا

بەرگی سەتاپام پەلاس بێت گەر،بەشەرتێ تۆم ببێ
تاری ئەو بەرگە لەلای من سەد شاڵی کۆمانی دەکا

سەد هەزار جارت دەخیلم حەرفی بەدکار مەشنەوە
هەرچی دەربارەم بڵێ بێ پێزە،شەیتانی دەکا

گەر لەپەردەی نازەوە ئاوازی تۆ بگرێتە گوێ
بولبولی شیرین زوبان مەیلی غەزەڵ خوانی دەکا

کەس نیە ئەو شۆخە حاڵی کا لە سۆزی ئاتەشیم
وا ڕەزا دیسان لە عیشقی هەر غەزەڵخوانی دەکا

« شێخ ڕەزا»

# هەوای مژاوی و کەوشە تازەکانی من!

بیر کردنەوە لە سیس بوونی گەڵایک نا، لەو بیرەڕا کە دارستانێک ببێ بە سەحرایەک لە پڕ وەبیر کەوشە تازەکانم کەوتمەوە، ئیتر کەوشە کۆنەکانم کە زۆر لە مێژ بوو لەگەڵم بوون و خەریک بوو لێک بڵاوو دەبوونەوە، ئەو زیاتر لە کەوشەکانی دیکە لەگەڵم هاتبوو بۆ ژێر ئەو دارە گوێزەی کە لە دەرەوە شاردا لقەکانی بە سەر وڵات دا بڵاوو کردبۆوە، هەندێک جاریش سەنگەکی گەرم و پەنیر لەگەڵ گوێزیشم لە گەڵ خۆم دەبرد.

ئەمڕۆ بەو کەوشە تازانەمەوە هاتوومە پارکەکەی قەراغ شارەکە، دارە گوێزی نیەو بە بێ سەنگەکی گەرم و پەنیر لەگەڵ گوێز سەیری ئەو چۆمەی شارەکەمان دەکەم کە هەندێک ماسی خەریکە لە سەر ئەو تۆزە پەلکە نانەی کە لە سەر ئاوەکە ڕژاوە بەسەر یەکتردا باز دەدەن، دڵم تەواو پڕ ببوو، خۆزگە هەندێکم نان لەگەڵ خۆم هێنابایە.

دیسانیش کاتێک وەبیر دوائین پەیامی هاوڕێکەم کەوتمەوە کە نووسیبووی: « فیلتێر کرام ئەمنیش هەم» زیاتر دڵم گیرا، یان خود لەبەر ئەمەش بوو کە هەستێکی باشم بەم کەوشە نوێیانەوە نەبوو، یان ئەوە کە هێشتا بە باشی ڕێگایی ئەو باغەیی دەرەوە شار شارەزا نەببووم، یان، خود لەبەر ئەو ماسیە برسیانە و ئەو پەلکە نانەی کە بە چ شێوەیەکی بێ بەزەیانە لەت لەت دەکراو دەخورا.....

لە کەوشەکانم ڕا وەبیر سیس بوونی گەڵاکە کەوتمەوە کە بەڕاستی سەحرا مانایەکی تر بە دارستان ئەدات و بەو هەستە ناخۆشەی لە هەمبەر ئەو کەوشە تازانە هەمبوو گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

پەنجەرەکە کراوەتەوە و لەوێش ڕا بۆنی ئەو بارانە بە خووڕە لەگەڵ بۆنی ئەو چا تازە دەم کێشاوە هەندێک ئاهۆمم دەکاتەوە، قسەکردن لە سەر، سەر هەڵدانەوەی گەڵایەک، نا، ئەوە کە دیسان دارستان دەژیتەوە و بیری منیش هەندێک ڕوونتر دەبێتەوە کە بزانم ئێستا کە بە باشی دەزانێ بەو وەڕوو خۆ نەهێنانەی مانایەکی قوڵتری لای من پەیدا کردووە، بەمەش زیاتر لە جاران کە نەبوو هەستی پێ دەکەم، ئەو جار تەنانەت بۆنی گەڵا بە گەڵاییم گوێ لێ دەبێ و ئەوش کە دیسان دارستان سەر سەوز دەبێتەوە و کەوشەکانیشم بە تەواوەتی ڕێگاکان فێر دەبێ و دارە گوێزەکەش ئیتر بە تەنیا نامێنێ و ڕەنگبێ هەندێکیشم نان بۆ ماسیەکان بردوو خواردنەوەیی چایەکی تازە دەم کێشاویشم لە هەوایەکی ئاوا تەڕوو باراناوی لە یاد نەکردوو کێش دەزانێ کە ڕەنگبێ لەم کاتەو لەم شوێنەو بەو بێ پێناسە و بەو کەوشە تازانەم لە ناو ئەو هەوا مژوو دووکەڵ و بارانەدا تاکوو ئەو جێگایەی کە پێم خۆش بێ دوور دەکەومەوە....

ن:مریەم قازی

وەرگێڕان لە فارسیەوە: نێعمەت مەلا

# با هەستم بڕۆم

ڕەسووڵ سوڵتانی

دەی هەستە درەنگە نیگەرانی چیی؟ کوڕە هەی داوەشێی دەڵێی یەکەم جارتە؟ ها؟ وەڵڵا چووزانم. با بڕۆم و زۆر چاوەڕێ نەبێ. دەزانم ئێستا لە کەلێنی پەنجەرەکەوە هەر چاوی لە دەرێیە. پێم وت ئەو وێنەیە لە دیوارەکە لێ بکەوە. ئاخر لێی نەکاتەوە نابێ نا، چیی چاوم بەو وێنەیە دەکەوێ کزەم لە جەرگی دێ. ئەو ڕۆژە کە ئەم وێنەیەم لێ گرت، گوتی: وێنەیەکی جوان دەبێ. بگەڕێمەوە لە دیواری دەدەم. کە شوشتەمەوە و لە دیوارەکەم دا، نازانم چاوەکانی تەوسێکیان تێدابوو کێوی لەبن دێنا. هەر کەسە و قسەیەکی کرد. هەر کەسە و جۆرێکی لێک دایەوە. یەکێ گوتی سەرکەوتن و یەکێ گوتی مەرگ لە نیگای دەبارێ. ئەو خەڵکە زمانیان وەک بلوێری شەیتان وایە. هەر جارە و لە هەوایەکی لێ دەدا. دەی جا کەیفی خۆیانە خۆ زاری ئەو خەڵکە بە من نابەسترێ...

بوو بە ٢. وەختییەتی با بڕۆم. ئا ئا کوڕە شەو قەڵای مێرانە...

وەیش ش ش یادت هەر بەخێر بێ. دەزانی ئەو قسەیەم ئەوێ شەوێ لەتۆ بیست؟ بەخوای شەوێکی ناخۆش بوو. ئەژنۆم وەک ئێستا دەلەرزین. گوتت دەبێ بڕۆین. زانیت دەترسم، بەتەوسێکەوە گوتت: بەخوای بابە تەواوم کرد. کوڕە هەستە شەو قەڵای مێرانە، تازە ئێمە پیاوی شەوین و بە ڕۆژ هەر دەبێ خۆ وەشارین. هەستە درەنگە. ڕێک سەعات دوو بوو. شەو زرینگابۆوە. وەک ئێستا.

کوڕە خۆ لە ٢ لایدا. ئەو ماڵوێرانە هەر چاوەڕێمە. گوتیشی ئەگەر هاتی هەوڵ بدە برێک بە پارێزەوە بێی. نازانم بۆچی ماوەیەکە ئەوەندە ماتە؟ نا هەر ماوەیەکە زۆر زۆر تێک چووە هیچ لە جاران ناچێ. جاری جاران نیوەڕۆ یان بەیانی هەر کاتێک چووبام بەلایەوە ئاسایی بوو. چما خەڵک دەتوانن بڵێن چی؟ باشە چییان پێوە دیتووین؟ ها؟ ئەمن هەر وەک منداڵەکانی خۆم سەیرم کردوون. نەمکردوون؟ کێ دەڵێ نا؟ بەخوڵای خەڵکێکی سەیرن. هەر دەزانن لە بن دیواران ڕاوەستن و قسە و قسەلۆک و بوختان بۆ خەڵکی هەڵبەستن. سەرم لێیان سووڕ ماوە. کوڕە سەیر بکە ئەگەر ڕۆژێک هیچ کەسیان وەگیر نەکەوێ، ئەوە هەر نەبێ قسەیەک بۆ دایکی خۆیان هەڵدەبەستن. بەزەییان بە کچ و خوشک و دایکی خۆشیاندا نایەتەوە. دێتەوە؟ نە بەخوای. ئەگەر تۆزێک ئینسافیان بوایە، تۆ خوا نەدەبوو هەمووان وەک دایک و خوشکی خۆیان سەیر بکەن؟ دەبوو ئاوا سووکیان بکەن و قسە و بوختانیان وەدوو بخەن؟ وەی وەی لە بەر زمانی ئەوانە. باشە قسە و باسی ئەوانە نەبوایە «گەلاوێژ» خۆی هەڵدەواسی؟ گەلاوێژی بەستەزمان. بەخوای جوانیش بوو. ئەرێ وەڵڵاهی لە سەر چاوی کوێرت دانابایە ڕوونی دەکردەوە. تۆ بڵێی ڕاست بێ؟ وەڵڵاهی چووزانم... ئەو هەتیوە دەیگوت بەچاوی خۆم بە ڕووتی دیتوومە. هەزار سوێندی خوارد. دەیگوت بۆیەشی باس دەکەم کەس چاوەڕوانیی لەو نەبوو کاری وا بکا. هەموو پێمان وابوو ئەو دەبێتە سەرباشقە و نموونەی وڵاتەکەمان. ئاخر هەمووومان سوێندمان بەسەری نەدەخوارد؟ دیسان نەدەبوو لێی لە هەڵڵا بدەی وا نییە؟ گوتی: لە هەڵڵای چیی؟ بەخوای دەسەڵاتم بوایە چاویم دەردێنا. چاوی گەلاوێژ حەیفن. کەس دڵی نایە دەریان بێنێ. گەلاوێژ دەڵێ شۆڕش بۆیەم ئەو قسانە وەدوو دەخا بۆخۆی ژیانی لێ تاڵ کردووم ئەوەندەی داوام لێ بکا. دەڵێ، شەوی وایە هەتا بەیانی لە قوونەبانی ماڵەکەم دەسووڕێتەوە. نیگابانەکان زۆر جار دیتوویانە. یاخوا ئەگەر درۆ بکەم ڕووم ڕەش بێ. ئەوەتا ئەوێ شەوێ سەعات دووی شەوێ هاتبوو لە پەنجەرەکەی دەدا...

جا بۆ ڕاست دووی شەوێ؟ تۆ بڵێی درۆی نەکردبێ؟ وا لە شۆڕش ڕانابینم. سەعات ٢ی شەو لە خۆڕایی بچێتە پشت پەنجەرەی.... ئەمن قەت ناچمە پشت پەنجەرەکەیان. ئەرێ من هەر لەبیرم نەما سەعات چەندە؟ ها؟ پەکوو، کوڕە ئەوە لە سێ نزیک دەبێتەوە. وەڵڵا شەوگارم شەق کرد. گوتم ئەحمەد شەوگار کەی شەق دەبێ؟ گوتی: بێدەنگ بە دەنگ دەڕوا. بەیانی پێت دەڵێم. هاتم بڵێم ئەو شەوە چ قەڵایەکە من ناتوانم تێیدا سریوەم بێ. هاتم وا بڵێم و نەموێرا. زانیم تووڕە دەبێ. لە دڵی خۆمدا گوتم، لەوانەشە وابێ. لەوانەیە شەو قەڵای پیاوە بێدەنگەکان یان ئەو پیاوانە بێ کە بەبێدەنگی... بۆم نەچۆوە سەر یەک. هەتیو ئەو ئەحمەدە پەند و نەزیلەی وای دێناوە دەتگوت لە گیرفانی دەریان دێنێ. بڕوات بێ لە جەنگەی وادا قسەی وای دەکرد هەر پێت سەیر بوو. کوڕە دەتدی جاری وابوو تۆ ناوی خۆتت لەبیر چۆتەوە کەچی ئەو وەک ڕۆمانێک یان شیعرێکت بۆ بخوێنێتەوە قسەی بۆ دەکردی. ئەوێ ڕۆژێ کە وا نیوەڕۆیەکەی هاتنە سەرمان، گوڕاندی و گوتی هەستە. زەندەقم چوو. گوتی هەتیو ئەوە لە تۆقیوان ترساوی؟ هەستە هەستە کەڵ بە مەوتەن شەڕ دەکا. ئەوانە زراویان لە پنچکە دەوەنی لای ئێمە چووە. گوتم ئاخر... گوتی کاتی وەی نییە. ڕاسان نیوەی سەرکەوتنە. پەلامار بدە، بنەڕێنە و تەقە بکە. وەی لەو ڕۆژە ڕەشەی. کافر نەیبینێ. سەیر بوو، لەو جەنگەیەدا قاقای دەکێشا و تەقەی دەکرد. کە زانیی کوڕەکان لە پشتەوە گەیشتنێ و فریامان کەوتن، خۆی پێ زەوت نەکرا و لە خۆشیان هەستایە سەر پێ و هەر بە پێوە تەقەی دەکرد. هێندەم نەزانی هاوارێکی لێ هەستا. نەمتوانی دەمودەست بگەمە سەری. ڕۆژی ڕەش بوو. کە گەیشتمێ، ڕەنگی زەرد ببوو بەڵام هۆشی هەر مابوو. برینەکەی زۆر قورس بوو. بزەیەکی هاتێ و گوتی: نەمگوت ئەو سەگبابانە ورەیان نییە؟ کەلاکیان زۆر لێ بەجێ ماوە؟ گوتم: زۆر، بەڵام بە لەشکرێکیان ناکەنە پێڵاوەکانی تۆ.

گوتی لەوەی گەڕێ، ئێمە سەردەکەوین، بەس ئەگەر دەرنەچووم ئاگات...

کوێراییم دایە ئەحمەد قسەکەت پێ تەواو نەکرا. دەستی شکاوم هەی. بە چاوان کاکە، خەمت نەبێ. وەک چاوی خۆم ئاگام لێیان دەبێ. بەس چ بکەم ئەوەتا خەڵک لێ ناگەڕێن بە ڕۆژ هاموشۆیان بکەم. چما دەهێڵن سەراسۆیەکیان بکەی؟ دەبێ بە هەزار ترس و لەرزەوە بچم. ئێستا ئەو ماڵوێرانە چاویشی خێڵ بووە ئەوەندەی چاوەڕێ بێ... ئەو ڕۆژە گوتی با زاری ئەو خەڵکە ببەستین و بە عالەمی ئاشکرا....

بەخوای کەرە... من شتی وا چۆن دەکەم، ئاخر بۆیە دەڵێن ژن... کوڕە ژن بڵێ چی؟ ئەی پیاو زۆر شەریفترن؟ لەوەی گەڕێ خوا بکا ئەو وێنەیەی لە دیوارەکە کردبێتەوە دەنا...

## هەڵە چێنی

# هەڵسان بە زەقکردنەوەی کێشەی هونەری

ئەگەر هەرچی ڕووناکبیر و مووناکبیرە، کۆببنەوە و دوای گۆڕینەوەی کامێنت و مامێنتی ئاشکرا و چات و ماتی پاشملە، پێم پێبکەنن و هەرچی پۆستمۆدێرن و مۆستمۆدێرنە فشەم پێبکەن، هەر دەڵێم خۆزگەم بە ساڵانی ڕابردوو.

خانمۆڵە و کوڕێژگەکان! داوای لێبوردنتان لێدەکەم کە ناچارم وەک خۆتان دەفەرموون «فلاشبەک»ێک لێبدەم و هەر نەبێ دە، پازدە، بیست ساڵێک بگەڕێمەوە دواوە. (هەر لەبەر ڕووبینی ئەم دونیایە و ژێستی پێشکەوتنخوازی لەم ڕستەیەی سەرەوەدا «خانمۆڵە»م وە پێش «کوڕێژگە« دا، دەنا چۆن کچەتیوێکی بێ سەرەوبەرە وەپێش بەرخێکی نێر دەکەوێت؟) ئاخر ساڵانی ڕابردوو هەم لەسەر کوردستانە خۆڵەپۆتەکە و هەم لەسەر ئەم کوردستانە کاغەزە شتی وا سەیر و سەمەرە ڕوویان نەدەدا. نە لەسەر کوردستانە خۆڵەپۆتەکە شتی وا دەگوترا لێی تێنەگەین و نە لەسەر کوردستانە کاغەزەکەش شتی وا دەنووسرا بۆمان نەخوێندرێتەوە.

ئێستا لەسەر کوردستانە خوڵەپۆتەکە و لەسەر ئەم کوردستانە کاغەزانەش کە بەرنووسێکیان لە ئینترنێتدا بڵاو دەکرێتەوە، هەمووومان هەرەوەزێکی بەرینی هەڵەچاندنمان دەست پێکردووە. بە خۆشییەوە ئێمە هەموو شتێکمان زۆرە دەرد و بەلاشی لەگەڵدابێت. ئەوکاتانەی خەریکی چاندنین جا چاندنی هەر تۆو و تۆخمێک بێت، ئەوەی بیری لێناکەینەوە ئەوەیە کە هەرچی دەیچێنین هەر ئەوە دەدروووینەوە. لە کاری ئەدەبی و زمانەوانی و ئابووری و سیاسییشدا هەر چاو دەقووچێنین و دەچێنین. بەڵام لە ترسی ئەملاوئەولا و دۆست و دوژمن و کامێنتی بێ ناوونیشان و ناوی خوازراو تەنیا باسی زمان و ئەدەبەکە دەکەم. لە کاری بازرگانی و مازرگانیدا قەت سەرنەکەوتووم و هەر بەقەت توورێکی قانگیش لەم سیاسەتە سەیرە تێدەگەم.

نزیکەی سەد ساڵ دەبێت پێشونانمان لە پەنا و پەسیو و کێو و ئەشکەوتانەوە و جاروباریش لە پشوویەکی کەمدا لە شارەکان قەڵەمیان بە سەر کاغەزاندا خشاندوە و شێعر و پەخشانیان بە زمانە تووک لێکراوەکەمان خوڵقاندوە. هەر ئەوانەش لەم پەسیو و نەدیوانە و لەناو ئەشکەوت و لە سووچی مزگەوت و خانەقا و حوجراندا تووی زمانیان لە سەرجارەگولی بەیتبێژ فرهاوێژ و باڵۆرەی گەورەکچان و بەرتەونانەی کەرکیت بەدەستان گرتووەتەوە و لەسەر بەیازی کتێبان و شەرحی لاپەڕی فەقێیان و ڕۆژنامەی حیزباندا چاندووەتەوە. ئێمە ئێستاشی لەگەڵ دابیت هەر بەری ئەم چاندنە دەدروووینەوە. بەڵام حەیف و مخابن هەر ئەم بەرووبوومە لەگەڵ زیوان و سەرکۆ و بنژیل و بنکۆ و لابای خەرمانی بەر گێژەڵووکەی ئەم سەردەمە تێکەڵ دەکەینەوە و جارێکیدیکە دەیچێنینەوە. خۆ هەر زمانەکەمان وا نیە، ئای کە سیاسەت کردنمان چەندە ڕەنگینە و لە سەردەمی پێشکەوتن و دونیای مەجازی و ئینترنێت و هەراوهوریای ئەم زەمانەدا کۆڵمان چەند ڕەنگینە. (بمبوورن، دیسان وەک شوفێر تاکسیەکان بوومەوە سیاسەتمەدار)

دوای ئەوەی بەرووبوومی ئەم چاندنەی دووبارەمان جارێکی دیکە سەردەردێنێ وسەوز دەبێتەوە، هونەرمان دەبێتە شتێکی سەیر و سەمەرە و کارخانە و کارگەکانمان کێشەی هونەریان بۆ دروست دەبێت و کاتێک کارەبای سەر بەشداربووانی کۆبوونەوەیەکی سیاسی دەبڕێت و کۆبوونەوە سیاسییەکە وەدوا دەکەوێت، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانمان دەڵێن:»ئەندامانی دانیشتنی فیسارە کۆبوونەوەی سیاسی بە هۆی چەند کێشەیەکی هونەری هەڵسان بە دواخستنی کۆبوونەوەکەیان.»

لێرەدا بە وردبوونەوە لەم ڕستەیەی ئاخری واتە «ئەندامانی دانیشتنی فیسارە کۆبوونەوەی سیاسی بە هۆی چەند کێشەیەکی هونەری هەڵسان بە دواخستنی کۆبوونەوەکەیان»، بیر لە کام هونەر دەکەنەوە؟ ئاخۆ پێتان وایە ئەندامانی کۆبوونەوە سیاسییەکە شانۆکارن، گۆرانیبێژن، سەماکەرن، سینەماکارن یان مۆزیکژەنن؟ لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە بۆچی هەڵدەستن بە دواخستن بۆچی دانیشن بە پێشخستن؟ لە کۆتاییدا پێویستە وەبیرتان بهێنمەوە، هەڵەچێنی لەم چەشنە وتاری لەم چەشنەی لێدەکەوێتەوە. زۆر بە زەحمەت دەتوانین هەڵبستین بە تێگەیشتنێ. بۆیە کەیفم بە نۆستالژیایەکە دێت و لەم پێشکەوتنەم بێزارم. بەخوای بابە تەوام کرد؟ هەی بەخێر بێمەوە!

مستەفا شێخە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 575 20 jan 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# درانی خەڵاتی مەڵبەندی هونەریی مامڵێ بە عەباسی کەمەندی




مەڵبەندی هونەریی مامڵێ کە ساڵانە خەڵاتی مامڵێ پێشکەش بە هونەرمەندێکی کوردستان دەکا خەڵاتی ئەم ساڵی خۆی پێشکێش بە هونەرمەند عەباسی کەمەندی کردوە.

خەڵاتی مامڵێ لە ساڵی ٢٠٠٩وە، هەرساڵە پێشکەشی هونەرمەندێکی ناوداری کورد کراوە و بۆ ئەمساڵ ئەم مەڵبەندە عەباس کەمەندی، هونەرمەندی ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ ئەم مەبەستە دیاری کردوە.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ بەبڵاو کردنەوەی راگەیاندراوێک وێڕای راگەیاندنی ئەو هەواڵە باسی لەوە کردوە کە مامۆستا عەباسی کەمەندی ماوەیەکی دوور و درێژە لەبوارەکانی فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەماندا خزمەتی گۆرانی و مۆسیقای کوردی کردوە و لەم روانگەیەوە و بۆرێزگرتن لە ئەرک و خزمەتەکانی کاک عەباسی کەمەندی ، کۆمیتەی هەڵبژاردن لەمەڵبەندی هونەریی مامڵێ ئەو کەسایەتییە لێوەشاوەیەی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی مامڵێ بۆساڵی ٢٠١١ دەستنیشان کردوە.

شایانی باسە ئەمە بۆ سێیەمین جارە کە مەڵبەندی هونەریی مامڵێ خەڵات پێشکەش بە هونەرمەندانی کوردستان دەکا و پێشتر هونەرمەند قالە مەرە لە ساڵی ٢٠٠٩ و مامۆستا «باکووری»لە ساڵی ٢٠١٠ ئەم خەڵاتەیان وەرگرتبوو.

# دەرهێنەرێکی ئێران: فستیڤاڵی فیلمی فەجر بایکۆت بکەن



بەهمەن فەرمان ئارا، وەک نارەزایەتی دەربڕین بە بارودۆخی سینەمای ئێران، سەرجەم سیمورغە بلورینەکانی فستیڤاڵی فەجری کە لە ساڵانی رابردوودا بە خەڵات وەری گرتبوون، بۆ بەڕێوەبەرانی ئەو فستیڤاڵە ناردۆتەوە.

بەهمەن فەرمان ئارا دەڵێ کە سیمورغە بلورینەکانی فستیڤاڵی فەجری ناردۆتەوە و بە نووسراوەش پێدانەوەی ئەو خەڵاتانەی لە بەڕێوەبەرانی ئەو فستیڤاڵە وەرگرتوە، چونکی دەڵی سەیر نییە لە دەوڵەتی درۆی ئەحمەدی نژاد دا دوایە بەرپرسان حاشا لەو باسە بکەن.

ناوبراو لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا گوتوویەتی کە من ئەمڕۆ بە هۆی سووکایەتییەک کە بە سینەمای ئەو وڵاتە کراوە، سیمورغە بلورینە قوڕاوییەکان بۆ دەفتەری فستیڤاڵ دەنێرمەوە و بەو بەشە لە هاوڕێیانی سینەما کە لە پشتی پەردەوە لە گەڵ جێگری سینەمایی پاڵوودە دەخۆن، دەڵێم کە ٣٠ سککەی زێو وەفای بۆ یەهوودای ئەسڵی نەبوو و ئێوەش هیچ خێرێکی لێ نابینن.

# بردنەوەی دیپلۆمی ئیفتخاری پێشبڕکێیە نێونەتەوەییەکانی نیگارکێشان لە لایەن مێرمنداڵێکی کوردەوە



مێرمنداڵێکی هونەرمەندی کورد توانی دیپلۆمی ئیفتخاریی شازدەیەمین پێشبڕکێیە نێونەتەوەییەکانی نیگارکێشانی تۆرنی لەهێستان لە ساڵی ٢٠١١ بۆ خۆی دەستەبەر بکا.

سونبول سالحی، تەمەن ١٥ ساڵ و یەکێک لە ئەندامانی مێرمنداڵی دامەزراوەی فەرهەنگی- هونەریی کانوونی پەروەردەی فیکری منداڵان و مێرمنداڵانی شاری سنە دیپلۆمی ئیفتخاریی شازدەیەمین پێشبڕکێی نێونەتەوەیی نیگارکێشانی «تۆرنی»ی لەهێستان لە ساڵی ٢٠١١ وەرگرتوە.

ئەو پێشبڕکێیانە لە رۆژەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١١ لە کاتێکدا ئاکامەکانی دیاری کرا کە لەودا ٢٢ هەزار و ٩٤٠ بەرهەمی نیگارکێشانی منداڵان و مێرمنداڵانی ٥١ وڵاتی جیهان رکەبەریی یەکتریان دەکرد.

# سەرکەوتنی وەرزشکارانی کورد لە پێشبڕکێیەکانی جیهان و ئێران‌دا



وەرزشکارێکی کاراتەکاری خەڵکی شاری مەهاباد لە پێشبرکێ نێودەوڵەتییەکانی کاراتە لە کۆماری ئازەربایجان پلەی سێیەمی وەدەست هێنا.

جەماڵ ئەبووبەکری، کاراتەکاری خەڵکی مەهاباد کە لە خوارەوەی ٧٠ کیلۆ لە پێشبرکێ نێو دەوڵەتیەکانی کاراتەی باکۆ دا بەشدار بوو، توانیویەتی لە شێوازی ئازاددا پلەی سێیەم بەدەست بێنێ.

ئەم پێشبڕکێیە بە بەشداریی ١٧ وڵات لە شاری باکۆ بەڕێوە چوو.

هەروەها لە درێژەی سەرکەوتنەکانی وەرزشکارانی کورد لە شاری مەهاباد، رەسووڵ سۆنە، وەرزشکارێکی دیکەی ئەو شارە لە پێشبڕکێی پریس سینەی پاڵەوانیی باشگاکانی ئێراندا توانیویەتی لە ئاستی پێشکسوەتان پلەی دووهەم وەدەست بێنێ و «سامان تەبەسومی»یش لە ئاستی لاواندا پلەی دووهەمی ئەم کێبەرکێیانەی وەدەست هێناوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم پێشبڕکێیانەی بە خانەخوێیی شاری زەنجان و بە بەشداریی ٤٥٠ وەرزشکار لە هەموو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەڕێوە چووبوون.

# چاپکراوی نوێ



« لە شاری خۆر (رەبەت) تا کۆیەی ئەدیبان» ناونیشانی سێهەم بەرهەمی چاپکراوی کاک (ئەحمەد مەکلاوەیی) تێکۆشەری دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. ناوبراو لەم کتێبەدا وێڕای باس لە ژیان و بەسەرهاتی خۆی، ئاماژەی بە کۆمەڵێک بابەتی گرینگ و مێژوویی کردوە. کورتەمێژووییەک لەسەر شاری رەبەت، ئاماژەدان بە بەشێک لە رووداوەکانی ناو مێژووی حیزبی دێموکرات، باسکردنی دەیان شەڕو چالاکی و یادکردنەوەی دەیان قارەمانی رۆژە سەختەکانی خەبات و ئاوڕدانەوە لە هەندێک لە رووداوە ناوچەیی و جیهانییەکان لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا بەرچاو دەکەون. وێڕای دەستخۆشی وماندوونەبوونی لە کاک ئەحمەد، سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات دەخوازین.

# «جودایی نادر لە سیمین» خەڵاتی گۆڵدەن گلۆپی بردەوە



فیلمی سینەمایی « جودایی نادر لە سیمین» لە دەرهێنانی ئەسغەر فەرهادی خەڵاتی باشترین فیلمی شەست و نۆهەمین خولی خەڵاتەکانی ساڵانەی « گۆڵدەن گلوپ»ی بردەوە.

ئەسغەر فەرهادی، سینەماکاری بەناوبانگی ئێران لە رێورەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکان لە هۆتێل «هیلتۆن بورلی هیلز»ی لۆس ئانجلێس خەڵاتی « گۆڵدەن گلوپ»ی لە دەستی مادۆنا، گۆرانیبێژ و سینەماکاری بەناوبانگی ئامریکا وەرگرت.

« جودایی نادر لە سیمین» بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین فیلمی شەست و نۆهەمین خولی خەڵاتەکانی ساڵانەی «گۆڵدەن گلوپ» رکەبەریی فیلمەکانی «لە نیشتمانی خوێن و هەنگوین»ی ئانجلینا جولی، «گوڵەکانی شەڕ»ی ژانگ بیمو و چەند فیلمێکی زۆر بەناوبانگی دیکەی کردبوو.

شایانی باسە کە خەڵاتەکانی ساڵانەی « گۆڵدەن گلوپ» دوای ئۆسکار گرینگترین و موعتەبەرترین خەڵاتەکانی دنیای سینەمای جیهان لە ئامریکایە و ئەوە یەکەم جارە کە فیلمێکی ئێرانی دەتوانێ ئەو خەڵاتە بەدەست بێنێ.



بەر لە ماڵاوایی

# کۆمار، نوێنگەی گەشەی ئینسانی کورد

**وریا رەحمانی**

بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم کە دووی رێبەندان و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەور و کاریگەرییەکی یەکجار بەرچاو و حاشاهەڵنەگری بێ وێنە بووە و هەرچی لەو کاتەش دوورتر دەکەوینەوە پێویستیی ئاوڕدانەوە و نرخاندنی شیاوی ئەو رووداوە مێژوویی‌یە بەتایبەت لە درێژەی خەباتی ئازادیخوازانە و رزگاریخوازی کورددا هەرچی زیاتر دەردەکەوێ.

کاریگەریی کۆماری کوردستان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو بەستێنە مێژوویی‌یە بەسەر داهاتووی کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەموو بەشەکانی‌دا دەکرێ لە چەندین رەهەندی جیاوازەوە سەیری بکرێ و بخرێتە بواری لێکۆڵینەوە. راستە کە ئەم کۆمارە پیرۆزە تەنیا لە بەشێکی بچووکی ئەویش رۆژهەڵاتی کوردستاندا وەک موکریان دامەزرا، کەچی بە ئەرخەیانییەوە بازنەی کاریگەرییەکانی بەشێوەیەکی راشکاوانە هەموو بەشێکی کوردستانی لە ئاستێکی بەرین‌دا گرتەوە و بەحەقیقەت بە خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ و بێ وێنەی شوێندانەر لە ژیانی کورد و بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا دەژمێردرێ.

بازنەی کاریگەرییەکانی کۆمار لە بواری زەمانییشەوە یەکجار بەرین و سنووربەزێنانە بووە و پش نزیک ٦٦ ساڵ تێپەر بوون بە سەر ئەم رووداوەدا ئێستاش بە شێوەیەکی بەرهەست و ئاشکرا لە شوێن بە شوێنی ژیانی بە تایبەت سیاسیی نەتەوەییمان‌دا حزووری بەرچاوی هەیە. لەڕاستیدا باسکردن لە کۆمار و دەور و کاریگەریی کۆمار بە بێ لەبەرچاو گرتنی دەوری تایبەت و هێژێمۆنیی یەکلاکەرەوانەی شەخسی پێشەوا قازی محەممەد، واتایەکی دروست لە خۆی ناگرێ. راستە کە هەندێک پێویستیی مێژوویی و فاکتۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت لە پێکهێنانی کۆماری کوردستان لەو رۆژگاردا دەورێکی گرینگیان هەبوو، بەڵام بە ئەرخەیانییەوە لە بوواری ئاراستە بەخشین و ئەندیشەی کردارییی رەوتی کۆماردا خۆدی جەنابی پێشەوا دەورێکی حاشاهەڵنەگری تایبەتی بوو. دەتوانین بڵێین کە قازی محەممەد بە حەقیقەت هەروەک چۆن بە باوکی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردیش پێناسە کراوە، ئاقارێکی نوێ و بەرۆژی بە خەبات و رەوتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی‌دا بەخشی. دەوری تاقانەی پێشەوا بە چەشنێک بوو کە تەنانەت لەم رۆژگارەی ئێستاش‌دا و بەم هەمووە ئاڵۆزییە سیاسییانەی سەردەمیشەوە کاریگەریی ئەندێشەکانی ئەو گەورەپیاوە بەسەر بزووتنەوەی کوردییەوە بە بەرهەستانەترین شێوازەکانی خۆیەوە دەبینرێ ونکۆڵی بەردار نییە. پێشەوا قازی محەممەد نەتەنیا سیاسییەکی لێهاتووی بواری خەباتی میللی دێموکراتیکی کورد بووە، و دەورێکی سەرەکیی لە بە مۆدێرن کردنی بزووتنەوەی کوردی و دەربازکردن لە قۆناغی کلاسیکی خۆیدا هەبوو، بەڵکوو لە بوواری کۆمەڵایەتییشەوە بە حەقیقەت دەوری چاکسازی و ریفۆرمیستێکی گەورەی کۆمەڵایەتیشی هەبوو. کەڵکەڵە کۆمەڵایەتییەکانی قازی محەممەد ئەگەر لە کەڵکەڵە سیاسییەکانی زیاتر نەبووبن، کەمتر نەبوون. ئەوەش خود دەرخەری ئەو راستەقینەیە کە پێشەوا تا چ رادەیەک پەرۆشی پێشکەوتن و پێشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان بووە و لەم پێناوەشدا بە کردەوە تێکۆشانێکی بەرچاوی بووە. هەوڵەکانی پێشەوا لە راستای کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و پێشکەوتووی مەدەنی لەو رۆژگارەی کوردستاندا جێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوەیەکی تایبەت و سەرنجڕاکێشن. ئەوەش تەنیا لە ئاستی درووشمێکی رووتی سیاسی‌دا نەماوەتەوە و کرداری قازی لەم پێناوەدا خۆی دروستیی ئەم ئیدیعامان هەرچی زیاتر بۆ دەردەخا. دامەزراندنی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان، کردنەوەی قوتابخانەی کچان و ئازەری زمان، پەرەپێدان بە بوواری رۆژنامەگەری لە ئاستێکی بەرین و جەماوەریدا، هاندانی جەماوەر بۆ فێرکردنی هەرچی زیاتری زانست و خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی، فەزاخولقێنیی کەم وینە بۆ گەشەی فەرهەنگ و هونەری رەسەن، ناردنی بە دەیان لاوی کوردستان بە مەبەستی خویندن بۆ دەرەوە و بەستێن‌سازیی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دوور لە توندوتیژی و... لە کردەوە بەنرخەکانی پێشەوای کوردان لە چوارچێوەی حکوومەتی کۆماری کوردستاندا بوون. قازیی نەمر بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردستان و ئاگاداری لە فەرهەنگی جیهانیی سەردەم هەوڵێکی ماندوویی‌نەناسانەی لە پێناوی رزگاری و لە هەمان کاتدا ئازادیی وڵاتی کوردەواری‌دا و لەم پانتاییەدا جیهانیانە بیری دەکردەوە و نێوخۆییانە دەجووڵایەوە. رەنگە سەرەکی‌ترین ئیرادی راپەڕینە مەزنە مەدەنیانەکەی پێشەوا لەوە دابێ کە بۆچی وەک چۆن لە بوواری سیاسییەوە رەوتێکی هەرمانیی لێ کەوتەوە بەڵام لە بواری ئەندێشە و لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا بەم شێوەیە نەبوو بە رەوت. لام وایە قازی لەم بوارەشدا بێ‌بەرنامە نەبوو، و تەنانەت گەڵاڵەی درێژخایەنیشی هەبوو. کەچی بەداخەوە لەبەر چەندین هۆکاری تایبەت پێشەوا نەیتوانی هەندێک لە ئەندێشە و بەرنامەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری لە چوارچێوەی کۆماری کوردستان لەم قۆناغەی ئەو کاتەدا بخاتە بواری جێبەجێکردن و بەکردەوەیان دەربێنێ. کۆمەڵگەی کوردستانی ئەوکات زۆر سوننەتی بوو، و هەڵگری ئەندێشە و بەرنامە پێشڕەوەکانی پێشەوا نەبوو. جیا لەوە کاتی قازی محەمەد بۆ بە ئاکام گەیاندنی بەشێکی زۆر لە بەرنامە و ئەندێشەکانی یەکجار کەم بوو، و مەجالی پێویستی لەبەردەستدا نەبوو. لەبەر ئەو هۆکارانە و حەتمەن هۆکارگەلێکی دیکەش بەداخەوە پێشەوا بۆی نەلوا کە بەشێوەیەکی تەواو خۆی بە سەر کۆمەڵگەکەیدا تەکسیر بکاو بە سەر خەڵکی غەیری خۆیدا پەرە بستێنێ. ئەندێشە و رێبازی قازی محەمەد و ئەزموونی کۆماری کوردستان بە هۆی ئەوپەڕی مرۆڤانە بوونیەوە، هەرگیز لە سەردەمی خۆیدا نەمایەوە و بە شێوەیەکی سەرنج راکێشانە و بەرهەست بۆ هەمیشەی مێژوو و بە جاودانەیی مایەوە. وێدەچێ کە ئەگەر ئەمڕۆ پاش تەنانەت ٦٦ ساڵیش لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خوێندنەوەیەکی دووبارەمان لە پێشەوا و رێبازە پیرۆزەکەی و کۆمار هەبێ و پەی بە قووڵاییەکانی دەروونیی بەرین، لە جێدا چەندین هەنگاوی بەرەوپێش و کاریگەرمان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە رەوا و ئینسانییەکانماندا هەڵێنابێتەوە.